بەرهەمی سێیەم لە زنجیرە کتێبەکانی ڕێکخراوی ڕۆشنبیران و لاوانی تصوف




# ئافرەت لە ئیسلامدا
## سەربەستی یان کۆیلایەتی

نوسینی
خەدیجە نەبراوی

وەرگێڕان
هێمن قادر شاسواری



چاپی یەکەم

١٤٣٦ کۆچی - ٢٠١٥ زاینی

# سەربەستی یان کۆیلایەتی ئافرەت لە ئیسلامدا

نوسینی

خەدیجە نەبراوی

وەرگێڕانی

هێمن قادر شاسواری

یەکەم چاپ/ ٢٠١٥

بسم الله الرحمن الرحيم

,,ناسنامە،،

# ئافرەت لە ئیسلامدا سەربەستی یان کۆیلایەتی


نوسینی خەدیجە نەبروای

وەرگێڕانی هێمن قادر شاسواری

هەڵەچن سعدون محەمەدی

بەرگ هیوا تاوگۆزی

دیزاین محمد مەلا محمود

ساڵی چاپ ٢٧١٥ ک ـ ١٤٣٦ هـ ـ ٢٠١٥ز

نۆبەتی چاپ یەکەم

شوێنی چاپ سلێمانی ـ چاپخانەی شارستان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( )ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە

کتێبی چوارەم لە زنجیرە کتێبەکانی ڕێکخراوی ڕۆشنبیران ولاوانی تەسەوف

# Hپێشەکی وەرگێڕA

کێشەی ئافرەت لە جیهانی ئەمڕۆماندا یەکێکە لە دیارترین و ئاڵۆزترین ئەو بابەتانەی کە جێگەی مشتو مڕو تاوتوێی ناوەندە جۆراو جۆرەکانی ڕۆشنبیریو توێژینەوە و کۆنگرە جیهانییەکانی ئافرەت و چەندەها ڕێکخراوی ترن...

هەر کەس بەپێی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە گرنگە دواونو لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، هەرچەند زۆربەی جار ناگەنە ئەنجامو لەنیوەی ڕێگای ئەم کاروانە کۆتاییان بە ڕێڕەوی خۆیان دەهێننو ماندو دەبن، زۆربەشیان دەگەنە دەر ئەنجامێکی ڕوونو ئاشکرا، جا ئەوکات یان بڕوا دەهێننو ئەوەی کە پێی دەگەن ئەو ئامانجە بوو کە خۆیان چاوەڕوانیان دەکرد، یاخود دەگەن، بەڵام بەهۆی دڵ ڕەقیو کینە شاراوەکانی ناو دڵیانەوە بە بیانوی جۆراو جۆردان بەو ڕاستیەدا نانێن، چونکە بە وتەی ئەوان هێشتا دۆسیەی ئافرەت نەگەیشتوەتە جێگەی شیاوی خۆی، هەرچەند خۆیان باش ئەم ڕاستیە دەزانن بەڵام تا دێت ئەم بابەتە تەمو مژاوی دەکەنو لەبەر چاوانی خاوەن ویژدانی زیندوو لێڵی دەکەنو ئەم دۆزەیە دەشێوێنن.

ئەمڕۆ دەبینین یەکێك لەو دەرگایانەی هەمیشە ناحەزانو کینە لەدڵان دەیانەوێت لێیەوە بێنە ناو موسوڵمانانو لەورێگایانەوە کار بکەن بۆ ئەوەی خانمان لە خشتە بەرن، بە بیانوی ئەوەی دەیانەوێت مافەکانیان بۆ فەراهەم بکەنو بێن لەم کۆیلایەتییە رزگاریان بکەنو ئەو ئازادیەیان پێ ببەخشن کە خۆیان ناویان لێناوەو نەخشەیان بۆ کێشاوە.

هەر چەند ئەم لێكۆڵینەوەیە تاكە لێكۆڵینەوە نییە لەم بوارەداو چەندین لێكۆڵینەوەو توێژینەوەو نوسراو وكۆنگرەو كۆڕو كۆ بونەوە بەستراوە لەسەر ئەم بوارە، بەڵام پەرتوكی (ئافرەت لە ئیسلامدا سەربەستی یان كۆیلایەتی) كە لێكۆڵینەوەیەكی خاتون (خدیجە نەبراوییە) بە پوختیو كورتی ئەو باسانەی هێنابوو، پاڵ پشت بە چەندین بەڵگەی عەقڵیو نەقڵی، ماندوو بونێكی زۆری لەپێناو بەرهەم هێنانی ئەم لێكۆڵینەوەدا خەرج كردووە، منیش كاتێك خوێندمەوە بە باشمزانی ئەم لێكۆڵینەوە لە عەرەبییەوە بخرێتە سەر زمانی شیرینی كوردی.

وتەیەكی زۆر جوان هەیە دەڵێت: ئەگەر كەسێك لە ناخی خۆیدا بڕیاری نەدابوو كە ئیمان بهێنێت، پێغەمبەر (إبراهیمA) بهێنیت لە ناو گەرمترین ئاگردا رزگاری ببێتو نەسوتێت، پێغەمبەر (موساA) بهێنیت گۆچانەكەی بدات لە زەوی وئاوی بۆ دەر بهێنێت، پێغەمبەر (عیساA) بهێنیتە بەردەمو مردوی بۆ زیندو بكاتەوە، پێغەمبەر(محەمەدϑ) بهێنیتو مانگی بۆ بكات بە چەند بەشەوە، مادام لە ناخی خۆیدا بڕیاری نەدابێتو خۆی ئامادە نەكردبێت بۆ ئەوەی ئیمان بهێنێت ئەوە هەرگیز ئیمان ناهێنێت، بۆیە ئێمەش لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین هەركەس كە خۆی لەناخی خۆیدا بڕیاری نەدابێت ئیمان بهێنێت ئەوە هەرچی بەڵگەی دونیا هەیە بۆی بهێنیت هەر ئیمان ناهێنێت.

من بۆیە لە یەكەم هەنگاوی وەرگێڕانم لە بواری ئافرەت كردووە چونكە، دەمەوێت ئەوە بڵێم ئافرەت یەكەمین مامۆستای مرۆڤایەتییە، وئەوان هەوێنی ژیانن، هەربۆیە لێرەشدا دەمەوێت وەك پێزانینێك سوپاسی خۆم ئاراستەی تەواوی مامۆستا دڵسۆز و خەمخۆرەكانم بكەم، بە تایبەتی (دوو) مامۆستای ئافرەتكە هەولۆ ماندو بونێكی زۆریان داوە لەگەڵمدا:

یەکەمیان: دایکم (فاتمەی سستەر) کە هەر لە سەرەتاوە دەستگرو فێرکارم بووە وانە سەرەتاییەکانی ژیانی فێرکردووم و تاکو ئێستاش هاوکاریی بەردەوامی ژیانمە، ئێستاش لەسەر ئەو ڕێگایە دەڕۆم کە ئەو نەخشەی بۆ کێشاوم.

دووەمیان: مامۆستای زۆر بەڕێزو خۆشەویست (مامۆستا دڵخواز حمەامین عازەبانی) کە ئەویش لە قۆناغەکانی سەرەتاییمدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەبوو،بەهۆی تواناکانی ئەوەوە من پیتە سەرەتاییەکانی کوردی فێربوم، ئەوان وەك چرا دەسوتان و ڕێگایان بۆ ئێمە ڕۆشن کردەوە.

لە کۆتاییدا ئەم ووتەیە دەخەمە پێش چاوتان کە نوسەرێکی ئەسفەهانی دەڵێت: هەرکات کتێبێك دەنوسم پاش لەچاپ دانو بڵاو کردنەوەی بەخۆم دەڵێم: بریا فلاّن بابەتم لابردایەو.. ئەو بابەتەی ترم بۆ زیاد بکردایە... لەو کارەدا زیادە ڕۆیم کردوە... ئەوە جێگەیەکی باش نەبووە کە گوتوومە.

بۆیە ئەم بەرهەمەی منیش کە لە نۆبەرەی کارەکانمە بیٚ کەم وکورتی نییە، و هیوادارم بە چاوی ڕەخنە و زەڕەبینی سەرنجەوە لێی مەڕوانن، بەڵکو وەك کارێکی سەرەتایی و هیچیتر، کە بێگومان لەم ڕوانگەیەوە هەنگاوێکی باشم هەڵناوە و قۆناغێکی گرنگم بڕیوەو دوعای خێری زۆرم پێویستە.

هیوادارم توانیبێتم لەم کارەمدا خزمەتێکم بەو دۆزە گرنگە کردبێت و، مایەی ڕەزامەندی خودای پەروەردگاربێتو ببێتە هۆی لابردنی ئەو گومانانەی لەناو دڵەکاندا هەیە.

وەرگێڕ: هێمن قادر شاسواری

٢٠١٥/٤/١٠ هەینی

زەڕایەن

# Hپێشەکی نوسەرA

زۆر کۆبونەوەو، کۆنگرەو، کۆنفرانس، دەبەستڕێت و دروشمی جۆراو جۆری بریسکەدارو هەڵخەڵەتێنەر بەرزدەکرێتەوە لەسەر یەکسانی (ژن- پیاو).

پرسیارم لەخۆمکرد: خۆزگە بەڕونی بمزانیایە دەیانەوێت لەچی شتێکدا ژنان یەکسان بکەن لەگەڵ پیاواندا: ئایا تەنها لەمافەکان! یان لەماف و ئەرکەکانی سەرشانی پیاوانیشدا یەکسان بن؟

ئەم بانگەشانە منیان خستە شۆکەوە، ئەگەر پەردە لەسەر ئەم بابەتە لابدرێت و، خودا پێش چاوەکانیان ڕوناك بکاتەوە، ئەوە دەزانن کە ئافرەتان داوای شتانێك دەکەن کە لەسەریان زۆر گرانە و، بەشوێن قورساییەکانی ژیاندا ڕادەکەن، ئەوان بێ ئاگان لەوەی ئەگەر هەریەکێکیان ڕازی بێت بەو ئەرکە تایبەتەی کە بۆیان دیاری کراوە لەژیاندا باشترە، لەبەر ئەوەی زۆر سادەو ئاسانە، لەوەی ئەرکی پیاوانیش بخەنە سەرشانی خۆیان.

کاتێك کە ژیان بە پێوانە ڕاستییەکە بپێوین، هەموو کەس ڕۆڵی خۆ ببینێت لە شەریعەتی خوداو ڕێبازی مرۆڤایەتی، ئەوە هەموو کارێك ڕێکدەکەوێت وەك ئەوەی کە خودا ڕێکی خستووە، ئەگەر ئافرەت ڕازی بن بەو ڕۆڵە گرنگەیان، وەك چۆن خودا وێنای کردوە بۆیان، وە پەیڕەوی ئەو ڕێسا پیرۆزانەی پێغەمبەری ئازیز(ρ) بکەن، ئەوکاتە تێدەگەن و دەزانن ئیسلام چ مافێکی بۆ دیاری کردون هەتا ئێستاش تەواوی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان نەیان توانیوە بۆیان دەستەبەربکات، وە بەدرێژایی مێژوش ئەوان ناتوانن ئەو مافانە بدەن بە ئافرەتان.

ئەم دینە پیرۆزە چۆن ئافرەتی لە بەندی وکۆیلایەتی ئازادکردوەو، دەستی گرتوون بۆ پلە ڕوناکییە باڵاکان، ئەوکاتە تێدەگەن و دەزانن کە بۆیەکەمجار

تامی سەربەستی راستی بکەن، ئەو سەربەستیەش لەسەر پاڵ پشتیو کۆڵەکەی فەرمانی خودای پەروەردگار وەستاوە، لەکاتێکدا ئافرەتان بەدرێژایی چەرخەکانی پێشوو نالاندویەتی بەدەست سوکایەتی پێکردنو ڕوشاندنی کەسایەتیان، و دەربڕینی بۆچونی سەربەستانە لەسەر ئایندەی خۆی –جا کاروباری هاوسەرگیری بێت، یان جیابونەوە، یان هەرمافێکی تر...هتد- تەنانەت لە بەجێ هێنانی ئەرکی هاوسەری ئیسلام ئەوەی خستوەتە دەستی ئافرەتەکە: ئەگەر هاوسەری دەوڵەمەندبوو پێویستە لەسەر پیاوەکە خزمەتکارێکی بۆ بگرێتو خزمەتی بکات بەپێی تواناو ئەرکی خۆی، ئەگەر هەژاریشبوو توانای ئەوەی نەبوو، ئەوە وەك هاوکاریو چاکەیەك بکات لەڕووی هاوسەرەکەی –مێردەکەی- بکات ئەوە خودای پەروەردگار بە چاکە بۆی دەنوسێتو پاداشت دەدرێتەوە.

ئایا ئازادییەکی فراوانتر لەو ئازادیە سەرچاوەکانی لە شەریعەتی ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێت هەیە؟

ئایا ئەو یەکسانیەی کە ئافرەتان خەونی پێوە دەبینن زۆرترە لەو یەکسانییەی کە شەریعەت بۆی دیاری کردون؟

ئەگەر ئەو ئافرەتانەی بەڕاستیو بەویژدانەوە و بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانە بۆ مافی ئافرەتان دەبەستو هاوار دەکەن ئەوەی کە شەریعەت داویەتی بە ئافرەت دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەوکاتە ئەو بەختەوەریە یەکسانیەی باسی لێوە دەکەن لە شەریعەتدا بۆیان دابینکراوە، وە لەژێر سێبەری خۆشیو میهرەبانیدا دەژین، سێبەرێکە کە بنەماکەی جێگیرەو پلەکانی لە ئاسمانن، هەرکاتێك ویستیان لەبەرەکەی بخۆن بۆیان دێت، ئەوکاتە ئافرەتان خۆشیو بەختەرەوەی ژیان دەچێژن.

بەڵام ئەگەر ئەو هاوسەنگیە کە لەژیاندا هەیە ترازاو لەنگ بوو، هەریەك لە ئافرەتو پیاو ڕۆڵە ئیمانیەکەی لەبیر چویەوە، وەك ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامی بۆی دیاری کردوون، ئەوکاتە کاروبارەکان هەموو تێکەڵ بەیەك دەبن، بەها باڵا ئاسمانیەکان لەناو دەچن ، لەناو ئەم ژیانە پڕ بەرزیو نزمییە، هەموو بەیەکجار لەناو زریانی مادیەتدا نغرۆ دەبنو چنگی لە گەردنمان توند دەکات، ئەو هاوسەنگیە ڕۆحییە دەگۆڕێت بۆ حەزو چێژوەرگرتو تێرکردنی ئارەزووەکان لەژێر تراویلکە (سراب)ی هەڵخەڵەتێنەرەکاندا ڕوودەدەن، ئەمە ئەو پێشهاتانەیە بەهۆی ئەو بانگەشانەوە دێنە بەردەممان، ڕاگەیاندنەکان شتی زۆر سەیرمان پێ نیشان دەدەنو باسی لێوەدەکەن لە دونیای ئەمڕۆدا، بانگەشەی بەدەست هێنانی یەکسانی دەکەن لەنێوان مرۆڤدا: کاتێك باسی نەفەقە پیاوێك بیدات بە هاوسەرەکەی لەکاتێکدا لێی جیا دەبێتەوە... دادگا فەرمان دەکات بە نەفەقە کێشانی، کە دەکاتە هەزاران دۆلار لەمانگێکدا، لەبەر ئەوەی کە ئافرەتەکە دەوڵەمەند بووە.[1]

ئەمە لەکوێو ئەوەی ئیسلام لەکوێ کاتێك کەسایەتی ئافرەتی بەرێزەوە ڕاگرتوە، هەرچەند دەوڵەمەندبێت ئەوە پێویست دەکات لەسەرمێردەکەی کە نەفەقەی بکێشێت؟ ئایا ئەمە ئەو یەکسانیەیە کە ئافرەتانی موسوڵمان بەشوێنیدا وێڵن؟ ئەگەر ئەمەبێت ئەوە بێگومان ئەوانەی کە ئەمەی دەوێت چاوەکانیان نابینن، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ڕزگاربون مەگەر بە دەستگرتن بە شەریعەتی پیرۆزی خودای پەروەردگار، سونەتی پێغەمبەرکەی (ρ) بە ڕێنمونی کار ناردویەتی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی کە لە ستەمو

---

[1]- رساله من امریکا: مهاعبدالفتاح، لە ڕۆژنامەی هەواڵی ئەمڕۆ.

تاریکی مرۆڤ دەپەڕێنێتەوە بۆ ڕوناکیو سەربەستی، وە بەم پەیامە مرۆڤەکان دەپارێزێت لە خراپەو چاو چنۆکی ئارەزو و هۆکارەکانی.

من خۆم وەك نوێنەری ئافرەتانی داوێن پاکی، دینداری، بڕواداری موسوڵمان دێمە قسەو دەڵێم: ئەوپەڕی سوپاسو ستایش بۆ خودا کە شەرەف مەندی کردین بەم ئیسلامەو هیدایەتی داین، چاوەکانمانی کردەوە بە ڕوناکی ئیمان، لەشەریعەتدا مافەکانمانی دیاری کردوە، بە پەرژینێکی زۆر بەهێزو شکۆمەند دەمان پارێزێت، چونکە هێندە مافی پێداوین کە پیاوان ئێرەیی پێمان دێت، لەکاتێکدا بەتەواوەتی ماف و ئیلتیزامو کارەکانی پیاوەتی نازانن، ئەو ئەرکانەش ئەو پەیامەبوو کە ئاسمانەکانو ئەرزو شاخەکان نەیان توانی هەڵی بگرن.

لەسەر ئەو ئافرەتانەی وادەزانن بزوتنەوەکانی ئازادی ئافرەتان، بۆ بەدی هێنانی یەکسانی ژنو پیاوە، ڕونی بکەنەوەچی شتێك یەکسانبێت: بەو پیاوانەی کە خودا ناناسن، وە ناش زانن ئەو پەیامەی ئیسلامییە چی هێناوە؟ یان بە پیاوانێك کە بڕوایان هێناوە بەو پەیامەی کە خودا ناردویەتی، کە بڵاو بونەتەوە بەزەویدا بەماڵو گیانیان کۆشش دەکەنو هەوڵدەدەن، چەندین جۆر کاری مەترسی لە سەرشان دەگرنو کاری بۆدەکەن بۆ بەرز راگرتنی ڕاستیو یەکسانی هەموو ماناو شۆکەمەندییەکانی ژیان؟

ئەگەر یەکسانی وەك جۆری یەکەم بێت، ئەوە بڵێت: ئەگەر وەك جۆری یەکەم بێت ئەوە پێویستی سەرشانی ئەو پیاوانەیە یەکسانیان بکەیتەوە لەگەڵ ئافرەتانی موسوڵمان، وەبەتایبەتی ئەو جێگایانەی کە خودا بۆی دیاری کردوون. ئەگەر یەکسانی وەك جۆری دووەمبێت: ئەوە ئەو ئافرەتانە بابزانن کە شتانێك داوا دەکەن لەسەرو توانای خۆیاندایە... ئەوەش سۆزو میهرەبانی شەریعەتە، فەرمان بەشتێك ناکات لەسەرو توانای مرۆڤەوەبێت،

لەبەر ئەمەیە خودا سۆزی بەرامبەر بە ئافرەت نواندوە، ئەرکی بژێوی‌و پەیداکردنی رۆزی نەخستوەتە سەرشانی، یان تێکۆشان‌و جیهاد، یان نوێژی بەکۆمەڵ لەهەموو واجبەکاندا، بێ گومان ئەمانە لەسەرو توانای ئەوانەوەبوون، ئەنجام دانی ئەم کارانە لەتوانای ئەواندا نەبوو، لەگەڵ ئەو بارودۆخە تەندروستیەی کە بەردەوام بەسەر ئافرەتدا دێت.... بەڵام بۆ کارێکی تر هەڵی بژاردوە ئەویش گرنگی کەمتر نییە لەوانەی تر ئەویش ونیادنانی مرۆڤە لەڕوی مادی مەعنەوییەوە.

بەڵام یەکسانی لەڕوی مافی خوێندن‌و موڵکدارێتی، هەموو مافە مەدەنییەکانی تر، ئەو مافانەی لێ زەوت نەکردون‌و، بەڵکو زۆر هەلی بۆ ڕەخساندوون، هەندێ جار یەکسانن بە پیاوان و زۆر لەوکارانەی تر پیرۆزترە ئەویش کاری بەندایەتی پەرستشە، چونکە ئەمکارانە تیماری برینی ڕۆح‌و سەرکەوتنی سلوکی ئیمانییە، لەکاتێکدا یەکسانن لە پاداشت‌و سزادا: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أَوْأُنثى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُ مْأجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَاكَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾. النحل٩٧.

واتە[٢]: ئەوەی کارو کردەوەی چاکە بکات، پیاو بێ یان ئافرەت، وە ڕێبازی ئیمان بەرنەدا (لەهەر بارو دۆخێکدابێت) بەڕاستی بە ژیانێکی کامەران و ئاسودە دنیا دەباتە سەر، لە قیامەتیشدا بەجوانترین شێوە پاداشتی چاکترین کردەوەی باشی (ئەو جۆرە کەسانە) دەدەینەوە چاوپۆشی دەکەین لە هەڵەو گوناهیان.

سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە ئەم هەموو ڕێزو بەخشینانەی پێداوین، سوپاس بۆ ئەو خودایەی ئەم شەریعەتەی داناییەی ناردوە،

---

[٢] - بۆ تەفسیر کردنی ئایەتەکان سودمان لە (تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان) لە نوسینی (م.بورهان محەمەد ئەمین عبدول کەریم) وەرگرتووە.

ئافرەتی لە کۆیلایەتی دەر هێناو ئازادی کرد، لە کۆیلایەتی هەواو ئارەزوو ستەم ڕزگاری کرد لەو کۆتانەی کە بەتێپەڕ بونی ڕۆژگار خرابوە سەر ئافرەت.

کاتێك ئەم ئاوی سازگاری شەریعەتە هەڵدەقوڵێتو ناتوانن تینوێتی خۆیانیان پێ بشکێنن، وەداوای لێبوردنت لێدەکەم لەسەر ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن ڕەخنە لەئیسلام بگرن، و تۆمەتی بێ بنەما دەخنە پاڵی، سەبارەت بە جێگەو پێگەی ئافرەت، ئەوان نازانن کە پێغەمبەر (ρ) زۆر تێکۆشا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو جێگەو پێگەی کە ئافرەت هەیەتی لە کۆمەڵگادا، ئەوەی کە نەفامانو ستەمکاران خستبویانە ئەستۆی ئافرەتان لەناوی برد، هەتا کۆتایی تەمەنی پیرۆزی ئەو جیهادەی بەردەوام بوو، هەتا لە دواساتەکانی تەمەنی پیرۆزیدا داوای دەکرد کە چاکبن لەگەڵ ئافرەتدا، تەنانەت لە ناسکترین ساتەکانی تێپەڕبونی مرۆڤ پێیدا کە مردنە هەر ئەو وەسیەتەی دەفەرموو.

سەلامت لەسەر بێت ئەی پێغەمبەری خودا (ρ)، خودا ڕێزی لێناین کاتێك تۆی بەو پەیامە پیرۆزەوە بۆناردین.. من ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بەڕۆحی پاکی تۆی دەکەم، بۆ سڕینەوەی پوچگەری، و دەرکەوتنی ئەو ڕاستیەی کە تۆ وەك هەموو پێغەمبەرە خاوەن پلەو پایە گەورەکان تۆش بەو پەڕی تواناتەوە هەوڵی بەدی هێنانت دا.

خودایە لێمان وەربگرەو بیکە بە هەنگاوێکی ڕاست بۆ سەر ڕێگەی ڕەوانو چاکەو ڕوناکی.

﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ﴾فاطر١٠.

واتە: گوفتاری چاكو جوانو بەجێ بۆ لای ئەو بەرز دەبێتەوە.

# بەشی یەکەم

## ڕۆڵی ئیسلام لە ئازاد کردنی ئافرەتدا

**ئەم بەشە لە چەند باسێك پێکهاتووە وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەین**

## باسی یەکەم

## پێگەی ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا

ئەم لێکۆڵینەوە بەوپەڕی شانازییەوە پێشکەش دەکەم، جێگەی شانازیمانە خۆمان بە شوێن کەوتەی شەریعەتێتێکی بەرزو پیرۆز دەزانین: ﴿ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَايَعْلَمُونَ﴾الروم٣٠.

واتە: هەر ئەوەشە دینو ئاینی پتەو هەرچەند زۆربەی خەڵکی شارەزا نین لەم راستییانە.

وەدووەم شانازیمان ئازادکردنی مرۆڤایەتییە لە کۆیلایەتی و پەرستشی ڕێچکانو کەسانی تر، پاکو بێگەردی بۆ نورێك شکۆمەندی هەمیشەیی پێبەخشین:

﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَايَعْلَمُونَ﴾. المنافقون٨ .واتە: عیزەتو دەسەڵاتو سەربەزیی هەر شایستەی خوداو پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە.

شانازی سێهەممان چینی ئافرەتانی ئازادکردوە لە کۆتی و ستەمو جەورو سوکایەتییە، بەدرێژای چەندین سەدە لەسەر ئافرەتان دایان نابوو، هەتا ئافرەتیان والێکردبوو لەهەموو دیمەنەکاندا ببێت بە کاڵای سوکایەتی پێکردن.

﴿وَإِذَا بُشِّرَ أحَدُهُمْ بالأُنثى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ  مَا بُشِّرَبِهِ أيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ألاَ سَاء مَايَحْكُمُونَ﴾. النحل٥٨- ٥٩.

واته: ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێك (لەو نەفامانە) رووی گرژو تاڵ دەبێت و رەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەمو پەژارە، لەداخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە، خۆی دەدزێتەوە لەخەڵکی و بەتەنها (بیر دەکاتەوە) ئایا (زیندەبەچاڵی بکاو) بیخاتە توێی خاکەوە، ئای چەند بڕیارێکی ناڕێكو ستەمکارانەیە!!.

هەتا ئێستاش لەقوڵایی ناخم هەست بە زەنگی ئازادی دەکەم، لەگەڵ ئایەتەپیرۆزەکانی سروش دا بانگ دەدات بە گوێی مرۆڤایەتیدا، بە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنێك کە نێرو مێ تێکڕا ئازادن لە هەموو کۆتێکی کۆیلایەتی، و دەستی هەردولادەگرێتو ڕێنمویان دەکات بۆ شەریعەتێکی گونجاو بەپڕ بەمانای بۆ ئازادیو دادپەروەریو یەکسانی جیل بەجیل ئەم دەنگە دووبارە دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆنە سەرنج ڕاکێشەکەی خاوەن ژیرییەکان مەست دەکاتو ڕایان دەکێشێت بۆ بەشداری کردن تێیدا، هەتا کۆسپو تەگەرەکانی سەر ڕێگەیان زیاد بکات ئەم زیاتر ڕوناکی دەبەخشێتو ڕێگا ڕونتر دەکاتەوە.

﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أوْأُنثى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُ مْأجْرَهُم بِأحْسَنِ مَاكَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾. النحل٩٧.

ئەگەر گوفتو گۆی زبروتەنز ئامێز زیاتر توندبێت، لەسەر جێگەو پێگەی ئافرەت لەسەردەمی نوێدا، ئەوە بێگومان دەگەڕینەوە بۆ ئەو ناتەواوییەی بەهۆی نەزانی خەڵکەوە توشی ناجێگیری بووە (بەتایبەت ئافرەتان) دەیخەنە ئەستۆی شەریعەتی ئیسلامی، راستیان کردوە کاتێك وتوویانە:

نعيب زماننا والعيب فينا **** وما لزماننا عيب سوانا[٣]

ئەگەر چاو دڵی ئافرەتان بەڕوناکی ئیسلام بگەشێتەوە، لە سەرچاوە سازگارەکانی شەریعەت خۆیان تێر زانیاری بکەن، وەك چۆن ئافرەتانی پێشووی سەردەمی دابەزینی وەحی خۆیان تێر زانیاری کردبوو، ئەم وتوێژو موناقەشە توندە لەسەر مافی ئافرەتان دروست نەدەبوو، بەناوی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، خۆزگە ئافرەتان جێگە ڕاستیەکەی خۆیانیان لە ژیاندا دەزانی:

⋆ ئەوەندە بەس دە بوو کە شانازی بکات کاتێك ئادەم (A) بەتەنهابوو، هیچ هەستێکی بۆ ژیان نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە لەناو بەهەشتدا بوو، چێژی زۆری وەردەگرت لە نزیکی لەخودای پەروەردگارەوە، بەڵام زۆر تامەزرۆی هاودەمی ئافرەت هەبوو لەڕوی رۆحییەوە، بۆبەشداری کردنی لەهەموو کایەکانی ژیاندا.

⋆ ئەوە بەسدەبوو بۆ ئەو ئافرەتانە جێگە دەستیان دیارە لە بەردەوامی‌و درێژە پێدانی کەشتی ژیان، ئەگەر ئافرەت نەبوایە ژیان ئاوەدان نەدەکرایەوە، ئەم زۆربون‌و فراوان بونەی مرۆڤایەتی بەو شێوەیە سەرسامییە بەربڵاو نەدەبوو، شارستانیەتە جۆراو جۆرەکان بونیان نەبووە، بۆیە خودای پەروەردگار ئەو شەرەفە گەورەیەی دا بەئافرەت شان بەشانی ئادەم بۆ دروست بونیان.

⋆ ئەوە بەسدەبوو کاتێك خودای پەروەردگار یەکێك لە پێغەمبەرەکانی (پێغەمبەر عیسی کوڕی مریم X)ی بەبێ باوك هێناوەتە ژیانەوە، خودا هەڵی بژاردوە و پاك ڕایگرتوە، وە ئەو ئافرەتشی کردوە بە سەرداری ئافرەتانی هەردوو دنیادا، پلەو پایەی لەزۆر گەورەپیاوان بەرزترە، هەتا هەندێك لەو پیاوانە بە پیرۆزیان داناوە، هێندە پلەو پایەیان بەرزکردوەتەوە هەتا بگاتە ئاستی هاوەڵ دادان بۆ پەروەردگار.

---

[٣] - واتە لەنگی لە چەرخ دەگرین کەچی نەنگییەکە لە خۆمانە،،، ئەم چەرخە جگە لەخۆمان هیچ لەنگییەکی تیانییە.

⋆ ئەوە بەس دە بوو شانازی بکەن بە (حج)ەوە پێنجەم پایەی ئیسلامە، هەرکەسێك بەڕێکیو بە ئیمانەوە ئەنجامی بداتو مافەکانی بپارێزێت دەڕواتە بەهەشت، قورسترینو ناڕەحەترین پەرستشە، وایکردوە پیاوان بکەونە شوێن شوێن پێی ئافرەتێك، خودا زۆر باشی ناسیوەو کردویەتی بە خێزانی خەلیل و الله پێغەمبەر ابراهیم (A).

خودا منداڵێکی ڕاستگۆو خاوەن پەیمانی ڕاستی پێبەخشیون، لە نەوەی ئەم خودا پێغەمبەر (ρ)ی هەڵبژاردوە.... ئەویش خاتو هاجەرە کاتێك لە نێوان سەفاو مەروەدا زۆر بە وردیو بەتامەزرۆوە بەشوێن دڵۆپێك ئاودا دەگەڕا بۆ ئازادکردنی ژیانی کوڕەکەی، تێدەکۆشا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودای پەروەردگار بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەویو گەشە پێدانی، ئەگەرچی سەرەتاکەشی لە نەبوونەوە هاتبوو، ئەم خانمە بەتەنها لە مەیدانی تێکۆشاندابوو، بو بە نمونەیەکی باڵا بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەتایبەتی ئافرەتان، بۆ ئەوەی ببن بە سەرمەشق بۆ هەموو گەلان لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیان بەبێ جیاوازی لەنێوان ژنو پیاودا.

⋆ ئەوەندە بەس دە بوو بۆ ئافرەتان کە شەریعەتی ئیسلامی کۆمەڵە مافێکی بۆدیاری کردوون، هێندە بەرزن سەریان لە هەروەکان توند دەبێت، تامی خۆشی سەربەستی دەچێژن، هەر ئەم چێژەشە وایکردوە کە خەڵکی پۆل پۆڵ دێنە ناو دینی خودای پەروەردگارەوە... دواجار ئیسلام بەزۆربەی ناوچەکانی دنیادا بڵاو بوەتەوە، وە یاساکانی لەزۆر جێگەدا بوە بە مایەی تێڕمانو وەرگرتنی، بوە بە پشتیوان بۆ دەستەبەرکردنی زۆر مافیان، ئەو مافانەی بەهۆی سەردەمی ناوەڕاستو تاریکیو جەورو ستەم لێیان زەوتکرابوو ڕێزو کەسایەتییانی بۆ گەڕاندنەوە، ئێستا دوژمنانی ئیسلام زۆر تانەو تەشەر دەدەن لە موسوڵمان بەهۆی لاواز بونی موسوڵمانانەوەو مێشکیانیان پڕکردوە، گومانی خستوەتە

بیریانەوە، لەسەر مانای دینە پیرزەکەیان، دەڵێت: ئیسلام ئافرەتی لەجێگەی بێڕێزیو سوکایەتی پێکردن داناوە.

﴿كَبُرَتْ كَلِمَةً تخرُجُ مِنْ أ فْوَاهِهِمْ إِن يَقُولُونَ إِلَّاكَذِباً﴾. الكهف٥.

واتە: (لەڕاستیدا ئەو بوختانەیە) قسەیەکی زۆر گەورەو ناڕێکە کە لە دەمیان دەردەچێت، ئەوانە جگە لە درۆو گوفتاری نابەجێ (هیچی تر نازانن).

ئەوان بوختان بەدەم خوداوە دەکەن؟ لەسەر ئەم بوختانەش بەهۆی نەشارەزایی موسوڵمانان لەدینەکەیان هانیان دەدان بەتایبەتی ئافرەت؟ ئەگەر ئافرەتان بە تەواوی شارەزای دینەکەیان بونایە، وەك شاخ توند لەبەردەم ئەم شەپۆلی درۆو فریودانانە ڕادەوەستان، بەرپەرچی شارستانییەتی ڕۆژئاوای نویێ دەبونەوە بەهۆی ئەو هەمو پوختانانەیانەوە، ئەگەر بیانزانیانە کە خودای پەوەردگار بەو دینەی چەند بەڕێزو شکۆمەندی ڕایگرتوون، پێغەمبەرێکی دەستپاکی بۆ ناردوونو ئازادی کردوون لە هەموو کۆیلایەتی سەردەمی تاریکی نەفامی، هەموو تەمەنیان سوجدەی شوکرانە بژێریان بۆخودای خۆیان دەبرد، وەك فریشتەکان هەمیشە لە تەسبیحاتو یادی خودا ڕادەوەستان، بەردەوام بەشێوەیەك یادی خودایان دەکرد کە شایستەی ئەو هەموو نیعمەتانەبێت پێی بەخشیون: پاکو بێگەردی بۆت وەك پێویست نەمان ناسیت، پاکو بێگەردی بۆت وەك پێویست بەندایەتیمان بۆنەکردوە.

بەڵام دەزانین چۆن ئیسلام ئافرەتی ئازادکردوەو هەموو ماناکانی ئازادی پێداوە، پێویستە تیشکێك بخەینە سەر ئافرەتان لەپێش هاتنی ئیسلام، وە بزانین شەریعەتی ئیسلام چۆن باسی ئازادی ئافرەت دەکات لە لەدایك بونیەوە، خۆشیو شادی دەخاتە دڵی کەسە نزیکەکانی ئەم منداڵەوە، هەرچەند پێشتر توشی بێ ئومێدیو هیوا بڕان بوبن، دوو ئەوەندە پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە کە سەرپەرشتیو پەروەردەیەکی پەسەندی مێینە دەکەن، بۆیە

لەسەرەتای تەمەنیدا تایبەتمەندییەکی شایستەی بۆ داناوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هاوسەنگی مرۆڤایەتی بکات لەبەرامبەر لە دایك بونی نێرینە.

وەك لە منداڵیدا ئازادی کردوە لەهەمان کاتدا لە گەنجێتیشدا ئەو ئازادیەی بۆ فەراهەم هێناوە، ئازادی کردوە لە فێربون‌و زانیاری، ئازادی دەربڕین، هەڵبژاردنی هاوسەری، وە ئازادیشە لە دیاری کردنی ئایندەی بە جیابونەوە لەمێردەکەی یان مانەوە لەگەڵیدا، وە ئازادی کردوە لە موڵکدارێتی تایبەتی خۆی، تەنانەت ئازادی کردوە لە هاوکاری کردنی مێردەکەی، و پەرستشەکانی‌و بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، وە ئازادیشە لە ڕێکخستن‌و دیاری کردنی منداڵ بوون و بەخێو کردنی منداڵ، وە شوێن‌و پێگەی وەك دایك دیاری کردوە پلەو پایەی لە باوك بەرزترە لەپاداشتدا.

ئایا لەو ئازادییەی کە باسی دەکەن دورتر نییە؟ دورتر نییە لەو شوێنەی کە ئافرەتان خۆیان دیاری دەکەن ئێستا؟ بێگومان ئەم جێگەیەیە کە پیاوان زۆر ئێرەی پێدەبەن.

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر گرنگی ئافرەت لە شەریعەتدا، بەشێکی تایبەت تەرخان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و بەپشت بەستن بە بۆچونەکانی پێشەوای پایەبەرز (سەعید نورسی) سەبارەت بە ئافرەت دەخەینە ڕو، ئەو باسی ئافرەت دەکات چەند گرنگە لەژیاندا، وە چۆن خودای پەروەردگار خۆشی ویستوەو چەندین پلەو پایەی لە ژیاندا پێداوە، لە پەیامە بڵندەکەیدا زۆر جێگەو پێگەی بەرزی بۆ ڕەخساندوە و شوێنی تایبەتی بۆ دیاری کردوە.... دوای ئەو بۆچونانەی سەبارەت بە ئافرەت کەلەقورئاندا هاتوە ئینجا هەندێك بۆچونی تایبەتی خۆی بە ئافرەت دەنوسین، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کردویانەتە جێگەی ڕەخنەگرتن لە شەریعەتی ئیسلام، لەکاتێکدا لەم بابەتانەدا حیکمەتی باڵای ئیسلام دەبینین لەپشت هەریەکە لەو گومانانەی خستویانەتە بەردەم ئەو حوکمانەی سەبارەت بە ئافرەتانە، بۆیە ئەم یاسایانە

دانراون ویستی خودای پەروەردگار ئەوەیە کە بیان پارێزێتو پەرژینێکیان بۆ دابنێت کە لەگەڵ سروشتی خۆیاندا بگونجێت، بۆیە پێویستیان بە پارێزگاری لێکردنو سۆزهەیە لەو مەترسیانەی کە لەچواردەوریاندایە.

خودای پەروەردگار دادپەروەری داناوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ڕاستی ژیان بەڕێکی بڕواتو بەرزو نزمی تێنەکەوێت بەشێوەیەك ئەم دادپەروەرییەی داناوە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بگونجێت، چونکە هەرچی چاکە ئەوەی داناوە بۆپیادەکردنی لەلایەن مرۆڤەوە ئەو شارەزایە بە ویستەکانی مرۆڤ، هەموو گۆڕانکارییەکانی ئاسمانو زەوی بەدەستی خودای پەروەردگارە.

ئەگەر بەدڵێکی دوور لەئارەزوو ویستەمەنییەکانەوە و بە ژیرییەکی خاوێن لە دەمارگیری تەماشای بکەین، دەگەینە متمانەیەکی تەواو بەوەی کە ئیسلام ئافرەتی چەند ئازادکردوە لەو کۆسپو تەگەرانەی لەژیاندا دێنە ڕێگەیان، بەشێوەیەك کە هەموو کارەکانی لەجێگەو بەشی خۆی دیاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی هەستانەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەڕوی پێشکەوتنو بەرەو پێش چونێك، لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام، بەشێوەیەك ئەم بەشەی خۆی دەبینێت ئافرەت لەوەتەی هەبووەو هەیەو دەبێت هاوبەشی پیاوان بووە، پایەیەکی بنەڕەتیی هاوکاری پیاوانە بۆ بەرپەرچ دانەوەی کۆسپەکانی ژیان، هەردوو لا بەبڵاو کردنەوەی چاکەو ڕاستیو داد پەروەری لە جیهاندا هەوڵدەدەن.... چۆن نا؟ لەئامێزی ئەودا چەندین چین هاتوەتە دنیاوەوو پەروەردەبوونو هەتا گەیشتونەتە گەنجێتی و هاوکارێکی باشیان بوە بۆ ڕوبەڕو بونەوەی هێزی ستەمکارو خراپەکاران.

پێویستە ئافرەت ئەوە بزانێك ئیسلام بۆیە بەتەواوەتی ئازادی کردوون بۆ بەرهەم هێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی پەیامە ئاسمانییەکە بکەون، ئەو ئەمانەتەی لەگەردنیایاندایە بەجێی خۆی بگەیەنن، ببێتە پارێزگارێك بۆ موسوڵمانان، کاتێك نەوەیەکی ئازادت بەرهەم هێنا

شایستە بێت بە گەورەیی‌و ڕێزی ئەم ئاینە، ئەوکات ئەم پەیامە دەبێتە مەنهەجیان لە ژیاندا، بۆیە ئەوەی پێویستە لەسەر ئافرەتان بەتوندی دەستبگرن بەم ئاینەوەو پیادەی بکەن، ژیانی خۆ بڕازنێنینەوە بە فێربونی زانستە ئیسلامییەکان، خۆتان لەسەر ژیانێکی ئیمانی ڕابهێنین، بەشداری ڕاپەڕینی ئومەتەکەمان بکەین، هەریەکێك لەلایەن خۆیەوە بەپێی توانای خۆی چۆنی بۆ دەکرێت‌و دەگونجێت هەوڵبدات‌و تێبگۆشێت بۆ سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە ئیمانییە لەهەر جێگەیەك پێویست بێت دەستبەکاربکات‌و هەوڵبدات، خۆ دوور بگرن لە هەندێك مشتومڕی بچوك ئامانجی گەورەیان لەبیر نەباتەوە وەك بپرسن: ئایا دروستە ئافرەت لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی کاربکات یان نا؟ ئەم مشتومڕە نەزۆکانە ئەنجامێکی ڕوونی نییە، چونکە ئیسلام دینی کارکردن‌و تێکۆشانە هەتا دوا ساتی ژیان، تەنانەت ئەگەر هەستانی ڕۆژی دوایی بوو یەکێك لەئێمە نەمامێکی بەدەستەوەبوو پێویستە بی چێنێت بەفەرمانی پێغەمبەری خودا (ρ) لەئیسلامدا شوێنێك نییە بۆ کەسانێك کار ناکات‌و بەتەمەڵییەوە خوی گرتوە.

بەڵام ئەو جۆرە کارە چییە پێویستە لەسەر ئافرەت بیکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە جێگەی گفتو گۆی زۆرە، بۆ ئەوەی کە زەمانەتێکی تەواو دەستەبەربکەین و ئافرەت بپارێزرێت لەکاتی کارکردندا، لەجێگەی گونجاو بۆی، بۆ ئەوەی ئەم کارە نەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆسپ بخاتە بەردەم کارێکی لەو پیرۆزترو گرنگتر، ئەویش گۆڕەپانی دایکایەتییە.

## باسی دووەم

## دەرکەوتنی ئازادی ئافرەتـان لەگەڵ هاتنی بەرەبەیانی ئیسلام

هەرچەند ئەم ناونیشانە وا دەردەکەوێت کە لەگەڵ هاتنی ئیسلام تەنها ئافرەتانی ئازادکرد، نەخێر، بەڵکو مرۆڤایەتی تێکڕایی ئازادکرد لەپەرستن و کۆیلایەتی ویستەمەنی و ئارەزووەکان و ململانێی نەفامی و چاوچنۆکییەکان. بەڵام بۆیە ئەم ناونیشانەم نوسی لەبەر  قسەکردن لەسەر بەشێکی، بۆیە سەرنجمدایە ئەم بابەتە بۆ ئەوەی بینیمان هەموو مرۆڤایەتی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، گەشتنە ئەوەی کە جیاوازی بخەنە نێوان نێرو مێ (کوڕ+ کچ)، هیچمان نەدەبینی جگە لەگەڕانەویان بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، هەتا خودای پەروەردگار بە ڕوناکی ئیسلام چاوی ڕونکردینەوە، پەیامبەرێکی نارد بۆ ئەوەی بیرەکان ئازادبکات لەو کۆیلایەتییەی کە نەفامان و نەزانان کۆتیان کردبوو، ئەوپەردەی دابویان بەسەر چاوەکاندا خەریك بوو بەیەکجاری بینینی چاوەکان کوێربکات و قاچەکان بەرەو جێگەی مەترسیدارتر ببات هەموو میللەت و گەلان بەرەو گومڕابوون بردبوو لایبردو پەردەی دادی لەجێگەیان دانا.

لەپێناو هێنانە دی هاوسەنگی لەژیاندا: خودای پەروەردگار ئافرەتانی منەتبارکردوە بە ناردنی شەریعەتی ئیسلامی، بەخەبەرهێنانەوەی تێکڕای مرۆڤایەتی لەخەونی بێئاگاو غەفڵەت، بە دەنگی زەنگی سەربەتی چێژبەخش و نەسیمە دڵ ڕفێنەکانی دەرون، وە بۆ بەئاگاهاتنیان لە دیاری کردنی ئەوڕێگەیەی کە پێیدا دەڕۆن بۆ هەڵگرتنی هەنگاوێکی دروست لە ژیانیاندا، بۆ ئەوەی ڕێنمونیان بکات بۆ دروستکردنی ژیانێکی شایستە لەسەر بنەمای یاساو ڕێسایەکی چەسپاوو دروست، بۆ ئەوەی لەگەڵ تەیارە دژوارە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکدادان ڕونەدات. چونکە شەریعەتی ئیسلامی

ئافرەتی ئازاد كردوە وەك پایەیەكی بنەڕەتی دایناوە كە خێزان و كۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە.

بۆیە دەبینین ئیسلام هەنگاوی تایبەتی ناوە بۆ ئازادی ئافرەت، لەهەموو جۆرەكانی كۆتو بەندو بەكۆیلایەتی، لەبەر ئەوەی ئیسلام ئافرەت بە بەرهەم هێنانی نەوەی ئایندە داناوە، بۆیە پێویستە ماموستای نەوەی ئایندە ئازادبێت، بۆ ئەوەی نەوەیەكی ئازادو چاوكراوە بەرهەم بهێنیت، فێریان بكات كە چۆن بكەونە شوێن پەیامی محمدیو بەزەویدا ئەم پەیامە بلاو بكەنەوە، چونكە مرۆڤایەتی زۆر پێویستی بەم پەیامەهەیە، بۆ ئەوەی لە تاریكی و ناڕەحەتییەكان ڕزگاری بێت، بەرەو كەناری ئارامیو دڵنیای و ئاسودەیی بیبات.

بۆ ئەوەی هەمووان بزانن: ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت ناوە پلەو پایەی هێندە بڵندو بەرز ڕاگرتووە هەرگیز بە خەونیش لە سەدەكانی ڕابردو دا ئەو پلەو پایەیان نەدیبو، هێنانەوەی هەندیك دەق وەك بەڵگە بۆ كەم كردنەوەی ئەوەی ئەو شوێنەی ئیسلام دایناوە بۆ ئافرەت كەمی بكەنەوەو دەقەكە تێكبدە بەشتانێكی بێ بەها دایبنێن، ئەوە بێویژدانی و ناداد پەروەرییە بەرامبەر شەریعەت، چونكە ئەو هەوڵو تێكۆشانەی كە پێغەمبەرمان(ρ) داویەتی بۆ پاراستنو ڕاپەڕاندنی ئافرەتان لەو كۆتو بەندانەی خستبویانە سەر ئافرەتو بۆ ئەوەی بەشداری بكەن لە دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی دادپەروەری گەشەپێدانی، یەكەمین دەركەوتنی ئەم كۆمەڵگایەش ئافرەت بەشداردەبێت تێیدا برتییە لە: دروستكردنی خێزانێكی موسوڵمانی بەهێزە، لەپێناو بەشداری كردنێكی كاریگەرو ئەكتیف لەژیاندا.

⭑ ئەگەر ئافرەتان دەتانەوێت ئازادییەكی ڕاستی بەهەرم بهێنن: ئەوە پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

⋆ ئەگەر دەتانەوێت بەرزببنەوە بۆ ناسکیو چاکەو جوانییە تایبەتیەکانی بەخۆتان: پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

⋆ ئەگەر دەتانەوێت لەسەر پێوانەی دادپەروەری مافیی خۆتان دەست کەوێت: پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

⋆ ئەگەر پێشەنگێکتان دەوێت بۆ ڕێنومایی کردنی هەنگاوەکانتان، بەشێوەیەك شایستەبێت و بگونجێت لەگەڵ سروشتی مێینەییتاندا: پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

⋆ ئەگەر دەتانەوێت قەڵایەکتان هەبێت بۆ پارێزگاری لێکردنتان لە تەوژمی ویستەمەنییەکانو ئارەزووەکانی مرۆڤ: پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

⋆ئەگەر چاکەی دنیاو پاشە ڕۆژتان دەوێت: پێویستە دەستبگرن بە ئیسلامەوە.

ئەگەر یەکێك گومانی هەیە لەسەر ڕاستی وتەکانم: ئەوە لەسۆنگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگاتە ئەو بڕوایەی ئیسلام چەند گرنگی داوە بە ئافرەتو لەجێگەیەکی باڵا پلەو پایەی بەرز دیاری کردووە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەستی دەگرێتو ئازادی دەکات لە هەموو کۆتەکانی کۆیلایەتی، شەریعەتی ئیسلامی زۆر ئارەزومەندی گەشە پێدانی موسوڵمانانو ڕێزگرتنو بەرزکردنەوەی، بەهۆی ئەوەی دایك قوتابخانەیەکە کە خودای شارەزاو حەکیم ڕەخساندویەتی، بۆ ئەوەی گەلێکی پەسەندو پڕ لە بەهای باڵا بچێنێت، بەشێوەیەك جەستەیان لە سەر زەوی بن وە ڕۆحەکانیان بفڕن بەرەو هەورەکانی ئاسمان، ئافرەتی بەپێشەنگی ئەم کاروانە داناوە.

## شوێنی ئافرەت پێش هاتنی ئاینی ئیسلام:

لای هیچ مرۆڤێکی ژیرو خاوەن ویژدان ئەوە پەنهان نییە ئافرەت لە پێش ئیسلام لە چی جێگەیەکی نزمدابون‌وبەچی شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرا هەتا ئەم سوکایەتی پێکردنە بویە دابونەریت‌و پشتیوانی زۆری لێکرا و بو بە دەستور، ستەملێکردن‌و چەوسانەوە بو بەبەشی ئافرەتان، هێندە نارەحەتیان کردبوون خەریك بوو لەپێستی خۆیاندا هەڵدەهاتن.

زۆر توێژەر لەسەر ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی کردوە هەرکەس بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە.

ئێمە لێرەدا تەنها چەند نمویەیەك بە خێرایی باس دەکەین لەسەر ئەو بابەتە، تەنها لەبەر گەشتنی پەیامەکەمان‌و ڕونکردنەوەی پێگەی ئافرەت لەو سەردەمەداو بەراروردی بەو مافانەی دوای هاتنی ئیسلام بۆی دیاری کراوەو ئازادی کردوە لەو کۆتو بەندانەی دەستیان کە بەرەو جێگەو پلەکانی ڕێزو شکۆ دەستی گرتوەو بەرزی کردوەتەوە بۆ ئەو جێگەی کە شایستەیەتی لە دروستکردن‌و پاراست‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

هەندێك کتێبی ڤین لەدڵەکان ئیسلام بەوە تاوان بار دەکەن لە کەمتەرخەم بووە دەرحەق بە مافی ئافرەت، ئەم قسە بێ بنەمایەش تەنها بەڵگەیە لەسەر: یان بەهۆی بێ ئاگایی زۆریانەوەیە لەئیسلام، یان شارەزان بەڵام کینێکی شاراوە لەدڵیاندا هەیە بەرامبەر بەم دینەی تێکڕای مرۆڤایەتی ئازادکردوە، وە چاوەکانی ڕوناك کردوەتەوە بە ڕێبازو زانیاری ئەو شتانەی کە بە خەیاڵی هەریەکێکدا دێتەوە ئەنجامی بدات‌و پێی بگات، لەسەرەتای دەرکەوتنی فتوحاتی ئیسلامیدا دەستی پێکردوو هەتا وایلێهات ببێتە دڵێك‌و لەناو هەموو گەلاندا بکەوێتە کارو لێدان دوبارە هەڵیانسێنێتەوە، وزەیەکی بەهێز پاڵی بەو توانایانەوە ناو بوە هۆی

گەشەپێدانیو دەرکەوتنی نهێنییەکانی خودای پەروەردگار لە سەر بونەوەران.

ئەگەر ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانە لەئیسلام هەمووی نەشارەزابێت لەدین، پشتیوان بەخودا ئێمە لە ئایندەدا ئەو شتانەی بەنەزانین و لێتێنەگەیشتن کراوە ڕونی دەکەینەوە، ئەو ڕێگەی گرتومانەتە بەر بەردەوام دەبین لەڕۆشتن لەسەر بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەی لەبەردەمماندایە بۆ گەیاندنو ڕێنمونی کەسانی تر لەگەیشتن بە حەقیقەتو باوەڕ.

بەڵام ئەگەر ئەو تۆمەتانە ڕقو کینی دڵەکان بێت بەرامبەر بە ئیسلام، ئەوە ئێمە هیچمان پێناکرێت کە تێیان بگەیەنین، چونکە ئەوشتانەی سەرەتا بە دەم ڕقەکەیان دەربڕیوەو ئەوەی رقە شاراوەکەیان لەدڵەکانیاندا زۆر لەوە گەورەترە، بەهیچ شێوەیەك لێمان رازی نابنو ناگەنە یەقین هەتا نەکەوینە شوێن ئاینی ئەوان، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا نەکەوینە ناو ئەو بەهەڵەدا ڕۆیشتنو بەدبەختییەوە، هەموشی لە ئەنجامی دووری لە خوداو پەیامی نێرراوەکەی پێغەمبەر (ρ) خودای پەروەردگار ناردویەتی بۆ ڕێنمونی کردنی مرۆڤەکان بۆ سەر ڕێگەی هیدایەتو دروستو ڕوناکی خودای پەروەردگار.

پێکەوە تماشایەکی حاڵی موسوڵمان لەپێش هاتنی ئیسلام خودای پەروەردگار چۆن منەتباری کردوین لەسەر ئەوەی دژی ئەم شتانە وەستایەوەو ئەوەی ئەم شتانەی تیایە ئەو دژەکەی کرد بە بەربنامە، وە پێغەمبەرەکەی (ρ) چۆن تێکۆشا بۆ بەرز ڕاگرتنی پلەو پایەی مرۆڤایەتی بەگشتیو ئافرەت بەتایبەتی:

دائیرەی مەعارفی بەریتانی دەڵێت:حاڵی ئافرەت لە (ئەسینا) ڕوخابوو بە پلەیەك وایلێهاتبوو ئافرەت جگە لەوەی تەنها منداڵ بۆگەورەکەی بەرهەم

دێنێت‌و هیچ پێگەیەکی تری نەبوو، لەماڵەکانیان بەند دەکردو نەیان دەهێشت دەرەوە ببینێت، مافی ئەوەی نەبوو هیچ خوێندەواری‌و فێربونێکی هەبێت، کەل‌و پەلی ناوماڵ لای مێردەکانیان لەوان بەنرخ تربوون.

وەپاشان دائیرەی مەعاریفی بەریتانی دەڵێت: بارو دۆخی ئافرەت لەڕۆمای کۆندا هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی درابوو بە پیاوەکان، سەرەتا لەماڵی باوکیدا دەبێت ملکەچی یاساکانی باوك‌و براکانی بێت، دوای ئەوەی لەماڵی باوکی دەردەچێت دەچێتە ماڵی مێرد ئینجا دەسەڵاتەکان دەگوازرێتەوە بۆ دەستی مێرد، لەیاسی ئەمانیشدا ئافرەت زۆر بێڕێزو بەکەم سەیردەکرا.

ئاینی مەسیحیش هیچ دەستپێش خەرییەکی نەکرد بۆ باشترکردنی حاڵی ئافرەت، لەهەموو ڕوەکانی ژیانیانەوە تەنانەت لە پەرستشەکانیشدا هیچ ڕۆڵ‌و کارێکی بۆیان نەبوو، تەنها ئەوەیان ڕونکردەوە کە ئافرەت بونەورێکی نزمترە لەپیاو، قەشە پۆڵس لەپەیامەکەیدا بە خەڵکی (کورنسوس) دەڵێت: "لەبەر ئەمەیە پێویستە دەسەڵاتدارێك بەسەر سەرییەوە هەبێت لەپێناو بە فریشتە بوونی".

هەروەها ئاینی مەسیحی هەندێك بیرو باوەڕی هەڵەو کەم‌و کوڕی هەیەو دەڵێت: ئافرەت هۆکاری سەرەکی بوو لە دەرکردنی پیاو لە بەهەشت. وەهەروەها دائیرەی مەعاریفی بەریتانی ئەڵێت: " مەسیح ئافرەتی وەك لەخشتەبەر سەیری ئافرەت دەکات، بەهۆکاری دەرکردنی ئادەمی دادەنێت لە بەهەشت، وە بەشێوەیەك باسی ئافرەت دەکات دەڵێت مرۆڤە بەڵام پلە دووە".

لەشەریعەتی یەهودیشدا بەهەمان شێوەیە، لای هەندێك گروپی یەهودی ئافرەت بە خزمەتکاری پیاو دادەنرێت، مێینە بێ بەش دەکەن لەبردنی میرات، ئەگەر مردوو نێرینەی لێ بەجێ مابوو ئەوە ئافرەت بێ بەش دەبێت لە بردنی میرات( الإصحاح ٢١ من سفر التكوين).

یاسای باری کەسێتی ئیسرائیل دەڵێت: ئەگەر پیاو مردو ژنەکەی هیچ نێرینەیەکی نەبوو، ئەوکاتە ئەو ژنە دەبێتە هاوسەری برای هاوسەرەکەی، یان برایەکی باوکی، بۆ هیچ کەسێکی تر دروست نییە ئەو ژنە بهێنێت مەگەر برای مێردەکەی حاشای لێبکات یان نەیهێنێت.

لەچیندا یاسایەك هەیە: ئافرەت هیچ بەهایەکی نییە لایان، وە پێویستە لەسەریان سوکترین‌و بێ بەهاترین کاریان پێ بدرێت، لەیاساکانی هینددا هاتووە: ئافرەت لەهیچ قۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا ناتوانن هیچ کارێك بە ویستی توانای خۆیان ئەنجام بدەن، ئافرەت لە قۆناغەکانی منداڵیدا دەبێت لەژێر فەرمانی باوکی بێت، لە قۆناغی گەنجێتیدا دەبێت لەژێر فەمانی هاوسەری بێت، ئەگەر مێردەکە مرد ئەوە دەکەوێتە ژێردەستی منداڵەکانی. لە بیرو باوەڕی (سانتی) دا هاتووە: پێویستە لەسەر ژن کاتێك مێردەکەی دەمرێت خۆی بسوتێنێت لە نزیك ئەو جێگەی مێردەکەی خۆی تیا سوتێنراوە، هەرئافرەتێکیش ئەو کارە نەکات ئەوە دەبێتە جێگەی سوکایەتی پێکردن‌و کۆیلەکردنی هێندە سوکایەتی‌و ئیهانەی دەکەن مردن باشتربێت لەخۆشی دنیا بۆی.

(هیربرت سبنسر) فەیلەسوفی ئینگلیزی نوسەری بواری کۆمەڵناسی دەڵێت: لە ئینگلترا لە نێوان سەدەی پێنج هەتا سەدەی یانزەی زاینی ژنەکانیان دەفرۆشت، دادگای کەنیسە یاسایەکی دەردەکرد پیاو دەتوانێت بۆ ماوەیەك هاوسەرەکەی خۆی بدات بە پیاوێکی دی بەبەرامبەر یان بە بێ بەرامبەر، ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆر کاری پێکرا هەتا لەکۆتاییدا هەڵوەشایەوە. هەتا ماوەیەك لەمەوبەر ئافرەت هیچ مافێکی ئەوتۆی نەبوو تەنانەت مافی ئەوەی نەبوو لەبەردەم دادگادا ئامادەبێت، وە هیچ مافێکی فرۆشتن‌و گرێبەست‌و دیاری بەبێ بەشداری مێردەکەی نەبوو.

## باسی سێهەم

## شەریعەتی ئیسلامی لەنێوان ویژدان و بێویژدانیدا

ئەگەر ئەمە بارو دۆخی ئافرەت بێت پێش هاتنی ئیسلام، چۆن ئاینی ئیسلام تاوان بار دەکەن بەوەی ئافرەتی لەجێگەو شوێنێکی بێڕێزیدا داناوە؟! پاکو بێگەردی بۆ خودای پەروەردگار لەم بوختانە گەورەیە. ئەوان هیچ پێشنیارو شوێنێکی شیاویان بۆ ئافرەت دانەنابوو –جگە لە ئیسلام- مەگەر لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نەبێت ئەویش دوای فراوان بونی ڕێنیسانس لە ئەوروپا، لەگەڵ فراوبونی شۆڕشی ئەوروپا شێوازێکی مامەڵەی نوێ هاتە ئاراوە، لە کۆمپانیاو کارگەکاندا ئافرەت زۆر ناڕەحەت دەکرا، ئەمان پێویستبوو دوو هێندەی پیاوان کاربکە، وایکرد کە ئافرەتان لەکۆتاییدا هاواربکەن، کەوتنە بەرز کردنەوەی دروشمی "مافی ئافرەت".

ئەم ناڕەحەتکردنەی ئافرەتان لەکاتێکدا بووە ئافرەتانی موسوڵمان بەهۆی هاتنی ئیسلامەوە ڕێزو بەختەوەریان بۆ دابینکراوە: لەبەر ئەوەی ئافرەتان مارەییان پێدەدرا، بە پێچەوانەی ئافرەتانی ئەوروپا (دۆتە) دەدرا بەپیاوان، ئافرەتانی موسوڵمان دەتوانن موڵکداریێتی خۆیان هەبێتو میرات ببنو بەهەموو شێوەیەك دەتوانن هەڵسوکەوت بەموڵکی خۆیانەوە بکەن، ئەم کارانەش لە فتوحاتەکانی ئیسلامدا دەرکەوت، لەڕوی مافی زانینو کۆکردنەوەی زانیاری چەندین نمونەمان هەیە: لەبواری وتەبێژو ڕەخنەگرو شاعیر. لای هەموان ئاشکرایە کە ئەم بوارانەش بەئەنجام ناگەیەنرێت ئەگەر لە ئازادییەکی فراواندا نەبێت، دەرکەوتنی ئەم بەخشینانەش لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامدا ڕویدا.

بەڵام لەکاتێکدا شتانێکی تر تێکەڵ بە بیرو باوەڕەکەمان بوو خۆی شەریعەت تاکە سەرچاوەی ڕوناکیمان بوو ئاوابوو، ئەوکاتە توشی شاڵاوی هاتنی یاسای ڕۆژئاوابوین، کەمتەرخەمی‌و دەستی نەپاراستن لە تێکشکاندنی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەڕوی سیاسی‌و ئابورییەوە، هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو دەستیکرد بە لەت لەت کردنی بیری کۆمەڵایەتی، لەنێویاندا: مۆدێل‌و یاسای ڕۆژئاوای هاتە مەیدان‌و دەرکەوتنی شارستانی نوێ‌و مادی گەرایی جێگەی شەریعەتی ئیسلامی گرتەوە ، شوێنکەوتوانی بیری ڕۆژئاوا ڕێزگرتنی ئافرەتانیان دایە پاڵ ڕۆژئاواو بێڕێزی بە ئافرەت‌و مافخواردنیان دایە پاڵ ئیسلام.

ئەگەر چەندین دەست‌و تاقم هەبێت لەپشت ئەم درۆیانەوە، تەنانەت لەکەسە ئیسلامییەکانیش خۆیان دەستیانکرد بەم کارانە، ئەرکی ئەم تاقمانە کەم‌و کورتی بووە بەرامبەر بە حەقیقەتەکان بە هەڵەدابردنی کەسانی ترە، هەرچەند خودای پەروەردگار بەتوانایە لەسەرخستنی دینەکەیدا، خۆری ئیسلام هەر دەر دەکەوێت‌و دووبارە خۆی دەنوێتەوە لەئاسماندا، هەتا نوسەرە ڕۆژئاواییەکان خۆشیان —ئەوانەی ویژدانیان زیندوە- دوور لە هەر دەمارگیری‌و خۆ ویستییەك دەڵێن:

⋆ لۆرا فیشیافا غلیری لە کتێبی "دفاعا عن الاسلام" لاپەڕە ١٠٦ دا دەڵێت:

"ئەگەر ئافرەت لەئەوروپا بە تێڕوانینی کۆمەڵناسان گەشتبێتە پلەیەکی باڵا، ئەوە ئەو شوێنە —لەکاتێکدا شایستەیەتی- لەم ساڵانەی دواییدا پێی گەیشت، لەهەمانکاتدا هێشتا لەهەندێك وڵاتی ئەورووپی ئە و

ئازادییەی ئافرەتانی موسوڵمان لەجیهاندی ئیسلامیدا هەیانە پێی نەگەشتون".

⋆ فولتیر لە کتێبی (مقالة القرآن)دا لە کۆنگرەی فەلسەفەدا دەڵێت:

"زۆر شتی گاڵتە ئامێزو گاڵتەجاڕیمان دایە پاڵ قورئان، لە ڕاستیدا ئەو شتانە هیچیان لەقورئاندا نەبوون، نوسەرانی ئێمە زۆر تۆمەتیان نوسیبوو، ئەوەیان بە هەل دەزانی بۆ ئەوەی ئافرەتان ببن بە پشتیوانو شوێن کەوتویان، لەو ڕووەوە کە محمد ئافرەتی تەنها بە ئاژەڵێکی دەزانێت خاوەنی ژیریو عەقڵ بێت نەك زیاتر، ئافرەت لەشەریعەتی ئیسلامیدا لە جێگەیەکی بێ نرخیدا دایناوە، هیچ شتێکیان لە دنیادا ناکەوێت، هیچ شتێکی تریان بۆ نییە لەپاشەڕۆژدا..... دواتر دەرکەوت ئەم قسانە پوچو بێ بنەمان، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك خەڵك بڕوایان پێ کردووە".

⋆ ڕۆژنامەی "مونتوری فەرەنسی" : دواتریش گۆڤاری ئەزهەر لەژمارە (١١) لاپەڕە ٣١٥ دا بڵاویکردوەتەوە:

"لەڕاستیدا ئیسلام چاکسازی زۆر گەورەی لەبواری کۆمەڵایەتی بۆژیانی ئافرەت دەستەبەرکردووە.

لەدرێژەی نوسینەکەیدا لەکۆتاییدا دەڵێت: "ئەو مافو ئیمتیازانەی شەریعەتی ئیسلام دیاری کردوە بۆئافرەت، زۆر لەسەروو ئەو مافانەوەیە یاسای فەرەنسی بۆی دیاری کردوون".

⋆ لەکتێبی (الحضارة العرب)ی (گۆستاف لوبون) دا باسی ئافرەت بەشێوەیەك کراوە ئێمە لێرەدا چەند بڕگەیەکی دەخەینە ڕوو:

"ئەو بنەمایانەی کە قورئان بەدەق ناردویەتی لایەنێکی زۆر گەورەی دادپەروەریو یەکسانی داناوە، خوێنەر دەتوانێت لەسۆنگەی ئایەتەکاندا

ئەم مافانە بخوێنێتەوەو بیان بینێت، بۆی دەردەکەوێت ئەم مافانە بکرێنە مافی گشتیو ئەگەر بەراوردێکیشی بکەیت لەگەڵ یاسای فەرەنسیو ئینگلیزیدا ئەوە دەردەکەوێت شەریعەتی ئیسلامی زۆر مافی بە ئافرەت بەخشیوە هەرگیز یاساکانی ئێمە دەرکیان پێنەکردوە".

هەروەها دەڵێت: "ئەگەر ئێمە بمانەوێت بزانین قورئان تاچەند کاریگەری لەسەر کاروباری ئافرەت هەیە، پێویستە لەسەرمان بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی دەرکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی، مێژوو نوسان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ئەوکات پێگەو شوێنی ئافرەت لەچی ئاستێکدابووە، وە ئەوەش دەزانن چی پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەم مافانەو مافەکانی هاوشێوەکانیان لە ئەوروپا، لەوکاتەدا تا چەند سوارچاکیو ئازایەتی موسوڵمانان بلاو بووەوە".

"لە بەشی پێشودا باسمان کرد ئەوروپییەکان جوامێریو ئازایەتییان لە ئیسلامەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزگرتنی ئافرەتیان لەئیسلامەوە سەری هەڵداوە نەك مەسیحی، ئیسلامە جێگەی بەرزو باڵای بۆ ئافرەت داناوە لەو جێگەی پێشتر هەیبوو بەپێچەوانەی ئەو بیرو باوەڕە باوەوە پێچەوانەکەی دەڵێن....ئەگەر تەماشایەکی کەرتی مەسیحی لە ئەوروپا بکەین لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، دەبینین هیچ ڕێزو بەهایەکیان دانەنابوو بۆ ئافرەت".

"بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی ئافرەت لە شارستانێتی ئیسلامیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە: زۆربەی ئافرەتان بەناو نازناوی زانستیو ئەدەبی دەناسرانەوە لەدەوڵەتی ئیسلامیدا لە ئەندەلوس، زۆر تامەزرۆی فێربون بوون، زۆربەیان بە شارەزاو نازناوی زانستی دەناسرانەوە".

"لێرەدا پێویست ئەو وتەمان دووبارە بکەینەوەو بڵێین: ئیسلام پلەو پایەی ئافرەتی زۆر بەرز ڕاگرتووە وەلانان‌و سوکایەتی بە ئافرەتی وەلاناوە، من یەکەم کەس نیم پشتگیری لەم بۆچونە بکەم، پێشتر "کوسان دوبرسفال" ودواتر "بارتلمی سنت هیلر" پێشمان کوتوون بۆ باسکردنی ئەم بابەتە".

"ئیسلام تەنها هەر ڕێزو پێگەی ئافرەتی بڵند نەگرتووە، بەڵکو ئەوەشی بۆ زیاد دەکین یەکەمین دین بووە ئەو بابەتەی جوڵاندوەو ئافرەتی بەرز نرخاندووە، ئەمە ئەو بابەتەمان بۆ ئاسان دەکات دەڵێین هەر دین‌و گەلێك پێش ئیسلام هاتبێت سوکایەتی بەئافرەت کردووە".

"ئەوە پێشتر ڕونکراوەتەوە هەرکەسێك ڕێزو سوکایەتی بە ئافرەت بکات ئەوە پێچەوانەی قورئانە، قورئانیش هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەوشتی ئەو کەسانەوە نییە" ئەمە هەڵبژاردەی هەندێك لە وتەکانی "گۆستاف لوبون" بوو.

کۆتایی ئەم بابەتە بە وتەیەکی ڕاستی دەهێنین، پێویستە بە زەنگی هۆشیاری ئافرەتان بە خەبەر بهێنێت، ڕوناکی‌و نوری حەقیقەت‌و ڕاستی لەسەر هەموو ڕێگەکان دابنێنن. پێویستە ئافرەت خۆی شارەزابکات وە پەنا بەرێتە بەر فێربونی شەریعەتی ئیسلامی، بۆ ئەوەی هەموو ئافرەتان ئەو ماف‌و ئامانجانەی بۆیان دیاری کراوە بەدەستی بهێنن.

لەبەشی دووەمدا باسی ڕێگەکانی شەریعەتی ئیسلامی‌و هەنگاوەکانی بۆ ئازادکردنی ئافرەت دەکەین.

# بەشی دووەم

# ڕێبازی شەریعەت لە ئازادکردنی ئافرەتدا

**بە هەمان شێوەی بەشی پێشوو ئەم بەشەش لە چەند باسێك پێکهاتووە**

## باسی یەکەم

## ئازادی ئافرەت هەر لە لانکەکەیەوە

ئەگەر چەمکی سەربەستی وەك بنەمایەکی سەرەکی ژیان دابنێن ، بەشێوەیەك کەسی ئازاد رزگاری بێت لە ترس و کۆیلایەتی و ژێر دەستەیی ، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت ئیسلام ئەو مانا بالآنەی بەخشیوە بە چەمکی سەربەستی بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی و، ئافرەت بەتایبەتی، ئیسلام هاتووە ئافرەتی ئازاد کردوە لەو فۆبیا دەرونیەی کە لە لەدایك بونیەوە لەگەڵیدا لەدایك دەبوو ، پاشان لەگەڵ لەدایك بونیدا لەگەڵی گەورەدەبوو، بەشێوەیەك مێینە بونی دەبویە مایەی چەرمەسەری بۆی ، عەرەبەکان لە سەردەمی نەفامیدا شانازیان دەکرد بە کوڕەوە، چونکە بەبیرو باوەڕی ئەوان نێرینە نیشانە دەسەڵاتو هێزە، لەبەر ئەوەی نێرینە پارێزەری سنوری دەسەڵاتیانە لەکاتی شەڕەکاندا، توانای ڕوبەڕو بونەوەی مەترسیەکانیان هەیە، سەرچاوەی داهاتیشین بۆ خێزانەکەیان، لەهەمان کاتدا جێگەو پێگەی سیاسەستو ڕاوێژو ژیرین. بەڵام ئافرەتان بە تێروانینی ئەوان جگە لە هەڵگرتنی ناڕەحەتیو عەیبە بۆ هۆزکانیان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا هیچی تریان لێ دەست ناکەوێت، بە هێنانە دنیای ئافرەتان هیچ ڕێزێك پێشکەش بە خێڵەکە ناکات،

تەنها ژمارەی ئەو ناڕەحەتیانە ئەوانیش لە گەڵ لەدایك بونی مێیینە لەدایك دەبوون.

لە نێوەندی ئەم تارکستانیو ڕق لێبونەوە لەئافرەت، تەنها بە  هاتنە دنیایی کچێکەوە خۆیان بە تازێ بار دەزانی، ئەوکاتە خاوەنی ئەم منداڵە لە ناهەموارترین ساتەکانی ژیانی دەگوزەرا، ئەمە ئەو دیمەنەیە کە قورئانی پیرۆز باسی دەکاتو بە جوانترین دەستە واژە ئەو دیمەنەمان بۆ وێنا دەکاتو، دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ * يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ﴾. النحل: ٥٨-٥٩.

ئیسلام لێرەوە و، بەم شێوەیە دەستی کرد بە ئازادکردنی مێینە لەو ڕق لێبونە زۆرەی لەکاتی لەدایك بونیی مێینەیەکدا ڕوویدەدا، بەهاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە  پەردەی نەفامی لەسەر عەقڵو دڵیان لا دا.

ڕۆڵی ژنو پیاوی وەك یەك دانا لەکۆمەڵگەدا بۆ بەردەوام کەشتی مرۆڤایەتی، هیچ کامیان ناتوانێت بە بێ بەرامبەرەکەی درێژە بە ژیان بدات: ﴿وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى﴾. النجم: ٤٥.واتە: هەر ئەو زاتەیە کە جووت و دوانە نێرو مێی بەدی هێناوە.

خودای پەروەردگار مرۆڤی بۆ کاری بێ مانا دروست نەکردوە، بۆ هەر یەکە لە ژنو پیاو بەکارێکی شیاو ڕێزداری کردون، هەریەکەشیان ئەرکێکی پێ سپاردوون  بۆ ئەوەی پێی دڵخۆش بن، هەمیشە بۆ شوکرانە بژێری ئەو بەخشینانە پێویستە مرۆڤ لە سوجدەدابێت: ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ * أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَاناً وَإِنَاثاً وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيماً إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾. الشورى: ٤٩-٥٠.

واتە: هەموو ئاسمانەکانو زەویش خوا خاوەنیەتی، هەرچی بوێت دروستی دەکات، بەهەر کەس کە بیەوێت تەنها کچ دەبەخشێت، وە بە هەر کەس

کەبیەوێت کوڕ دەبەخشێت* یاخود لە هەردوو جۆر (بەهەندێ خێزان دەبەخشێت) لەکوڕو لەکچ (هەیشە ویستی خوا وایە) کە هیچی نەداتێ و نەزۆك بێت، بەڕاستی ئەو زاتە زۆر زاناو بەدەسەڵاتە.

دابەزینی ئایەتە پیرۆزەکان بۆ دژایەتی کردنی ئەو نەفامیو تاریکستانیەی بەسەر دەرونەکاندا قەتیس بووبو بەردەوام بوو، ئەو تاوانکاریە گەشتبوە لوتکەی دڕندایەتی، یەکێك لە کارە هەرە قێزەونەکانیان بریتیبوو لە زیندە بەچاڵ کردنی کچانی ساوا، لەترسی ئەو گومانو ئەفسانانەی لەوکاتەی کۆمەڵگەی عەرەبیدا باوبوو، دەرونیانی ئاڵۆزتر کردبوو. لێرەشدا ئیسلام ڕوناکی خۆی بلاّو کردەوە و، دەرونەکانی لەو تاریكو نەفامیەش رزگارکرد، یەك پێوانەی دانا بۆ ڕیزبەندی کردنو ڕێز لێنانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە (نێرو مێ)وە، ئەویش پاراستنی ئەو سنورە ئەخلاقیانەیە ئیسلام بانگەشەی بۆدەکات.

لەسەرتای دەرکەوتنی پرشنگی ئیسلامەوە، مێینەی ئازادکرد لە دڕندەترین تاوان کە بەرامبەری دەیانکرد، هات بەر هەڵستی ئەوکارەی دەکرد کە لەگەڵ لەدایك بونیان توشی دەبوون، ئەم کارەیان لەبەر ئەوەدەکرد بە وتەی خۆیان دەیان ویست: خۆیان لەخراپەیان رزگاربکەن، وەك چۆن ئەوکات نەك تەنها عەرەب هەموو دونیا هەمان تێڕوانینیان بۆئافرەت هەبوو، لە ئەنجامدا ئیسلام ئامانجی خۆی پێکاو زیندە بەچاڵکردنی کچانی کرد بە تاوانێكو ئەنجام دەرانی سزای دنیاو دواڕۆژی لە چارە نوسین. بەو ئایەتەی خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ﴾. التكوير: ٨-٩.

واتە: کاتێك کە کچی زیندە بەچاڵکراو پرسیاری لێکرا* بەچ گوناهێك بە چ تۆمەتێ: کوژرا!؟.

بەم شێوەیە مێینە لەناو گەرمەی بەساوایی کوژرانیاندا یەکەم شنەبای ئازادی پێگەشت، بە گەشتنی ئەم شنە بایە، ئینجا دڵشاد بوون بە هاتنە دنیایان بۆ بەشداریکردنو هاوکاری کردنی کۆمەڵگا، ئافرەتان بوون بە بەندەی

پەروەردگارو خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی(ρ)، ژنان هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئاینە پیرۆزەوە کۆششێکی زۆریانکرد بۆئەوەی دەستی خۆیان دیاری بکەن لە ژیاندا، لەسەر بنەمای سەربەستیو دادگەریو یەکسانی. بۆنا؟ سونەتەکانی خۆشەویست بەوەوە تەواو دەبێت، چونکە بەهاتنی کەلتوری پێشوی خۆی کە لەسەر بنەمای ڕق بوون بو لەمێینە بنیاتنرابو تێکی شکاند، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەوەشی کە بەهاتنە دنیای کوڕان زیاتر دڵخۆش دەبوون وەك لە هاتنە دنیای کچان لەناو دڵەکاندا لابرد، بەڵام خۆشەویست بە هاتنە دنیای کچەکانی زۆر دڵ خۆش دەبوو، دەرونی خاتو خەدیجەی خێزانی پاراوکرد، بەهیوای ئەوەی کە لە برێتی کۆچکردنی قاسمی کوڕی منداڵێکی تری پێ ببەخشێت، خودای پەروەردگار چوار کچی پێ بەخشین، پێش ئەوەی کە عبداللە لەدایك بێت. بەڵام بەهۆی خۆشحاڵی خاتو خەدیجەوە ئەویش زۆر دڵخۆش بو، خۆشەویستمان (ρ) ئەم کارەی بۆ خۆی نەکرد، بەڵکو کردی بە شەریعەتێك بۆ هەموو موسوڵمانان، چەندین فەرمودەی پیرۆزی وەك نمونە بۆ مسوڵمانان کرد بە یاسا لەوانە:

- (ئیبن عەباس$\Gamma$) بۆمان دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: " هەرکەسێك کچێکی هەبوو، زیندەبەچاڵی نەکرد سوکایەتی پێنەکرد، فەزڵی کوڕەکەی نەدەدا بەسەریدا، خودا بەو کارەی بە بەهەشت پاداشتی دەداتەوە " (رواه ابو داود والحاکم)

- (جابر$E$) بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا(ρ) فەرمووی: "هەرکەسێك سێ کچی هەبێت، نازیان هەڵبگرێتو بەسۆزبێت بۆیان و پێداوسیتیەکانیان بۆ دابین بکات، خودای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە، وترا: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر دوو  کچ بێت؟ فەرموی: ئەگەر دوو کچیش بێت، دەڵێت: هەندێك لەخەڵکان بۆچونیان وایە کە وتراوە: ئەگەر یەك کچیش

بێت فەرموی ئەگەر یەك كچیش بێت" (رواه احمد والبزار والطبراني في الاوسط)

- (ئەنەسی كوڕی مالیكE) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: "هەركەسێك سەرەپەشتی كچێك بكات هەتا گەورەدەبێتو منو ئەو كەسە ڕۆژی دواییدا پێكەوەین، دوو پەنجەی لكاند بەیەكەوە" (رواه مسلم)
- (ئەبی سەعیدی خودریE) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ρ) فەرمووی: " هەركەسێك سێ كچی هەبێت، یان سێ خوشكی هەبێت، یان دوو كچی هەبێت، یان دوو خوشك، ڕێزیان بگرێت، مافەكانیان بدات، خودای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە" (رواه الترمذي واللفظ له وأبو داود إلا أنه قال: بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا بكات و هەتا زەواج دەكەن، خودا دەیخاتە بەهەشتەوە)
- (ئەبو هورەیرەE) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: "هەركەسێك سەرپەرشتی بێباوكێك بكات منو ئەو لەڕۆژی دوایدا وەك ئەم دوو پەنجەین، هەردوو پەنجەی لكاند بەیەكەوە، هەركەسێك پێداویستی سێ كچ دابین بكات ئەوەش لە بەهەشتە، پاداشتی ئەو كەسە وەك پاداشتی موجاهیدێك وایە لەپێناو خودا شەهیدبێت، پاداشتی كەسی ڕۆژوەوانو كەسێك كە هەمیشە لە نوێژدابێت وایە" (رواه البزار من رواية ليث بن أبي سليم).

بەم شێوەیە پێغەمبەری خودا(ρ) بە سونەتە پاكەكەی توانی ئەم نەفامیەی ناو دڵەكان لەڕەگ هەڵكەنێت، بە پرشنگی ئیسلام دڵەكان ئاوەدان بكاتەوە. كاتێك ئافرەتانی ئەمڕۆ هاوار دەكەن،و داوای مافی خۆیان دەكەن، ئەوە ئەو خاڵەیان بیر نەچێت: ئەگەر ئیسلامو تێكۆشانی پێغەمبەری خۆشەویست(ρ)، دژی نەفامی و رزگار كردنی هەموو مرۆڤایەتی لە شێوازەكانی كۆیلایەتو سەرشۆڕی ملكەچكردن نەبوایە نەیان دەتوانی ئاوا ئازادانە داوای مافی خۆیان بكەن.

## باسی دووەم

# ئازادی ئافرەتان لە تەمەنی گە نجێتیدا

خودای پەروەردگار، تەنها ئافرەتی لە لانکەدا ئازاد نەکردوە و، پاش گەورەبونی پشتگوێی بخات و، دیسانەوە بیداتەوە بەدەست نەریتە کۆنەی نەفامی، بەڵکو بە دابەزاندنی شەریعەتنی پرشنگدار بە شورەیەکی بەهێز چەند دەقێکی ناردووە بۆ پاراستن‌و چاودێری کردنیان، ئەو دەقانە هاتوون بۆ پارێزگاری لێکردنیان لە هەموو بەد ڕەوشتی‌و خراپەو ملهوڕیەك، بەشێوەیەك ئافرەتی لە جێگەیەکی شکۆمەند داناوە، وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئەرکێکی گەورەی پێ سپاردوو.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لەسەر بنەمایەکی ڕوون‌و ئاشکرا بەهەموو ماناکانی (ئازادی، دادگەری، یەکسانی) دەبەخشێت بەم دۆسەیە. پێویستە ئەم بەشداریکردنە سەرەکەیشە ڕوون بکرێتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەم توێژینەوەیەدا ڕوونی بکەینەوە بەوەی: ئەو ئازادیەی کە ئیسلام هێناویەتی بە پێوەرەکانی شەریعەت‌و دین ڕێکیخستوون کە هەموو بەهاو نرخێك بۆ مرۆڤەکان فەراهەم دێنێت، نەك سەربەستیەکی ڕەهاو بێسنور، بەشێوەیەك مرۆڤ دەباتە پلەی ئاژەڵانەوە.

ββββββββ

## باسی سێهەم

# جیاوازی نێوان سەربەستی ڕەهاو سەرەبەستی سنوردار

لەم بوارەدا باشترین سەرچاوە پشتی پێ ببەستین، پەرتوکی بیرمەندی گەورەی هیندی (وەحیدەدین خان)ە، بەدرێژیو دەرئەنجامەکانی شارستانێتی نوێی ڕوون کردوەتەوە، ئەوکێشانە بەهۆی سەربەستی ڕەهاوە توشی کۆمەڵگە بووە و ئێستا ڕۆژئاوا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ڕۆژگارێك گەنجانی دژی هەموو بەهاو ڕەوشتێك هانداوە و کاریان کردووە بۆ بەدەست هێنانی.

ئەم لێکۆڵینەوەی ئەم توێژەرە دەرهاویشتەی بیری خۆی نیە، بەڵکو لە توێژینەوەو نوسەرە ڕۆژئاواکانەوە کۆی کردوەتەوە و گواستویەتیەوە، لە ئەنجامی ئەو ئیباحیەتە جنسیەی ئەمڕۆ بەرپابووە، کاردەکەن بۆ رزگار کردنی کۆمەڵگە لەو هەلدێرەی ئێستا توشی بووە، ئەویش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و، ئەو یەکسانیە ناسروشتیەی نێوان ژنو پیاو، ئەمانە هۆکار گەلێکن بوەنەتە هۆی دەرکەوتنی چەندین نەخۆشی مەترسیدار، ناودارترینیان ئایدزە، کە هەڕەشەیە بۆ کۆمەڵگە و، هەروەها هێنانە دنیای چەندین منداڵی ناشەرعی، لەهەمان کاتدا بەدەستی نەخۆشی (قەزەمیەی حەرمان)ەوە دەناڵێنن، ئەمەش مەترسیە بۆ نەژادی مرۆڤایەتی، هەروەك چۆن بوەتە هۆی ململانێیەکی نێوان خێزانەکانو دەرکەوتنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی، چەندین نەخۆشی تر ، دەر ئەنجامی هەموو ئەم ناهەمواریانەی بەسەر گەنجەکاندا هاتووە، وەك چارەسەرێك بۆ کۆتایی هاتن بەم هەموو ئەو ئازارانە و، لەبیر چونی ئەو نەخۆشیە دەرونیەی کە پێوەی دەناڵێنن وەك چارەسەر پەنا بردنە بەر خۆکوژی لەناو گەنجاندا لە هەڵکشان دایە.

بەم شێوەیە پێکدادان لەنێوان سروشتی مرۆڤایەتیو ئازادی ڕەهادا ڕویدا و، ئەم ئازادیەش بوەتە هۆی هەڵوەشاندنەوە ئەو ئامانجەی مرۆڤ لەپێناویدا بەدیهێنراوە و، چەندین کێشەی بێ چارەسەر بەجێهێشتووە، وادەکات کە خەڵك دووبارە خوێندنەوەیەکی تر بکاتەوە بە هەڵوێستەکانیدا و، کاربکەن بۆ ئەوەی دژی ئازادی جنسی بوەستن، لەکاتێکدا پێشتر زۆر پشتیوانیان لەم کارە دەکرد، ئێستا پاکێتی تەنانەت لە ناو ڕۆژئاواییەکاندا بوەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی پتەوی خێزانی، دوای ئەوەی وایان دەزانی ئەمە چەند پێوەرەی ئاین دایناوە ڕێگرە لەبەردەم چێژ وەرگرتن لەژیان و پشتگوێیان خست.

"جیرمان گریار" یەکێك لە ژنە چالاکوانە ناسراوەکانی بزوتنەوەی ئافرەتان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (ئەندیان ئکسبریس) دەڵێت: لەسەرەتای تەمەنمدا هێندە بەگوڕو تینەوە کارم دەکرد بۆ بەدەست هێنانی ئازادی جنسی کە لەگەڵ واقیعدا ڕێنەدەکەوت.

دەڵێت: "ئەو کارەی ئەمڕۆ زۆر دوو دڵو ناڕەحەتی کردوم دەر ئەنجامی ئەو ئازادی جنسیەیە هاتوەتە بەرهەم، زیاتر بێ هیواییەکەشم بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی ڕێگری لە سکپڕی لەلایەن کچانەوە، زیاد بونی ڕێژەی ئەو هەرزەکارانەی پێش تەمەنی پانزەو شانزەساڵی دووگیان دەبن. توشی شۆك دەبم کاتێك لەخۆم دەپرسم ئەمە چییە ڕوودەدات؟ لەکاتێکدا پیاوان بەمانایەکی تر باسی جنس دەکەن، ئەوان دەتوانن بە ئاسانی خۆشەویستی بکەنو بڕۆن بەبێ ئاوڕدانەوە، بەڵام ژنان هەستیان جیاوازە لەگەڵ پیاواندا، ئەمان بەهەموو هەستو دڵو جەستەیان خۆشەویستی دەکەن، ژنان بە خوێندنەوەی یەك چیرۆکی خۆشەویستی تەواو تێك دەشکێن، ئەمەش

شتێکی مەترسیدارە، بۆ نمونە: ئەم بەسەرهاتە لەژنانی نزیکی خۆم ڕوویداوە".

هەروەها دەڵێت: " هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە نەمان توانی بەشداربین لە تەواو کردنی ماناکانی دایکەکانمان، لەکاتێکدا ئەوان لەپشتی ئێمەوە وەستابوون، بەشێوەیەك نەمان دەزانی ئەوان دەیانەوێت لەو کۆتو پێوەندانە رزگارمان بکەن. کاتێك ئاوڕمان دایەوە بینیمان بوین بە دایك لەتەمەنی هەرزەکاریدا، ئێستا بەچاوێکی بێگانە تەماشای ئەو کێشانە دەکەین هاتونەتە بەرهەم. ڕەنگە ئێستاش بتوانین هەڵوێستەیەکی دروست وەربگرین و، بەشێوەیەکی باشتر هەنگاو هەڵبگرین بۆ ڕزگار بونمان لەم قەیرانە".

دوای پێگەیشتن‌و تێگەیشتنی‌و وەرگرتنی پسپۆڕییەك لە بواری ژناندا بە پەیام نێرێکی تر دەڵێت: ڕۆژئاوا هیچ چارەسەرێکیان پێ نییە بۆ کێشەی یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو. وە ژنانی ڕۆژئاوا بیروباوەڕێکی هەڵەیان هەیە دەربارەی حیجاب پێیان وایە: پۆشینی حیجاب مانای کۆت‌و بەند و، زەوتکردنی ئازادییە و، خۆ ڕازاندنەوە و خۆ دەرخستن‌و خۆ خزاندنە ناو پێشانگاکان بەڵگەی پێشکەوتن‌و ئازادیی زۆرتری تیایە.

ئەم کارانەیان وایکردوە ئافرەتان توشی توندو تیژی‌و لێدان ببنەوە، لێکۆڵینەوە کراوە ئێستا لە ڕۆژ ئاوادا، بۆ نمونە: ئەو تاوانانەی ئێستا لە ئینگلترا ئەنجام دەدرێت ٢٥٪ بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ١٥٪ ئافرەتان لەلایەن مێردەکانیان یان هاوڕێکانیان توشی توندو تیژی دەبنەوە.

خاتو (غەزالە حلیمی) پارێرەزی بەڕەگەز تونسی، هەڵگری ڕەگەز نامەی فەرەنسایە لەگەڵ (سیمۆن دی بوفوار) یەکێك بوون لە داکۆ کاران

لەمافەکانی ئافرەتان دەڵێت: "بزوتنەوەی ئافرەتانی ئەمڕۆ بە قۆناغێکی شەرمەزاریدا تێدەپەڕێت. دەڵێین کە هەموو مافەکانی ئافرەتانمان لە مافی دووگیان بونو لەبار بردنو جیابونەوەمان دەستەبەرکردووە. بەڵام هێشتا کێشەی ئافرەتان چارەسەر نەکراوە. ئافرەتان خاوەنی بەهاو ڕەوشتی دیاری کراوە، وە تێگەیشتنی مرۆڤایەتیش ڕونە بەرامبەر بە ئافرەت. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تێگەیشتنو بیرو بۆچونی مرۆڤایەتی ئەوان باشترن بەرامبەر بە پیاوان، بەڵکو ئەوان هەمیشە لەگۆڕاندان، وە ژنانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە، هەرگیزنابێت ڕۆڵی پیاوانیان بەبەردا بکرێتو ئەو ئەرکە بخرێتە سەرشانیان".

بەم شێوەیە توانیان کەشتی مرۆڤایەتی بگەیەنە کەناری ئارام و رزگاری بکەن لە کێشەکانی دەریا، پاش ئەوەی کە بانگەشەی ئازادی ڕەهایان دەکرد.. زۆر سەرکردەی دیاری داکۆکی کار لە مافەکانی ئافرەتان لە ڕۆژئاوا دەرکەوتن، لە پایزی تەمەنیاندا، بوبون بە پێشەنگێکی باش بۆ نەوەکانیان، پاش ئەوەی کە لەکاتی گەنجێتیاندا بانگەشاکارانێکی زۆر خوێن گەرمو بەگوڕو تین بوون، بۆ فەراهەم کردنی ڕۆڵێکی نمونەیی بۆ ئافرەتان.

ئێمەی ژنانی موسوڵمان: ئیسلام بە داکۆکاری مافەکانی خۆمان دەزانین لەبیردۆزەکانی بەناو ئازادی، کەلەسەر خەیاڵو فەنتازیاو ئارزوەکانیان دایان ناوە، بەخێرا شوێن کەوتوانی دەبینین لە ناڕەحەتو بێ ئومێدیدا، ئەگەر بەردەوام بن پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێننەوە.

شانازی دەکەین بەو ئازادیەی کە شەریعەت بۆی دابینکردوین، چونکە چەندین یاساو ڕێسای بەنرخی بۆ داڕشتوین، شورایەکی بەهێزی لە شکۆمەندیو ڕێزی بەدەوردا بۆ دروستکردوین، بۆ پاراستنی کەسایەتو پاك ڕاگرتنمان: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾. البقرة٢٥٦. واتە: دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر

کەسدا، چونکە ڕێبازی چاك و دروست ئاشکرا بووەو (جیا بۆتەوە لە تولە ریگای) گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە (تاغوت) کە بریتییە لە هەمو ڕێگەو ڕێبازو هێزو بەرنامەو بت و لادانێك، وە باوەڕی دامەزراو بێنێت بە خوا، بێگومان ئەوە دەستی گرتوە بە بەهێزترین هۆکاری رزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیرو باوەڕ کەوتووە، کە هەڵناوەشێت و هەڵناتەکێت، وە هەمیشە بتەوو دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەرو زانایە. (بەهەموو کردارو گوفتارو نیەتو نهێنی بەندەکانی).

﴿يَأَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً﴾. الأحزاب٥٩.

واتە: ئەی پێغەمبەر (ρ) بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵاپۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لە بارترین شتە کە پێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن و (توشی گێرو گرفت نەبن) هەمیشە و بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە _لەکەم و کوڕیی رابوردووتان خۆش دەبێت)

پەروەردگار ئێمە بە ویستی خۆمانو بەبێ هیچ زۆر لێکردنێك بەدەم بانگەوازی ئیسلامەوە ڕۆشتین. لەژێر ڕۆشنای شەریعەتی پیرۆز ڕێزدارت کردوین، جگە لەو سەربەستیەی دینی تۆ هیچ بەدیلێکی ترمان ناوێت، چونکە ئەو سەربەستیەی تۆ دات ڕشتوە دەبێتە هۆی وره بەرزیمان نەك شکستمان، دڵەکان ئاوەدان دەکەیتەوە لە وێرانەیی، پێشکەوتنو خۆشگوزەرانو خۆشبەختی بۆ کۆمەڵگەی بەدیاری دەبەخشێت.

بۆ درێژە پێدانی توێژینەوەکەمان تیشك دەخەینە سەر ئەو لایەنانەی کە شەریعەتی ئیسلامی بە جوانترینو ڕونترین شێوە سەربەستی تەواوی بە ئافرەتان داوە.

## باسی چوارەم

## سەربەستی ئافرەتان لە خوێندنو فێربوندا

هیچ کەسێك نیە دان نەنێت بەوەی کە ئیسلام دینی ژیانەو بناغەی دینەکەی لەسەر زانست داناوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیمان بهێنێت بەخودا پێش هەموو شتێك پێویستی بە زانست هەیە.خودای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ﴾. الزمر٩.

واتە: ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە باسکران چاکترن یان ئەوەی کە لەتوێی شەوگاردا هەڵدەستێ بۆ خوا پەرستی، سوژدە دەباتو بەپێوە دەوەستێت، لە لێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و ئومێدو هیوای بەمیهرەبانیی پەروەردگاری هەیە، ئەی پێغەمبەر (ρ) پێیان بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزاننو (لەحەقیقەتی دنیاو قیامەت شارەزان) وەك ئەوانەن کە هیچ شارەزاییەکیان لەو بارەیەوە نییە؟ بەڕاستی تەنها خاوەن بیرو هۆشەکان لەم جۆرە یادەوەرییانە سوود وەردەگرنو تێدەگەن.

لەدێر زەمانەوە وتراوە زانست نورە جیاوازی لەنێوان ڕەواو ناڕەوادا دەکات، بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی گەردون پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی دەست پێبکەین، بۆ ئەوەی موسوڵمان بەڕێگەیەکی دروستدا هەنگاو هەڵگرن، لەبەر گرنگی زانست هیچ جێگەی سەر سوڕمان نیە کە یەکەم ئایەتە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر (ρ) "أقرأ" بوو لەبەر ئەوەی خوێندنو خوێندنەوە دەبێتە هۆی پەیداکردنی زانست، زانستیش چرای موسوڵمانانە بۆ ناو ڕۆحو مادە، هیچ گەشەکردنو ئاوەدان کردنەوەیەکی گەردون بەبێ زانست نایەتە دی، بەبێ زانستیش ناتوانیت بەتەواوی خودای پەروەردگار بناسیت، دینی خوداش بەبێ زانست کەمو کورت دەبێت و بەردەوام نابێت.

(مەعازی کوڕی جەبەلE) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: "خۆتان فێری زانست بکەن، لەبەر ئەوەی بەفێربونی زیاتر لەخودا نزیك دەبیتەوە، فێربونی پەرستشە، پێدا چونەوەو لەبەرکردنی تەسبیحاتە، گەڕان بەشوێنیدا تێکۆشانە لەپێناوی خودادا، فێرکردنی کەسانێ کە نایزانن چاکەیە، یارمەتی دانی فێرخواز نزیك بونەوەیە لەخودا: لەبەر ئەوەی ڕێچکەکانی حەڵاڵو حەرام فێردەبیت، بیر بکەنەوە لەو گەورەییەی شەریعەتی ئیسلامی بەزانستی بەخشیوە، هەموو بنەماکانی لەسەر ڕێبازو ڕێچکەی پێغەمبەر (ρ) دارِشتووە، بۆیە پێغەمبەر (ρ) ئافرەتی بێ بەش نەکردوە لە فێربونو هەڵگۆزینی ئاوی لەکانیاوی دڵڕفێنی زانستدا، پاش ئەوەش فەرمانی پێکردوە بەپەروەردکردنو پێگەیاندنی نەوە لەدوای نەوە، بۆیە خودای پەروەردگار لەم سۆنگەیەوە فەرمان بە مریەم دەکات لە کانیاوی زانست فێربێت، چونکە ئەو دەبێت ئامادەکاری بکات بۆ ئەوەی پێغەمبەرێکی بەڕێز پەروەردەبکات، ئەم ئەرکە گەورەش پێویستی بە فێربونو وەرگرتنی زانستێکی زۆرە، خودای پەروەردگار لەقورئاندا بە مریەم دەفەرموێت: ﴿يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾. آل عمران٤٣.واتە:ئەی مەریەم ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە، وە سوژدە و کڕنوشی بۆ بەرە لەگەڵ کڕنوشبەراندا.

پاش ئەم ئایەتە پیرۆزە لە جێگەیەکی تردا لەگەڵ ژنی فیرعەون- بەهۆی ئەو زانستەی لەسەر یەکتاپەرستی هەیبوە ئیمانی هێناوە - باسیان دەکات کە هەردوکیان بەهۆی ئەوەی کە فێری بوون توشی نارِەحەتیو چەوسانەوەی زۆر بوون و، بۆیە خودای پەروەردگار پاداشتی زۆریان دەداتەوە و، بونەتە نمونەیەکی باڵا لە هەموو سەردەم و، شوێنکێك بۆ پیاوانو ئافرەتان:

﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا اِمْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ * وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ﴾. التحريم: ١١-١٢.

واته: هەروەها خودا نمونە دەهێنێتەوە بەوانەی کە باوەڕدارن بە هاوسەرەکەی فیرعەون، کاتێك کە وتی: پەروەردگارا لای خۆت لە بەهەشتدا ماڵێکم بۆ دروستبکە (تا بەردەوام بەدیدارت شاد ببم) وە لەدەست فیرعەونو کارو کردەوەی رزگارم بکە، وە لەدەست قەومی ستەمکار درەبازم بکە* هەروەها مەریەمی کچی عەمیرانیش کە داوێنی خۆی بە پاکیی راگرت، ئێمەش لەو ڕۆحەی کە بەدەستمانە، فوومان پیاکرد، ئەویش باوەڕی تەواوی هەبوو بە گوفتارو فەرمانەکانی پەروەردگاری، وە هەمیشە بەردەوام ملکچەو فەرمانبەرداو خواناس و نزاکار بوو.

ئەوانەی هەوڵدەدەن فەرمودەی: "طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة" لاواز بکەن.

پرسیاریان لێدەکەین: بۆچی واجب نەبێت لەسەر ئافرەتان، چونکە لەفێربونیان ئەرکە ئاینیو پەرستشەکانیان فێردەبن، ئەگەر فێرنەبن چۆن پەرستش ئەنجام بدە؟ یان زەکاتی ماڵەکانیان دەربکەن؟ یان منداڵەکانیان پەروەردە بکەن؟ ئەی ئەگەر نەتوانن فێربن چۆن دەتوانن هاوشانی پیاوان کارەکانیان ئەنجام بدەن؟ ئەم ئەرکانە هەموویان لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون، بەتایبەت لەم ئایەتەی ئێستا باسی دەکەین، پاش ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزە تێ ڕابمێنێت پێم وانیە کەسێکی ژیر بێتو بڵێت: فێربون پێویست نییە لەسەر ئافرەتان؟!

﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾. الأحزاب٣٥.

بەڕاستی پیاوو ئافرەتانی موسوڵمان، پیاوو ئافرەتانی ئیماندار، پیاوو ئافرەتانی ملکەچو فەرمانبەردار، پیاوو ئافرەتانی ڕاستگۆ، پیاوو ئافرەتانی خۆگر، پیاوو ئافرەتانی لەخواترس، پیاوو ئافرەتانی بەخشندە، پیاوو ئافرەتانی ڕۆژووەوان، پیاوو ئافرەتانی داوێنپاك، وە ئەو پیاوو ئافرەتانەی کە زۆر یادی خودا دەکەنە، بەخشین و لێبوردەیی و پاداشتی زۆر مەزنو بێ سنوریان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئامادەکراوە.

واتە:کاتێك خودای پەروەردگار ڕێزی لەئافرەت ناوە و، پێویستی کردوە لەسەر کە فێری باشترین زانست بێت، ئایا کەسانێکی تر دەیانەوێت ئەرکانێکیان پێ بسپێرن لەو زانستە کەمتربێت؟ ئەگەر ئافرەتان نەتوانن فێری زانست ببن ئەوە چۆن دەتوانن کچانی موسوڵمان فێربکەن؟! ئەی چۆن بتوانن چارەسەی خۆیان بکات؟ کاتێك ئافرەتێکی موسوڵمان پێویستی بە چارەسەری پزیشکی بوو؟ چۆن بتوانن چاودێری دەرەوەی خۆیان بکەن و، ئاگایان لەکاروباری دەوریان هەبێت، ئەگەر ژنانی موسوڵمان ئاگایان لەدینەکەیان نەبێت، چۆن بتوانن بەئاگابن لەئەرك و مافەکانی خۆیان.

زانست نورە بۆ ئافرەت بۆڕووناك کردنەوەی ڕێگە ژیانی، زانست هاوکار دەبێت بۆ پەروەردکردنی نەوەیەکی بەهێزو پێشکەوتووی وەها، توانای هەڵگرتنی پەیامی ئیسلامی هەبێت و، هیچ کێشەیەکی لەزانستەکەدا نییە ئەگەر ئافرەت فێری ببێت، بەڵکو گرتنە بەرو فێربونی زانستە بەچی

شێوەیەك فێری بێت، ئەو تێکەڵاویەی لەگەڵ کوڕاندا ئەمە کارەکە وەها لێدەکات کە خراپەو لادان ڕووبدات. بەڵکو ئەوکێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە: چۆن ئافرەت لەژێر ڕۆشنایی ڕێزو پاراستنی لەخراپە فێری ئەرکەکانی دینی پیرۆز ببێت و، بتوانێت نەوەیەکی پێشەنگ بەرهەم بهێنێت.

زۆر کەسی بێکار هەیە دەپرسێت: ئایا پێویستە ئافرەت فێری زانست بێت یان نا؟

ئەم پرسیارە بێ مانایە، لەبەر ئەوەی زانست پێویستییەکی زۆر گرنگە بۆ ئافرەت، بە زانست دەتوانێت نەوەیەکی باش بۆ ئیسلام و کۆمەڵگە بەرهەم بهێنێت، بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانەی چواردەورمان ببێتەوە وەك چۆن ئافرەتانی پێشووی ڕووبەڕوی بونەوە، ئەوان بە لێشاو دەڕۆشتن بۆ ئەوەی نوێژی لەگەڵ پێغەمبەر (ρ) بکەنو ئەرکی نوێی دینەکەیان فێربکات.

زانست دوو جۆرە/ زانستی دینی: ئەمە ئەرکێکی پێویستە لەسەر هەموو ژنو پیاوێکی موسوڵمان، لەم بوارەشدا هەرکەسێك زیاتر لەخواترسبێت ئەوە لەپێشترە، چونکە هیچ سنورێکی بۆ دانەنراوە، ئافرەتان گوێڕایەڵی ئەو ڕێبازە بوون کە پێغەمبەر (ρ) بەوەحی ئەو فەرمانەی پێکردوونو دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفاً خَبِيراً﴾. الأحزاب٣٤.واتە:هەرچی لەماڵەکانتاندا دەوترێت یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن، لە ئایەتەکانی خواو (فەرمودە بەنرخەکان کە پرن) لە دانایی، بەڕاستی خوا بەردەوام بە لوتفەو زۆریش ئاگایە (لە هەڵسوکەوتنی بەندەکانی).

زانستی دونیایی: ئەمەش پێویستە ئافرەتانی موسوڵمان بەگوێرەی توانای خۆیان ئەو کارە هەڵدەبژێرن بەپێی گونجاندنیان لەگەڵ سروشتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی تریان، بەبێ پێشبڕکێو ململانێ لەگەڵ پیاواندا،

پێویستە لەسەرشانیان هاوشانی پیاوان کار بکەن بەیەکسانی، پێویستە نیەتیان باشبێت لەفێربونی زانستو بۆ خزمەتی کۆمەڵگەبێتو لەگەڵ ئەم زانستەشدا فێری زانستە دینیەکان ببێت.

(البلازری)لە پەرتوکی (فتوح البلدان)دا دەڵێت: "ئەو ئافرەتانەی لە ڕابردوودا فێری نوسینو خوێندنەوە بوون نێوەی ئەو پیاوانە بوون کە خوێندەواریان هەبووە" دەگێڕنەوە کە شیفای عەدەوی (لەهۆزی بەنی عەدی خێڵەکەی عمری کوری خەتاب) بوو پێغەمبەر (ρ) داوای لێکرد کە حفصەی کچی عمری کوڕی خەتاب فێری خۆش نوسی بکات.

ئافرەتانی خوێندەوار لەسەر دەمی پێغەمبەردا(ρ) گەشتبوونە ژمارەیەکی بەرچاو، ئافرەتان هاوشانی پیاوان کاریان کرد بۆ ئەوەی گەشە بەئیسلام بدەن، ئافرەتان لە بەیعەی عەقەبەی یەکەم و دووەمدا بەشداریان کرد، وە دەستیان کرد بە فێرکرنی ئافرەتانو بڵاو کردنەوەی دینی ئیسلام بۆ ئەوەی ئەم ئاینە پیرۆز بخەنە ناو کایەکانی ژیانەوە. دایکمان عائیشە (١٢٠٠) فەرمودەی لەپێغەمبەر (ρ) گێڕاوەتەوە، وەهەروەها ئەسمای خوشکی (٥٦) فەرمودەی گێڕاوەتەوە، ئافرەتانی موسوڵمان زۆرن کە فەرمودەیان لەپێغەمبەر (ρ) گێڕاوەتوە.

لە ئومو دەردائی فەقیهی خوداپەرستەوە دەگێڕنەوە: هێندە هۆگری فێربون بووم لەهەموو کارەکانی تری ژیاندا لام پەسەند تربو و، تەنانەت ئەگەر توشی نەخۆشییەك یان ئازارێك ببومایە، بۆ وەرگرتنی چارەسەر و چاك بونەوەم لەو نەخۆشییە بەشداریم دەکرد لە کۆڕی زانایاندا. نەوەوەی باسی دەکاتو دلێێت: "زانایان یەك دەنگن لەسەر شارەزای ئوم دەردا لە زانستە شەرعیەکاندا، ژیرییەکی لەڕادەبەدەر و، تێگەیشتنی بۆ زانستەکان".

مامۆستا (صلاح عبدالعزیز)، عەمیدی پێشوی پەیمانگای خانەی مامۆستایان لە کتێبی (گەشەی تیۆری پەروەردە) دا دەڵێت:"نمونەی ژنانی موسوڵمان زۆر

هەبن، فێری خوێندنەوەو نوسینو نەحوبوون و، زۆر فەرمودەشیان گێڕاوەتەوە، ئەم ژنانە تەنها هەر خۆیان فێری ئەو زانستانە نەبوون، بەڵكو ژنانی تریان فێردەكرد، تەنانەت هەندێك لەپیاوە ناودارەكانیش لەناو وانەكانی ئافرەتاندا بەشدار بوو بوون".

له كتێبكی (تهذيب الأسماء) نەوەویدا ناوی هەندێك لەو ئافرەتانە هاتووە ئەركی گەیاندی ئەم پەیامەیان گرتوەتە ئەستۆیان، پێشینانمان بەچاوی ڕێزو سەرسام بونەوە پێیان سەیریان كردوون، نوسەرە عەرەبەكان زۆر گرنگیان داوە بەناوی ئەو ئافرەتانە، بەڵگەش لەسەر ئەو ئەركو ماندوبونەی كێشاویانە بۆ زانست، بە گرنگی باسكردنو ناو هێنانیانە لەسەر بڵاو كردنەوەی زانست لە ناو كتێبی زانایاندا.

(صلاح عبدالعزيز) دەڵێت: " ئافرەتان تەنها وانەیان نەدەوتەوە، بەڵكو لەگەڵ وانە گوتنەوەدا سەرقاڵ بوون بە كاری جۆراو جۆرەوە وەك: بەشداری پیاوان لە پیشە جیاوازەكاندا، وە خوێندنی پزیشكی و دادوەری، وە سەرقاڵ بوونیان بە هەندێك كاری تری شارستانی".

مەبەست لە دادوەری: ئەو كارانەیە كە تایبەتە بەئافرەتەوە، هەركەسێكیش ئەم كارەی بۆ ئافرەت بە ڕەوا داناوە دەڵێت جگە لە بابەتەكانی جینائی (تاوان).

ئەمەیە ئیسلام و پەیامی بۆ ئازادی ئافرەتان، ڕوپۆشی ژنان دەكات بە زانستو زانین. خۆزگە ئافرەتانی ئەم سەردەمەش بەو شێوەیە دەستیان دەگرت بە دینەكەیانەوە پاش ئەوەی بڕۆشتنایەتە گۆڕەبانی ژیان، چونكە كە ئافرەتان سنورە قەدەغەكراوەكانیان زانی ئەوكات هیچ كێشەیەك ڕوویان تێناكات، هەرگیز نەدەترسایت ئافرەتان توشی لەخشتە بردن ببن.

لەبەر ئەوەی ئافرەتان نهێنی ماڵەكانیان دەپاراست، پیاوان نەدەترسان لەبڵاو بونەوەی نهێنی خێزانی، هەتا زیاتر شارەزابوونایە لەڕووناكی ئیسلامو ئەركە

ئیسلامیەکانیان جێبەجێ بکردایە ڕوناکی ئیسلام زیاتر پەرەی دەسەند و بڵاو دەبویەوە لە کۆمەڵگەدا.

ئێمە هیوادارین ئافرەتان لە سەردەمی ڕاگەیاندنی هەڵخەڵەتێنەر و، ڕاگەیاندنی چەواشەکار زیاتر خۆیان ڕۆشنبیر بکەن بە زانستە ئیسلامیەکان و دۆزینەوەی پێگەی خۆیان لە شەریعەتدا، پەیمان بدەن وەك خاتو بەلقیسەی پادشای (سبأ)، خودای پەروەردگار بەباشی باسی لێوەدەکاتو بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ﴿قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْراً حَتَّى تَشْهَدُونِ * قَالُوا نَحْنُ أُوْلُوا قُوَّةٍ وَأُولُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ﴾. النمل: ٣٢-٣٣.واتە: (ئینجا بەلقیسا بە ئامادەبوانی) وت: ئەی ڕێزداران راتان چییە، چی بکەم باشە، خۆ من هیچ برِیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبوبنو راتان لەسەری نەدابێت★ (ئەنجومەنەکەی) وتیان: (خۆت دەزانی) کە ئێمە خاوەنی هێزو تواناو دەسەڵاتی سەخت و تەواوین، فەرمانیش فەرمانی تۆیە، بیربکەرەوەو تێفکرە چ فەرمانێك دەدەیت (ئێمە ئامادەین).

پاش بەستنی ئەو هەموو کۆنگرەو کۆنفرانس و، بڵاو کردنەوەی دیبەیتی زانستی ئافرەتان کەچی هێشتا نەگەیشتوینەتە ئاستی ئافرەتانی پێشوو، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پاكو خاوێنە لەو تۆمەتانەی بۆی هەڵدەبەستن. ئیسلام دینی ژیریو ڕۆحە، ئاینی سەربەستی بیرو ڕاو بەهاکانە، ئاینێکە لەسەر بنەمای بەهێزو ئامانجی پێشەوکتن بونیات نراوە، ئاینی شارستانێتە بۆ نەتەوەو گەلان، خۆزگە هەموو کەس بەویژدانەوە لێکۆڵینەوەیان لەم دینە دەکرد!!

## باسی پێنجەم

## ئازادی ئافرەتان لە گوزارشت کردنی بیر و بۆچونەکانی

دەربڕینی ئازادی بیرۆ بۆچونی ئافرەتان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە ئازادکردنی بیرکردنەوە، لەناو ئەم ئازادیەشدا ئازادی بۆچونو

هەڵبژاردنی بیرو باوەڕە. چونکە ژیری تایبەت مەندییەکەی مرۆڤەو بە هۆی بەخشینی ژیری (عقل)ەوە بە مرۆڤ جیادەکرێتوە لە بونەوەران، ژیریش کاری وەرگرتنی فەرمانی خودا دەکات لە فەرمانەکانو ڕێگرییەکان. خودای پەروەردگار لەگەڵ ژیری مرۆڤەکان دەدوێت و، ڕێگە تاریکەکان لەبەردەم ژیریدا ڕوون دەکاتەوە، بەژیریش مرۆڤەکان لەنێوە خۆیاندا لەیەکتری جیادەکرێنەوە. بۆیە مرۆڤیش مافی خۆیەتی بەئازادی بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، لەو کارانەی پەیوەندیان بە ژیانیەوە هەیە، ئەو کارانەشی لەژێر توانای هەستو نەستی مرۆڤەکاندا هەیە، بەپێی ئەو توانای مرۆڤەکان هەیانەو تێی دەگەن دەتوانێت بۆچونی خۆ دەربڕن.

ئیسلام هاتووە ئەم ئازادیەی لە پانتاییەکی زۆر فراواندا بۆ مرۆڤەکان داناوە، بەڵکو هاتووە بەپێویستی داناوە لەسەر مرۆڤەکان پیاو ژنەوە بە ئازادی بیر بکەنەوە و بۆچونەکانیان دەربڕن، وەك لایەنی مرۆیی بیر بکەنەوە دووربکەونەوە لەهەموو دەمارگیریی و فێڵو هەڵخەڵەتاندن، پێویستە مرۆڤەکان خۆیان بگەنە ئاسۆیەکی بەرفراوانی ئازادی بیرکردنەوە و تێگەیشتن، لەبواری مادە دابێت یان ڕۆح.

قورئانی پیرۆز بەتوندی ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە وازیان لە بیر کردنەوە هێناوە و، شوێنی کەسانی تر دەکەون، بڕوا دەهێنن بە ئەفسانەو خەیاڵ پڵاوی، دەست دەگرن بە نەریتو شوێن کەوتنی کوێرانە، بەبێ بیر کردنەوە لەوەی چیان بەجێ هێشتووەو گونجاوە بۆ ئەوەی لێیان وەربگرن؟ قورئان هاتووە بۆ ئەم شێوازە شوێن کەوتنە بەتوندی ڕەخنەیان لێدەگرێتو بە ئاژەڵیان دەچوێنێت، بەڵکو خراپتریشیان لە ئاژەڵان گرتوەتەبەر، چونکە ئەمان خاوەنی ژیرین بەبێ بیرکردنەوە کەوتونەتە شوێن کەسانی وەك خۆیان، هیچ کاتێك بیر ناکەوە لەوەی چی دەکەنو چی دەڵێنو چی دەبیستن، چونکە ژیری یەکێکە لەو جیاکەرەوانەی مرۆڤەکان لە ئاژەڵان، ئەگەر بێنو ئەم ژیریرە بەکار

نەهێنن‌و بیر نەکەنەوە ئەوە نەك هەر یەکسان نابن لەگەڵ ئاژەڵاندا، بەڵکو خراپتر دەبن لەئاژەڵان:﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتبعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ * وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ﴾. البقرة١٧٠-١٧١.

واتە: ئەگەر (بە خەڵکی نادان) بوترێ شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە رەوانە کراوە، دەڵێن: نا، بەڵکو شوێنی ئەوە دەکەوین کە باوو باپیرانمان پێوەی ئالودە بوون و لەسەری راهاتوون، باشە ئەگەر باوو باپیرانتان ناحاڵی و تێ نەگەیشتوو هیچ نەزانیش بوون (هەرشوێنیان دەکەون؟!)★ نمونەی ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕن وەکو ئەو ئاژەڵە وایە کە دەنگی (شوانەکە) دەبیسێ، بەڵام تێ ناگا، تەنها ئەوەیە کە گوێی لە هات‌و هاوارێکە، ئەوانە کەڕو لاڵ و کوێن‌و وە ژیری و هۆشمەندیان لە دەست داوە.

دەربڕینی بیر بۆچون وێناکردنی دەربڕینی بیرکردنەوە ئازادە، چونکە بیر و بۆچون، دوو وێنەی سەر ڕووی یەك دراون، بیرو بۆچون ئاوێنەی دەرخستنی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە بەگشتی‌و موسوڵمان بەتایبەتی، بێ دەنگ بون لە دەرخستنی ڕاستی شەیتانی نوستووە. موسوڵمان بیری ئازادکراوە، ڕێگای ڕاستیش پێدەزانێت، پێویستە لەسەری لە هەموو هەڵوێستەیەك کە توشی دەبێت پێویستە لەگەڵ حەق بێت و حەق سەربخات، ئەگەر ئیمانەکەی وای لێنەکات بە ئازادی بۆچونەکانی دەربڕێت چی سودێکی لە ئیمانەکەی بینیوە؟

﴿الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾. الحج٤١.

واتە: ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژەکان بەچاکی ئەنجام دەدەن، زەکاتیش بەتەواوی دەبەخشن، فەرمان بە چاکە دەدەن،

قەدەغەی خراپە دەکەن، سەر ئەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

پێغەمبەر (ρ) مرۆڤەکانی بانگ دەکرد بۆ دەربڕینی ئازاد، بۆیە توانی بانگەوازەکەی سەربخات، چونکە لە کانیاوی سەربەستی بیروبۆچونی ئیمان هەڵقولابوو، وەك دەفەرموێت:

(ئەبی سەعیدی خودری)ەوە (E) دەفەرموێت: گوێم لێبوو پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: "هەرکەسێك خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەر بە زمانیشی نەیتوانی با بەدڵ پێی ناخۆشبێت، ئەمە لاوازترین پلەی ئیمانە" (رواه مسلم والترمذي وابن ماجه والنسائي واللفظ له) "پێغەمەبەری خودا(ρ) فەرمویەتی: هەرکەسێك خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێت-بە دەربڕینی بیرو بۆچونی- ئەگەر نەیتوانی ، با بەزمانی بی گۆڕێت - بە بۆچونەکانی- ئەگەر نەیتوان ، با بە دڵی پێی ناخۆشبێت، ئەمە لاواز ترین بەشی ئیمانە".

لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام هاتووە ئازادی بۆچونی بۆ ئافرەتان دەستەبەرکردووە، لەبەر ئەوەی ئەسپاردەیەکی گرنگی خستوەتە ئەستۆی ئافرەتان، ئەوانیش: مافی هاوسەرێتی و، دایکایەتییە، بۆیە ژنان بەرپرسن بەرامبەر بەنرخترین ئەمانەتی بونەوەران، ئەویش بەرهەم هێنانی نەوەیەکی دروستە بۆ ڕاپەڕینی نەتەوەی ئیسلامی، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، بۆیە دەبێت دەسەڵاتی هەبێتو خاوەنی بیرو بۆچونی سەربەبەست بێت تێیدا، چونکە دەسەڵاتو لێپرساروێتی ئەو ڕێبازەی کە ژیانی پێ ڕێك دەخرێت تەواو دەبێت، ئەم بەرپرسیارێتیەی ئافرەت تەنها لە دنیا نییە، بەڵکو لە ڕۆژی قیامەتدا لەبەردەم خودای پەروەردگاردا، هەروەك چۆن پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت:

هەمووتان چاو دێرن و بەرپرسن[٤] بەرامبەر ئەرکەکانتان، ئافرەت بەرپرسیە بەرامبەر چاودێریەکەی، خزمەتکارێك چاودێرە لەماڵی گەوەرکەی وە بەرپرسیە بەرامبەر ئەو چاودێریەی، هەمووتان چاودێرن بەرپرسن بەرامبەر ئەو چاودێرەی بۆی دانراون" (رواه البخاری ومسلم).

لەم ڕوانگانەوە ئیسلام ئەو جێگەو پێگەی بۆ ئافرەتان دیاری کرد و، کۆمەلگەی ئیسلامی لەسەر بنچینە بەهێزکانی (ڕاوێژکردن، یەکسانی، سەبەرستی) داکوتی. لێرەدا چەند خاڵێك وەك بەلگە بۆ قسەکانمان دەهێنیەوە، لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (ρ) چەند پێداگری کردوە لەسەر مافی ئافرەتو دانانیان لەشوێنی شیاوی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەو تەمو ئاڵۆزیەی بە بیرێکی نەفامانەوە تێکەڵ بەکۆمەلگە بووە، لەتۆمەت کردن بۆ کەم کردنەوەی شکۆمەندی ئافرەتان لەبن بێنین بە چەند خاڵێك ڕونی دەکەینەوە.

## چەند نمونەیەك لەسەر ئازادی بیرو ڕای ئافرەتـان لەئیسلامدا :

⋆ لە ڕێکەوتن نامەی حودەبییەدا: پێغەمبەر (ρ) ڕاوێژی لەگەڵ ئوموسەلەمەی خێزانیکرد، لەسەر ئەو دوو دڵیو بەگوێنەکردنەی هاوەڵان بۆ فەرمانەکانی پێغەمبەر (ρ)، لەکاتێکدا فەرمانی کرد بە سەر بڕینی

---

[٤]- راعی: واتە شوان، بۆیە بەم شێوەیە چواندونی بە شوان، چونکە شوان چەند تایبەت مەندییەکی هەیە: بەبەزەییە بەرامبەر بە ئاژەڵەکان، باشترین شوێن دیاری دەکات بۆ تێکردنی ماڵاتەکەی، چاودێریان دەکات ئەکەر یەکێك لە ئاژەڵەکان توشی کێشەیەك بوو ئەوە خێرا دەڕوات بۆ چارەسەرکردنی، شوێنەکان دووبارە ناکاتەوە، دەڕواتە دوورترین جێگە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی، دەیان پارێزێت لە هەموو دڕندەیەك، شمشاڵیان بۆ لێدەدات بۆ ئەوەی زیاتر بحەسێنەوە. وەرگێڕ.

قوربانیەکانیانو سەر تاشینیان، پاش ڕاوێژ لەگەڵ ئومو سەلەمەدا بەگوێی کردو ئەو بۆچونەی ئومو سەلەمەی بەجێهێنا –بەوەی فەرموی تۆ بڕۆ لەپێش چاویان قوربانی خۆت بکەو سەرت بتاشە- کاتێك ئەم کارەی ئەنجامدا هاوەڵان شوێنی کەوتن، بەم شێوەیە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا توانی ئومەتی ئیسلامی لە فیتنەیەکی گەورە ڕزگاربکات، ڕەنگە ئەم ڕاوێژەی لەگەڵ پیاوانی باشدا ئەنجام بایە بەو شێوەیە دەر نەچوایە، بەهۆی زۆر پێداگری لەسەر بیرو بۆچونیان، یان بەهۆی ئەوەی ڕازی نەبن دینیان بکەن بەقوربانی بۆ ژیانیان.

* دوای غەزای تەبووك، کاتێك کە پێغەمبەر (ρ) فەرمانیدا بە بڕینی پەیوەندی لەگەڵ (هیلالی کوڕی ئومەیەی واقفی، کەعبی کوڕی مالك، مرارەی کوڕی عمر) فەرمانی بە ژنەکانیشیان کرد کە لێیان دوور بکەونەوە، خەولەی کچی عاصم هاتە خزمەتی و داوای لێکرد کە ڕێگەی بدات خزمەتی مێردەکەی بکات و لەگەڵ هیلالی کوڕی ئومەیە بمێنێتەوە، ئەویش ڕێگەی دا بەو مەرجەی سەرجێی لەگەڵ نەکات.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئازادی بیرو بۆچونی ئافرەتان و، دانانیان بە نێوەند گیری لەنێوان مێردەکەیو پێغەمبەردا(ρ).

وەك چۆن لەسەر هاوشێوەی ئەم باسە هاتووە: پێش فەتحی مەککە ئەبو عاصی کوڕی ڕەبیع –مێردی زەینەبی کچی پێغەمبەر (ρ)- لەگەڵ کاروانییەکی بازرگانیدا بەرەو شام دەڕۆشت، سریەیەکی موسوڵمانەکان گرتیان و، هێنایان بۆ مەدینە، داوای کرد بەهۆی زەینەبی هاوسەریەوە پەنای بدەن، ئەوانیش پەنایان دا، پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: بەهۆی بچوکترین کەسی موسوڵمانەوە پەنا دەدەین بەهەرکەسێك. ئینجا ڕۆشت بۆ ماڵی زەینەبو فەرمووی: ئەوەی تۆ پەنات داوە ئێمەش پەنای دەدەین.

* لەفەتحی مەکەدا بەهۆی ئومو هانی کچی ئەبو تاڵیب دوو پیاو لەترسی (علی) برای پەنایان بردە لای ئومو هانی، پەنای دان، پاشان ڕۆشت بۆلای

پێغەمەبەر(ρ) ئەویش پێی فەرمووی: هەرکەس تۆ پەنات داون‌و بەڵێنی پاراستنت پێداون ئێمەش پەنای دەدەین.

★ پێغەمبەر (ρ) هێندە ئازادی بیرو بۆچونی دابوو بەئافرەتان هیچ ئافرەتێك نەبوو لەکاتی گفتوگۆدا شەرم بکات یان بەتەواوەتی مەبەستی خۆی نەڵێت.... ڕۆژێك فاتمەی کچی جەحش پرسیاری لێکرد وتی: من ئافرەتێکی خوێنە چرکەم هەیە و، بەتەواوەتی پاك نابمەوە دەتوانم نوێژ بکەم؟ پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: ئەوە زیادەی جەستەیە نەك سوڕی مانگانە. ئەگەر توشی سوڕی مانگانەبوویت نوێژمەکە، ئەگەر سوڕی مانگانەشت نەما خۆت بشۆو نوێژ بکە.

★ (ئەسمای کچیI) یەزید دەگێڕێتەوە کۆمەڵێکی زۆر لەپیاوان‌و ئافرەتان لەدەوری پێغەمبەر (ρ) بووین فەرمووی: پیاوانێکمان لەناودایە شەو هەرچی لەگەڵ هاوسەریدا بکات دەیگێڕێتەوە، بەهەمان شێوەش ژنانیش ئەم کارە دەکەن، هەموو دانیشتوان بێدەنگ بوون، ئەسما فەرمووی: بەڵی وایە ئەی پێغەمبەری خودا (ρ) لەناو هەردوو لادا ئەو کارە ئەکەن، فەرمووی: ئەو کارە مەکەن ئەوە وەك جووت بونی دوو شەیتانی نێرو مێ وایە خەڵك سەیریان بکەن.

★ گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەوەی ئیسلام پانتاییەکی فراوانی داوە بەئافرەتان بۆ دەربڕینی بیرو بۆچونی ئازادی خۆیان، لەقورئانی پیرۆزدا لەسورەتی (المجادلة) وەڵامی ئەم پرسە دراوەتەوە:

کاتێك ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ρ) بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك کە بەدەستیەوە دەیناڵاند، بۆ ئەوەی خۆی هەموو ئافرەتان ڕزگار بکات لەو کێشەیە، ئەویش (ظهار)[5]ە خودای پەروەردگار وەڵامی ئەم پرسە گرنگەی دایەوەو، بەهۆی ئەم ئافرەتەوە ئەم کێشە گەورە بۆهەمیشە قەدەغەکرد: ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تحَاوُرَكُمَا إِنَّ

---

[5]- ظهار: پیاو بە خێزانەکەی دەڵێت تۆ وەك پشتی دایکم وایت، یان تۆ وەك دایکم وایت، ئەمە عادەتێکی کۆنی سەردەمی نەفامیبوو.

اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ * الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَراً مِّنَ الْقَوْلِ وَزُوراً وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ *وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾. المجادلة١- ٣.

واته: (ئەی پێغەمبەر (ρ)) بێگومان خوا گوێی لەو ئافرەتە بوو کە گفتوگۆی لەگەڵدا کردی دەربارەی هاوسەرەکەی و هاناو دادی لەگەڵدا کردی دەربارەی هاوسەرەکەی و هاناو دادی خۆی بۆ لای خوا دەبرد، خوای شگوێی لە گفتوگۆکەتان بوو، بەڕاستی خوا بیسەرو بینایە٭ ئەوانەی کە بەهاوسەرانیان دەڵێن: تۆ وەك دایکم وایت (بیگومان) هاوسەریان، بەو قسەیە نابنە دایکیان، چونکە دایکیان تەنها ئەوانەن کە ئەوانیان لێ بووە، ئەوانە قسەیەکی نابەجێ دەکەن‌و بوختانێکی ناپەسەند دەڵێن، (بەڵام) خوا چاو پۆشی دەکات‌و لێخۆش دەبێت (ئەگەر ئەوانە پەشیمان ببنەوەو داوای لێخۆشبوون بکەن). ئەوانەی کە بەهاوسرەکانیان وا دەڵێن و دوای پەشیمان دەبنەوە لە قسەکەیان، دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی (ئەو ژن‌و مێردە) بەیەك بگەن، ئەمەش رینموونی و ئامۆژگارییە، پێتان دەدرێت، خوایش ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

٭ نمونەیەکی باڵای ئازادی بیرو بۆچون خاتوو خەدیجەیە: بوەتە باشترین بەلگە بۆ ڕۆڵی ئافرەت لەکۆڵمەگەی ئیسلامیدا، لە بابەتێکی گرنگی بانگەوازی ئیسلامی لە هەنگاوی یەکەمیدا، ئەو یەکەم کەس بوو قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵی‌و لە تەنیش پێغەمبەر (ρ) وەستا، خاتو خەدیجە لەناهەموارترین ساتەکاندا لەتەنیش پێغەمبەروەبوو، بەشێوەیەك قورسترین کاتەکانی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بوو، ئەویش: پەیوەندی ئاسمان بوو بە زەوییەوە و، دابەزینی سروشت بوو لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەر (ρ)، کاتێك خاتو خەدیجە حاڵی مێردەکەی بینی پێی فەرموو: "خەمبار مەبە خودا خراپە

بەسەر تۆ ناهێنێت، تۆ: پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەهێنیت، نارەحەتی لەسەر خەڵکی لادەبەیت، دەست گیرۆی هەژاران دەکەیت، رێزی میوان دەگریت، لەگەڵ خاوەن حەقەکان دەوەستیت"

با ئێمە وێنای ئەو کاتەی بکەین ئەگەر ئەم ئافرەتە گەورەی خاوەنی ئەم بۆچونە جوانانە، دڵی پڕە لەخۆشەویستیو پاکی بۆ مێردەکەی، لەتەنیشتی پێغەمبەر (ρ) نەبوایە ئاخۆ حاڵی پێغەمبەر (ρ) چۆن دەبوو؟

ئەمە ئیسلامە: کاتێك دێن ستەمی لێدەکەنو بوهتانی بۆ دورست دەکەین دەربارەی جێگەو پێگەی ئافرەت لەئیسلامدا. ئێستا من گەشتومەتە ئەو بڕوایەی ئەو هەموو نەهامەتیەی توشی کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەتا بەتایبەتی دەبێت دوور کەوتنەوە لە شەریعەتی ئیسلامی، چونکە ئیسلام هاتووە هەموو مرۆڤایەتی لە کۆیلەیەبونی ئارەزو و ویستەمەنیەکانی رزگاربکات. بەتایبەتی ئافرەتان رزگار بکات لەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەریاندادێت، لەبەر ئەوە نەوەی دروست بەهۆی ئازادی ئافرەتانەوە بەرهەم دێت، بۆئەوەی نەوەیەکی سەربەستو بەهێزمان دەست بکەوێت، و مرۆڤ لە هەڵدێرە ناو نەفامی بپارێزین، پێویستە مافەکانی ئازادی، سەربەستی بۆ ئافرەتان فەراهەم بکەین. ئەوەی ئێستا دەبینین ئافرەتان ئازادنو دەتوانن بیرو بۆچونی خۆیان دەربڕن ئەوە بەهۆی ماندوبون و تێکۆشانی پێغەمبەر (ρ) بووە، هەوڵیداوە بۆ دیاری کردنی جێگەیەکی شایستە بۆ ئافرەتان.

## باسی شەشەم

## ئازاری ئافرەتان

## لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان و دیاری کردنی ئایندەی خۆیان

ئیسلام کۆمەڵێك ئەرکی مێردیان دانەوە لەسەر ئافرەتان، دەیان پارێزێت لەئاگر، لێرەدا بەکورتی باسی ئەو ئەرکانە دەکەین:

★ (ئیبنو عەباسE) دەفەرمویێت: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خودا(ρ) فەرمووی: من نوێنەری كۆمەڵێك ئافرەتم هاتووم بۆلات، خودا جیهادی واجب كردووە لەسەر پیاوان، ئەگەر رزگاریان بێت ئەوە پاداشتی نەبڕاوە وەردەگرن، ئەگەر بكوژرێن ئەوە بەزیندووی لای خودا دەمێننەوە، ئێمە ئافرەتان بەبێوە ژنی دەمێنینەوە، ئێمە چی پاداشتێكمان بۆ هەیە؟ پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: لەمەنەوە بیگەیەنە بەوانی تر: هەركەسێك دان بەمافی پیاوەكانی بنێت بەسەریەوە، ئەوە وەك ئەو شەهیدانە پاداشت وەردەگرێت، بەڵام كەم لەئافرەتان دان بەم مافانەدا دەنێن. (رواه البزار هكذا مختصرا).

ئەمە ئەركێكی گەورەی‌و بەرپرسیارێتییەكی قورسە لەسەر ئافرەتان، لەچوار چێوەی پەیوەندییە خێزانیەكانیاندا بتوانن ئەم مافانە بەجێ بهێنن: ڕۆژو نوێژو زەكات‌و حەجی ئافرەتان لەگەڵ مافە شەرعیەكانی پیاوەكانیان یەكسانە، هەرئافرەتێك بەو شێوەیە بیر لە پەیوەندی هاوسەرێتی بكاتەوە، وەك: موجاهیدێك وایە لەپێناو خودا تێدەكۆشێت، ئەگەر واش نەكات دیارە كە توشی ناڕەحەتی‌و ناهەمواری دەبێت.

چۆن ئافرەت ئەتوانێت ئەم ئەركانە جێبەجێ بكات، ئەگەر خۆی هاوسەری ژیانی هەڵ نەبژاردبێت، بۆ ئەوەی دڵی ئاسودەبێت، و داواكارییە دەرون‌وی جەستەییەكانی بەدی بێت لەگەڵ هاوسەرەكەی؟! كاتێك ئیسلام ئەو لێپرسراوێتیە گرنگەی واجب كردوە لەسەر ژنان، لەگەڵ واجبكردنی ئەو ئەركەیشدا مافی دیاری كردنی ئایندەی خۆشی پێ بەخشیوە، ئەویش بریتییە لە: هەڵبژاردنی هاوسەرو ئازادی بیروبۆچونی لەسەری، بۆیە ئەم مافەشی پێداوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی ژیان ڕابگرێت و لەسەر ئەو ڕێگایە هەنگاو هەڵبگرن كە خوداو پێغەمبەرەكەی(ρ) نەخشەیان بۆ داڕشتووە.

ئەو هاوسەنگییەی کە خودای پەروەردگار دایناوە بۆ پێوانەکردنی کارەکانی مرۆڤ بریتین لە: هاوشانی دەسەڵات لەگەڵ بەرپرسیارێتیدا، بەم دوو ڕێگایە شەریعەت پرسیی داد پەروەری دەنەخشێنێت.

(سعید یوسف سید صالح) لەکتێبەکەیدا دەڵێت:"لەسەر ئەو پرسەی ئافرەتان مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان هەیە دوو جۆر بۆچون هەیە، هەندێك هاوڕان لەسەر، وەهەندێکیش دژی ئەم هەڵبژاردنەن. ڕەنگە سەرچاوەی ئەم گفتوگۆیە هەڵە تێگەیشتن بێت لە هەندێك دەقی فەرمودە:

ئەوانەی دژی ئەم مافەن دەڵێن: ڕوکەشی ئەو فەرمودەی کە پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: "هەر ئافرەتێك بەبێ ڕەزامەندی وەلییەکەی مارە ببڕێت ئەو هاوسەرگیرییە دروست نییە، سێ جار دەفەرموێت: ئەو هاوسەرگیرییە دروست نییە، ئەگەر ڕۆشتە لای ئەوە مارەیی دەکەوێتە ئەستۆی پیاوەکە، ئەگەر کچێك هەبوو کەس و کاری نەبوو ئەوە سەرۆکی ئەوکاتە دەبێتە سەرپەرشیتاری ئەو کەسانەی کە بەخێو کەریان نەبێت). رواه احمد وابو داود وابن ماجةوالترمذي.

دیارە بە هەڵە لەم فەرمودەیە تێگەیشتوون، چونکە ئەوان دەڵێن: ئافرەت مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو ڕاوێژکردنی نییە، ئەوەی سەرپەرشتیار بەسەردا دەدات پێویستە گوێڕایەڵی بێت و جێبەجێی بکات.

ئەمە مانای ڕاستی فەرمودەکە نییە، بەڵکو ئەم فەرمودەیە بۆیە هاتوە بۆ ئەوەی مافی سەرپەرشتیارە لە ڕاوێژ پێکردنیدا، نەك ڕێگری کردن لە ئافرەتان لە دەربڕینی بیرو بۆچونی... لێرەوە شەرع ناسان هاتون ڕازی بونی سەرپەرشتیاریان بە پێویست گرتووە، چونکە سەر پەرشتیار بە بیرکردنەوەو ژیرییەوە ئەو بۆچونە دەردەکات، ئەوان وادانەنێن سەرپەرشتیار باشتر بەرژەوەندی کچەکە دەزانن، لەوە دەترسن کچەکە توشی ناهەمواری ببێت، چونکە زۆر جار کچان بە هۆی کاریگەری ویستەمەنیەکانیانەوە بڕیاردەدەن، بە قسەی شیرین بەڵێنی درۆ دەکەونە ژێر کاریگەریەکانی کوڕانەوە

هەڵدەخەڵەتێن... بۆیە بونی سەرپەرشتیار بەپێویست گیراوە، نەك هاوسەرگیرییەكە بسەپێنێت بەسەر كچەكەیدا.

بەڵام دیاری كردنی ئەم مافەی سەرپەرشتیار واناكات ئافرەت مافی هەڵبژاردنی نەمێنێت، دەتوانێت هەركەسێك كە بەشیاوی نەدەزانی ڕازی نەبێت پێی، چونكە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر (ρ)ی بەپێز پێداگری دەكەن بۆ بەدی هێنانی دادپەروەرو مافەكانی مرۆڤ، پشتگیری لە ئازادكردنی بیرو بۆچونی ئافرەتانو دیاری كردنی ئایندەیان دەكەن".

٭ ئینبو عەباس دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: "بێوەژن ئازادە لەوەی خۆی بڕیاربدات بۆ هاوسەرگیری، وە كچانیش دەبێت مۆڵەتیان لێ بخوازین، بێ دەنگ بونیان نیشانەی ڕازی بونیانە" (رواه الجماعة الا البخاري، وفي رواية لأحمد ومسلم وابى داود والنسائي: (پێش مارەكردنی كچان پێویستە باوكان مۆڵەتیان لێوەربگرن).

٭ (ئەبو هورەیرەE) دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خودا (ρ) فەرمویەتی: "بێوەژن مارە نەكەن هەتا خۆی فەرمانی لێوەرنەگرن، وە كچانیش مارە نەكەن هەتا مۆڵەتیان لێ نەخوازن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ρ) چۆن مۆڵەتیان لێ وەربگرین؟ فەرمووی: ئەگەر بێ دەنگ بوو".

٭ حەسنا بۆمان دەگێڕێتەوە: باوكی دابوی بەشوو لەكاتێكدا ئەویش بێوەژن بوو، هاتە لای پێغەمبەر (ρ) سكاڵای كرد، ئەویش هاوسەرگیرییەكەی هەڵوەشاندەوە" (أخرجه الجماعة إلا مسلم).

٭ ئیبنو عەباس بۆ مان دەگێڕێتەوە: كەنیزەكێكی بەكری هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ρ) سكاڵای لای پێغەمبەركرد كە باوكی داویەتی بەپیاوێك ئەویش حەزلی لەو كارە نییە پێغەمبەر (ρ) خۆی سەرپشك كرد لە كردنی یان نەكردنی. (رواه أحمد وأبو داود وابن ماجة والدارطقني).

★ (ئەبو عبدالله ی کوڕی بوریدەE) ئەویش لەباوکیەوە: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ρ) وتی: باوکم منی داوە بەکوڕە مامم، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەیان تونو تۆڵ بکات، پێغەمبەر(ρ) خۆی سەر پشککر لەوەی چی دەکات، وتی: من خۆم ڕێگەم دا بە باوکم ئەم کارە بکات، بەڵام بۆیە وام کرد بۆ ئەوەی ئافرەتان مافەکانیان بزانن، من رازیم بەو کارەو هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم. (رواه ابن ماجه وجاله رجال الصحیح).

ئەمە سونەتی پێغەمبەری خودایە(ρ) ئەو ڕێبازە ڕونو دیارەی بچوکترین گومان نابیت لەسەر پرسیی ئازادی ئافرەت بۆ دیاری کردنی ئایندەی خۆیانو هاوسەری ژیانیان.

بابەتی سەرپەرشتیار (ولی) ئەوە ڕێزگرتنو بەنرخی ئافرەتانە، بۆ ئەوەی بپارێزرێت و، بەئاسانی نەتوانرێت ئافرەتان بەکار بهێنرێن بۆ بەرژەوەندی تایبەتیو بەدەمەوە هاتنی ویستەمەنییەکانی پیاوان، هەر بۆیە سەرپەرشتیار دانراوەبۆ ئەوەی لەتەنیشی بوەستێت و، ڕاوێژی لەگەڵ بکات لە هەر پێش هاتێك، چونکە شەریعەتی ئیسلامی لەسەر ڕاوێژکردن دروست بووە.

ئەمە باڵاترین مانای سەربەستییە، پێغەمبەر (ρ) ڕازی نەبوە بەزۆر هاوسەرگیری بکرێت، وە واشی نەکردوە کەسێك زۆر لەکچەکەی بکات بۆچونەکەی بگۆڕێت، ئەمە سەربەستی سنوردارە: هەرکەسێك دەیەوێت و دەتوانێت با بەو شێوەیە هاوسەرگیری بکاتو ڕازی بێت بەو مافو ئەرکانەوە، ئەگەر توانای هەلگرتنی ئەو ئەمانەتەی نییە ئەوە با بمێنێتەوە هەتا ئەوکاتەی کەسێکی گونجای دەست دەکەوێت، ئەمە دینە نایەوێت خەڵك بخاتە ناو گێژاوی تاوانو سەرکەشییەوە.

ئەم ئازادیو سەربەستییە بە بیرکردنەوەو ژیرییەوە هاتوەتە بەرهەم، پێغەمبەر (ρ) زۆر پێداگری لەسەر دەکرد بۆ بەدی هێنانی سەربەستی و تێدەکۆشا بۆ هاتنە پێشەوەی خەڵكو بڵاو بونەوەی دینی خودا لەسەر زەویدا.

# باسی حەوتەم

## ئازادیەکانی ئافرەت لەدوای چونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری

کەسێك دەپرسێت: ئافرەت دوای هاوسەرگیری هەر بەئازادی دەمێنێتەوە؟ یان پێویستە لەسەری کە ملکەچو شوێن کەوتەی بڕیارەکانی مێردەکەی بێت؟!

لەوەڵامدا دەڵێین: یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی ئیسلام بۆ ئازادی ئافرەتان بریتییە لە مافی سەربەستبونی بەتایبەتی دوای هاوسەرگیریکردنی. لەتیۆریای ئیسلامیدا هاوسەرگیی مانای کۆیلایەتی نەبوە، وەك چۆن لە سەدەکانی پێش هاتنی ئیسلام هەمان مانای هەبووە، بەڵکو پڕۆژەیەکی هاوبەشە ژنانو پیاوان پێکەوە لەسەر ڕێگەی شەریعەتی ئیسلامی پێکەوە ببەنەسەر، بە هاوبەشی ئەو پڕۆسەیە بەڕێدەکەن، لێرەدا باشترین ئەو کەسە دەبێت کە زیاتر ئاسان کاریو لێبوردەی هەبێت بۆسەرخستنی ئەو پرۆسەیە، لەم پڕۆژەیەدا هیچ کام لە دوو هاوسەرەکە مافی نییە لایەنەکەی تر پشتگوێ بخات، چونکە هەریەکەیان ئەرکی دیاری کراوی تایبەت بەخۆی هەیە لە بازنەی خێزاندا، هەردوولا لێپرسراوی خۆیان هەیە بەرامبەر بە ئەرکەکانیان، بە کەمتەرخەمو بێ موبالاتی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان توشی لێپرسینەوەی قیامەت دەبن.

لەم ئایدیاوە: ئافرەتان مافی خۆیانە مامەڵە بەسەر هەرشتێکدا بکەن کەخۆیان خاوەندارێتی دەکەن، مافی پەرستش، خزمەتی مێردی بەڕەزامەندی خۆی هەیە، مافی خۆیەتی بەجوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و مندالْ بونی خۆی ڕێکبخات، ئافرەتان خۆیان ئازادن لە کۆتایی هێنان بە پەیوەست نامە(عقد الزواج) لەشەریعەتی ئیسلامیدا بە (خلع) — واتە تەڵاق

کرپینەوە- شەریعەت مافی دایەن گرتن‌و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی داوە پێیان.

ئەو ئازادیانەی کە ئافرەتانی موسوڵمان هەیانە لە ژیانی هاوسەرێتیدا، هیچ کام لە ئافرەتانی ڕۆژاوا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت دەستەبەریان نەکردووە، ئەوەی ئافرەتان ئەمڕۆ لەڕۆژاوا بەدەستیان هێناوە لەم نزیکانەدا دوای شۆڕشی پیشەسازی بوو لە ئەوروپا. بەڵام ئایا ئەوەی کە پێی گەیشتوون بە ئەنجام دانی ئەو هەموو ئەرکە قورسەی لەسەر ئافرەت دانراوە - بە بیانوی ئازادی ئافرەتان- ئەمە پێی دەوترێت سەربەستی، یان ئەوەی ئیسلام لەشەریعەتدا ڕەگ وڕیشەی ئازادی ئافرەتان بڵاو بوەتەوە لەسەرتای دەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامیەوە؟ ئەگەر ئەم مێژووە پرشنگدارە هەندێك تەم‌و مژی بوهتان‌و درۆ بخەنە سەری، بەپێچەوانەوە بیانەوێت شتانێکی نەشیاو بدەنە پاڵی، پێویستە ئەو تەمو مژە لابدەین‌و هەڵیوەرێنین بەسەر شەریعەتەوە، ڕوی ڕاستی شەریعەت پیشانی خەڵك بدەین، بۆئەوەی مرۆڤەکان لەتاریکی گومان‌و نەزانیەوە بەرەو ڕوناکی و دڵنایی ببەین، پشتیوان بەخودا ئێمەش ئەم ئامانجەمان هەیە.

ββββββββ

## بەشی سێهەم

## ڕوانگەکانی ئازادی ئافرەت دوای پرۆسەی هاوسەرگیری

### ١- ئافرەتان‌و مافی مامەڵەکردن بە خاوەندارێتییەوە:

لەسەردەمی نەفامیداو لەسەدەکانی پێشوودا بەهۆی بڕوا بوون بە ئەفسانەو خەیاڵاتی پوچو بێبنەما، بڕوایان وابوو ئافرەتان پلەیەك لەپیاوان لەخوارترن، بەهۆی ئەم بیرە چەوتەوە ئافرەتانیان بێ بەش دەکرد لەبردنی میرات، هیچ مافێکی نەبوو لە میراتی خێزانەکەی. ئیسلام بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم مافەی پێداو کردی بە یەکێك لەو لایەنانەی کە بەشی خۆیان میراتیان بەردەکەوێت.

(ج.م.روبرتز(٢٣) دەڵێت:"لەچەند ڕوویەکەوە هاتنی ئیسلام شۆڕشێکی گەورەبوو، ئافرەت لە هەموو کارێکدا لەدواوەبوو، بەڵکو ئیسلام هاتو کەسایەتی ئافرەتی بونیات نایەوەو مافی یاسای خۆی بۆ دیاریکرد، لەکاتێکدا تاکو سەدەی (١٩) لە وڵاتە ئەوروپیەکان ئافرەتان هیچ مافێکیان نەبوو. تەنانەت ئیسلام مافی کۆیلەکانیشی دیاریکرد. لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چینایەتیو تائیفە گەرایی نەبوو، جێگەو کورسیەکانیش وەك میراتی نەدەدرا بەکەس. ئەم شۆڕشە بەهۆی بونی ئەو دینەوە بەوشێوەیە سەری گرت، هیچ لایەنێکی پشت گوێ نەخستو لە هەموو ڕوویەکەوە کاریکرد".

ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن لەئیسلام و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستنو دەڵێن: ئیسلام جێگەی ئافرەتی کەمتر داناوە لەپیاوان، ئیسلام دڵفراوانییەکی بێ سنور ئەم ڕەخنەیە وەردەگرێت، ئەو کەسانە خۆیان بەهەڵە تێگەیشتوون، کەمو کورتییەکە لەخۆیانە. لەسەردەمی دێرینەوە هەتا ئەمڕۆمان میرات یەکێکە لەوکارانەی گرنگی تایبەت خۆی هەیە، چونکە تاکەکانی هەموو خێزان دیاری دەکاتو مافی خۆیان پێدەدرێت بەپێی پلەی خزمایەتیان.

دادوەر (راجندر اساشار) سەرۆکی دادگای باڵای پێشووی (دلهی) دەڵێت:

"لەڕوی مێژووییەوە ئیسلام یەکەم دین بووە هەموو مافەکانی خاوەندارێتی بەئافرەت بەخشیوەو ئازادی کردوە لەمامەڵەکردن پێیانەوە، لەڕاستیدا هەتا ساڵی (١٩٦٥) ئاینی هیندۆسی ئەم مافەی بە ئافرەت نەدابوو. لەو ساڵە بەدواوە

هیندۆسیەکان یاسای باری کەسێتیان جێبەجێکرد، لەکاتێکدا ئیسلام پێش (١٤٠٠) ساڵ ئەم مافەی بە ئافرەتان داوە".

یەکێك لە گرنگترین کارەکانی ئیسلام کە کردویەتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بریتییە: لە گشتگیر کردنی کارەکانی، تەنها نەهاتووە کار لەسەر بیرو باوەڕ بکات، بەڵکو لەزۆر لایەنەوە کاری کردوە و لەسەر زۆر لە جومگە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە شۆڕشی بەرپارکردووە. شارستانێتی ئیسلامی لەماوەی ئەم چەند سەدەیەدا کاری بەربلاوی کردوە لەدونیادا، شوێن دەستی کارەکانی لەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکان ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە پاش ئەوە، لە سەرتاسەری جیهاندا دیسانەوە چاویان بە مافەکانی ئافرەتاندا هێناوەتەوە، دوای ئەوە دانیان ناوە بەمافەکانی ئافرەتان، وەك پیاوان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

خودای پەروەردگار لێرەوە سپێدەی خاوندارێتی ئافرەتی ڕاگەیاندووە کە دەفەرموێت: ﴿لِّلرِّجَالِ نَصيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيباً مَّفْرُوضاً﴾. النساء٧.

واتە: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوان و خزمان بە میراتی لەدوایان بەجێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا ك بەمیراتیی لەباوانو خزمان بەجێ دەمێنێت، کەم بێت یا زۆر بەشی هەر کەسێك دیاری کراوەو دەبێت بیدرێتێ.

سعیدی کوڕی جوبیر وقتادە بۆ هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەفەرمووت: موشریکەکان کاتێك کە سێك بمردایە لەمیراتەکەی بەشی ژنانو منداڵانیان لێ نەدەدا، بۆیە ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی، واتە: هەمووان بەپێی داد پەروەردی خودای پەروەردگار مافی وەرگرتنیان هەیە لەو ماڵەکەی بەجێ دەمێنێت، بەپێی نزیکیان لەمردوەکە مافەکانیان دیاری کراوە. ڕۆژێك خێزانی سعدی کوڕی ڕەبیع هات بۆلای پێغەمبەر (ρ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ρ) ئەم دوو منداڵە منداڵی سەعدی کوڕی ڕەبیعن لە خەزای ئوحودا شەهید بووە،

ماڵەکەی سەعد لای مامیان بووە ئێستا دەستی بەسەردا گرتووەوە نامان داتەوە، ئەمان هاوسەرگیری ناکەن ئەگەر ماڵیان نەبێت، فەرموی: خودا داد وەرە لەسەر ئەم کێشەیە، ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی، باسی شێوازی بردنی پشکەکان دەکات لەمیراتدا دەفەرموێت:﴿يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ﴾. النساء١١.واتە: خودا ڕێنمویی تان دەکات دەربارەی نەوەکانتان لەبواری میرات گرتندا (ئەویش ئەوەیە) کە بەشی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشی مێینەیە (ئەڵبەت ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت لە گشتی ڕێزدارە لە ئیسلام دا، ئەگەر دایکە، ئەوا بەهەشت لە ژێر پێکانیدایە و لەلایەن کوڕانیەوە ئەو پەڕی ڕێزی هەیە و ژیانی مسۆگەرە، ئەگەر هاوسەرە ریزی هەیە لای مێردەکەیی و دەبێت ژیانی مسۆگەر بکات، ئەگەر خوشکەو لای برایەتی یاخود کچەو لەماڵی باوکیدایە بەهەمان شێوەیە).

پێغەمبەر (ρ) ناردی بەشوێن مامەکەیداو پێی فەرمووی: دوو لەسەر سێ میراتەکە بدە بە دوو کچەکەی سەعد، هەشت یەکیش بدە بە دایکیان، هەرچی مایەوە بۆ تۆیە.

ئیدی چۆن هەندێك چاو چنۆك هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر دینەکەمان؟ ئەگەر لەسەر ئەمە بێت پیاوان دوو هێندەی ژنان دەبەن، ئەمە بۆ هەندێك پێداویستی تایبەتی پیاوانە، چونکە مارەیی، نەفەقە، سەرپەرشتی، کێشەکانی بازرگانیو بازاڕکردن، لەئەستۆ گرتنی کێشەکان، جیهادکردن، سەرپەرشتی ئافرەتان: یان ژنەکانیان، یان دایکیان، یان خوشکەکانیان، یان کچێکیان، لایانەو پێویستە سەرپەرشتیان بکاتو پێداویشتیەکانیان دابین بکات. ئەگەر هەندێك لە تاریکایەتی نەفامی لەناخیاندا مابێتەوە، بیانەوێت ئافرەتان بێ بەش بکەن لەمامەڵەکردن لەخاوەنداریێتی ماڵەکەی، قورئانی پیرۆز لەبەردەم ئەم بیرە نەفامیانەدا وەستاوەو ئەو تۆزو دوو دڵیەی کە باڵی کێشاوە بەسەر دەرونەکاندا ڕایدەماڵێت، ئافرەتان لەکۆیلایەتی ئەمانە ڕزگار دەکات و دەفەرموێت:

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهاً وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾. النساء١٩.

واته: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە دروست نییە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتانو دەستیان بەسەردا بگرن (وەکو کەلو پەلی تری ناو ماڵ) زۆریان لێ مەکەن تا هەندێك مارەیی تان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیاریان ئەنجام دا، وە با رەفتارو کردارو گوفتارتان چاك وجوان بێت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون دوو رنییەو دەشێت حەزتان لەشتێك نەبێت وخوا بیکات بە مایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور.

(بوخاری) بۆمانی گواستوەتەوە لە (ئیبنو عەباس)ەوە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ئەگەر پیاوێك بمردایە لەسەردەمی نەفامیدا، دەبوایە ژنەکەی شوی بکردایە بەکەسە نزیکەکانی مێردەکەی، ئەگەر بیویستیانە دەیانهێنا، ئەگەر نەشیان ویستایە نەیان دەهێنا، بەڵام ئەوەی تیابوو کە کەسە نزیکەکانیان لەپێشتربوون بۆ ئەوکارە، ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی.

(علی کوڕی ئەبو تەڵحە) لە (ئیبنو عومەر)ەوە (Φ) دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەگەر پیاوێك بمردایە کەسی مێردەکەی خۆیان لەپێشتربوون بۆ ئەوەی بیخوازن، ئەگەر جوان بوایە ئەوە خۆیان مارەیان دەکرد، ئەگەر ناشرین بوایە ئەوە لەماڵێکدا بەندیان دەکرد هەتا دەمردو دواتر میراتیەکەیان دەبرد.

(زەیدی کوڕی ئەسلەم) لەمانای ئەم ئایەتەدا دەڵێت: لە مەدینە ئەگەر پیاوێك بمردایە، ئەوەی کە ماڵەکەی بە میراتی بەردەکەوت ژنەکەشی وەك میراتی دەبرد،...

قورئانی پیرۆز زیاتر مافی خاوەندارێتی سەروەتو سامانی داوە بە ئافرەت: مێردەکەی مافی نییە کە زۆری لێبکات بۆئەوەی لەکاتی تەڵاق دانیدا هەندێك

لەو مارەییەی لێ وەربگرێتەوە، یان هەر دیارییەکی تر کە پێی بەخشیوە، ئەگەر سەروەتو سامانێکی زۆریش بێت.

﴿وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَاراً فَلاَ تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْئاً أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَاناً وَإِثْماً مُّبِيناً﴾. النساء٢٠. واتە: ئەگەر ویستتان هاوسەرێك بخەنە جێگەی هاوسەرێکی تر، وە مارەیی یەکەی (ئاڵتوون و سامانێکی) زۆر بوو، نابێت هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوەو لێی کەم بکەنەوە. ئایا ناڕەوایی و گوناهو ستەمێکی ئاشکرای ئاوا ئەنجام دەدەن و دەستی بەسەردا دەگرن؟!.

ئیسلام هاتووە ئەو کارە قێزەونەی پێشووی هەڵوەشاندوەتەوە و، بەباشترین و جوانترین شێوە باسی پەیوەندی هاوسەرێتی دەکات، زۆر پێداگری کردوە لەسەر پاراستنی کەسایەتیو ئازادی بیرو بۆچونی ئافرەتان دەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقاً غَلِيظاً﴾. النساء٢١.

واتە: چۆن دروستە مارەییان لێ وەرگرنەوە لەکاتێکدا ئێوە چونەتە لای یەك و ژنانیشت پەیمانو بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون لەکاتی مارەکردنیاندا.

مارەیی مافێکی ئافرەتە لەسەر پیاوەکەی، جگە لەخۆی هیچ کەس مافی بەسەریەوە نییە، لە پیاوان دەسەنرێت بەویستی خۆی لەژێر ڕۆشنایی پەیامی خوداو پێغەمبەر (ρ) بۆ بەهێزبونی پەیوەندی هاوسەرێتی. هەروەك چۆن بەڵگەشە لەسەر ئەوەی پیاو دەتوانێت خۆی بخاتە ژێر بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی خێزانەوە. ئافرەت خۆی بەویستی خۆ دەتوانێت دەست هەڵبگرێت لەم مافە، ئەگەر پیاوان دوای ئەوەی کە چێژی لە ئافرەتەکە بینی ئەوە مافی نییە کە زۆری لێ بکات، یان دەست بگرێت بەسەر ئەو مارەیەدا. هەرکەسێك دەیەوێت بەتەواوی ئەم مافە بدات پێویستە دوور بکەوێتەوە لە ویستە ناپەسەندەکان.

﴿وَآتُواْ النَّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَّرِيئاً﴾. النساء٤.واتە: مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵفراوانی و ئاسودەییەوە، خۆ ئەگەر بە ئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشییان بە ئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بێنن، وە بە بێ دوودڵی نۆشی بکەن.

ئەو شێوازەی کە شەریعەت دیاری کردوە بۆ مامەڵەکردنی ئافرەتان بە خاوەندارێتیەوە هێندە بەرزو ڕوونە خەریکە دەگاتە هەورەکانی ئاسمان، تەنها خاوەن ژیریو تێگەیشتوەکان ئەم مافە دەبینین... ئافرەت لەئیسلامدا کەسێتییەکی سەربەخۆی هەیە، ئازادە لەهەرکۆتو پێوەندێك بۆ مامەڵە کردن بە ماڵو هەموو خاوەندارێتیەکانی تر.

لەسونەتی پیرۆزدا چەندین بەڵگەی ڕوونمان هەیە، هێندە ڕوونە هیچ ڕێگەکی گومان نامێنێتەوە لێی:

هیچ گومانی تیانیە ئەم ئازادیە خێزانەکان ڕێك دەخاتەوە نایڕوخێنێت، دەی پارێزێت لە لەناو چوون، چونکە ئافرەت خاوەنی ماڵە، ئەگەر هاوکاری مێردەکەی بکات لەکاتێکدا هەژارە، نارەحەتیەکانی خێزانی لەگەڵدا هەڵبگرێت بەبێ منەت کردن بەسەریداو ئازاردانی، یان وابزانێت ستەمی لێدەکرێت کە هاوکاری مێردەکەی دەکات، چونکە ئەم بڕوای وایە ئەم کارە تەنها لەپێناو خودادا دەکاتو چاوەڕوانی پاداشتە، زەکاتیش پێویستە لەماڵەکە دەربکرێت چونکە بەدەرکردنی زەکات ماڵەکەی پاك دەبێتەوە، ئەم شێوازە مامەڵەکردنە پەیوەندی خێزانەکان زیاتر بەهێز دەکاتو خۆشەویستی تیا گەشەدەکات.

(ئەبو نەجیب سەلەمی) دەگێڕێتەوە: لە تائف گەمارۆ درابوین، گوێم لێبوو پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: ئەگەر پیاوێك پیاوێك ئازاد بکات خودای پەروەردگار هەموو ئەندامەکانی رزگار دەکات، وە ئەگەر ژنێکی موسوڵمان ژنێکی موسوڵمان

رزگار بکات خودای پەروەردگار هەموو ئەندامەکانی رزگار دەکات. (رواه ابو داو وابن حبان في صحيحه)

شوێنی بەڵگە هێنانەوە لێرەدا ئافرەتانە، کەئەگەر ئافرەتێك ئافرەتێکی موسوڵمان رزگار بکات، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئافرەتان سەروەتو سامانی خۆیان هەبووەو خۆشیان بەئازادی توانیویانە مامەڵە بەو موڵکدارێتیەوە بکەن کە هەیان بووە، لێرەدا تەنها ناڵێت مێردەکەی ڕزگار بکات، بەڵکو بە پێی دەستوری قورئانی ئازادی کردوە لەمامەڵەکردن بەماڵەکەیەوە:﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾. المدثر٣٨.واتە: چونکە لە قیامەتدا هەموو کەس بارمتەی دەستپێشکەری خۆیەتی و (کردەوەکانی دێنەوە ڕێی)

﴿يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئاً وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ﴾. الانفطار١٩.

واتە: ئەو ڕۆژە کەس ناکەوێت، کەس هیچ شتێکی لە دەست نایەت بۆ کەسانی تر، ئەو ڕۆژە هەموو شتێك بەدەست خوایە، فەرمان تەنها فەرمانی پەروەردگاری دادپەروەرە.

## ٢- ئازادی ئافرەتان لە جێبەجێ کردنی پەرستشەکاندا:

ئافرەتان بونەوەرێکن لەگەڵ پیاوان یەکسانن لە پاداشتو سزادا، لەهەمان کاتیشدا لێپرسراوێتییەکیشان لەسەر شانەو پاداشتی لەسەر وەردەگرن بە ئەنجام دانیان، بەوپێەی کە شەرع لەسەری پێویستی کردووە، بەشێوەیەك بۆی دانراوە لەگەڵ سروشتی خۆیدا بگونجێتو بتوانێت جێبەجێی بکات، خودای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُواْ وَقُتِلُواْ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَاباً مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾. آل عمران١٩٥.

واتە: کاتێ کە ئیمانداران بەم شێوەیە نزایان کرد، کە پەروەردگاری ئازیزیان فێریان دەکات، بێگومان ئەو زاتە دوعاکانیان لێ وەردەگرێت (بەهاناو هاواریانەوە دەچێت بۆیە دەفەرموێت): بەڕاستی من هەوڵو کۆششو کارو کردەوەی هیچ کام لە ئێوە بەزایە نادەم، چ نێرینەو پیاوتان، چ مێنەوە ئافرەتتان (چونکە) هاوکاری یەك بوون (لەچاکەو چاکەکاریدا) جا ئەوانەی کۆچیان کرد، وە لەشوێنەواری خۆیان دەربەدەر کران و ئازارو ئەشکەنجەدران لە پێناوی مندا، وە جەنگان و شەهید کران، بەڕاستی چاوپۆشی دەکەم لە هەڵەو گوناهەکانیان، ووە دەیانخەمە باخو باخاتی بەهەشتەوە کە جۆبارو روبار بەژێر درەختەکانیدا و بەناو کۆشکەکانیدا دەڕوات، ئەمەش پاداشتێکە لەلایەن خواوە (پێشکەشیان دەکرێت) وە خوا چاکترین پاداشتی لایە، (بۆ چاکە خوازان).

ئیسلام مافی ئازادی پەرستشی بە ئافرەتان بەخشیوە، بۆئەوەی بەهۆی مێردەکەیەوە لەخودا دوور نەکەوێتەوە.

* (ئەبو سەعیدی خودریE) بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: "ئافرەتان وتیان ئەی پێغەمبەری خودا (ρ) زۆربەی جار تۆ لەناو پیاواندایت، ڕۆژێکمان بدەرێ ئێمە بتوانین بێینە خزمەتت، ئەویش ڕۆژێکی بۆ دیارکردن بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکات، ڕۆژێك پێی فەرموون(ρ): هەرئافرەتێك سێ منداڵی بمرێت، ئەوە دەبێتە پەردەیەك لەنێوان ئەوو ئاگردا، ئافرەتێك وتی: ئەی دوان؟ فەرمووی: دو منداڵیشت".

* (سلێمانی کوڕی حەربE) بۆمان دەگێڕێتەوە: "شەعبەی کوڕی ئەیوب دەڵێت: گوێم لە عەتابوو دەیوت: گوێم لە پێغەمبەر بوو(ρ)، یان گوێم لە ئیبنو عەباس بوو دەیفەرموو: پێغەمبەر (ρ) لەگەڵ بیلال دەرچونێکیکرد، بۆ یەکێك لە دانیشتنەکانی لەگەڵ ئافرەتاندا، فەرمانی پێکردن بە بەخشین و چاککردن، ئافرەتێك ئەڵقەیەكو ڤیراتێکی دەرهێناو، بیلالیش خستیە باخەڵی"

لەم دوو فەرمودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت: ئافرەتان مافی فێربون‌و زەکات دانیان هەیە، بۆ ئەوەی بەرامبەر خودای پەروەردگار توشی لێپرسینەوە نەبن.

تەنانەت ئافرەتان ئازادن لە بەشداری کردنی جیهاددا، رەبیعی کچی معوز بۆمان دەگێڕێتەوە: "ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر (ρ) بەشداری شەڕەکانما دەکرد بریندارەکانمان چارەسەر دەکر کوژراوەکانمان دەگواستەوە بۆ مەدینە".

ئومە عەتیەی ئەنساری دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ρ) بەشداری (٧) جەنگم کردووە، من خواردنم بۆ دروست دەکردن، دوایان دەکەوتم بۆ ئەوەی هەرجی جیێ بمایە بم بردایە، بریندارەکانم تیماردەکرد، چاودێری نەخۆشەکانم دەکرد.

نوێژکردنی ئافرەتان لە مزگەوتدا: پێغەمبەر (ρ) نوێژی لەمزگەوتی داوە بەدەستی خۆیانەوە، بەڵام خۆی وای پێ باشبوە لەماڵەکانیان نوێژ بکەن، لەترسی ئەوەی نەك توشی شتێکی خراپ ببن، ئەم کارە بەزۆر ملێیی ناکرێت بەڵکو بەڕەزامەندی خۆیان دەبێت، ئافرەتان خۆیان ئازادن لەکوێ نوێژ دەکەن:

(ئیبنو عومەر) بۆمان دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (ρ) فەرمووی رێگری مەکەن لە ئافرەتان بۆهاتنیان بۆ مزگەوتەکان، بەڵام ماڵەکانیان باشترن بۆخۆیان. (رواه أبو داود).

تەنانەت بۆ ئافرەتانیش سونەتە بەشداری نوێژی کۆمەڵی بکەن وەك پیاوان: ئەبی هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (ρ) هەرگیز رێگری نەدەکرد لە ئافرەتان بۆ مزگەوتەکان، بەڵام دەیوت خۆیان نەڕازێننەوە. (رواه أحمد وأبو داود).

ئەمانە بۆ رێزگرتنی ئافرەتانە، لەبەر ئەوەی بێ بەش نەبن لە پاداشتی نوێژی بەکۆمەڵ: عائیشە پێش نوێژی دەکرد بۆ خەڵك، ئافرەتان لەتەنیشتی دەوەستان، ئومو سەلمەش هەمان کاری کردوە بۆ ئافرەتان، پێغەمبەر (ρ) رێگەی داوە ئومو وەرەقە بانگ بدات بۆیان، ریگەشی داوە پێش نوێژی بۆ ماڵەوەی بکات.

شەریعەت ڕێگەی داوە ئافرەتان پێش نوێژی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی خۆ بکات، تەنانەت ئەگەر پیاویشی تیابێت، بەمەرجی ئەوەی پیاوەکە خوێندەواری نەبێتو هیچ دەربارەی قورئان نەزانێت، ئەبو یەعلی تەبەرانی بۆمان دەگێڕنەوە بە سەنەدەێکی حەسە: ئوبەی کوڕی کەعب هات بۆلای پێغەمبەر (ρ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمشەو کارێکم کردووە، فەرموی چییە؟ وتی: ژنەکانم لەگەڵمدابوون لەماڵەوە، وتم تۆ قورئان بخوێنەو من نایخوێن، نوێژی بۆکردنین هەشت ڕکاتمان کرد، پێغەمبەر (ρ) بێ دەنگ بوو، دەڵێت ئەو بێدەنگیە وەك ڕازی بونێك بوو لەکارەکەی.

ئەنجام دانی حەج: شەریعەتی ئیسلامی ڕێگەی داوە ئافرەتان حەجی واجب ئەنجام بدەن، سونەتە ڕەزامەندی مێردەکەی وەربگرێت، ئەگەر ڕێگەی نەدا نابێتە ڕێگر، بەبێ ڕەزامەندی پیاوەکەی دەتوانێت بڕوات، چونکە پیاوان ناتوانێت ڕێگری لە ژنەکانیان بکەن بۆ ئەنجام دانی حەجی واجب، لەبەر ئەوە ئەم پەرستشێکە واجبە لەسەری، یاسایەکی شەرعیمان هەیە دەڵێت: نابێت گوێڕایەتی دروستکراو بکەیت ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودابکات، هەروەك چۆن دەتوانێت لەکاتی خۆیدا نوێژەکان بکات، هیچ ڕێگرییەك نییە ئەم مافەی لێ مەنع بکات.

بەم شێوەیە پێغەمبەر (ρ) تەواوی سەربەستی داوە بەئافرەتان بۆ ئەنجام دانی پەرستشەکانیان، بۆ ئەوەی بەتەواوی بتوانن ئەرکە ئیمانیەکانیان ئەنجام بدەن. بەڵام سونەتەکان دەبێت بەڕەزامەندی مێردەکانیان بێت، ئەم کارەش بۆ ئەوەیە ئافرەتان خۆیان نەدزنەوە لە ئەرکە خێزانیەکانیانو مافی هاوسەرو منداڵەکانیان پشتگوێ بخەن، چونکە ئەرکەکانی خێزانداریش لەسەر شانیانە پێویستە ئەو ئەرکانەش جێبەجێ بکات، پشت گوێخستنو گوێ نەدان بەم ئەرکانەش خێزان بەرو کێشەی گەورەو هەڵوەشاندنەوە دەبات.

ئیسلامیش کار بۆ بەهێزکردنی خێزانەکان دەکات، لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی بەهێز ڕەگو ڕشەی داکوتیوە، چونکە ئومەتی ئیسلامی باشترین گەلن لەناو گەلاندا ئەگەر بەپێی فەرمانەکانی شەریعەت بەڕێووە بڕوات، هەریەکەیان ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بەباشی و بەگوێرەی شەریعەت ئەنجام بدات.

## ٣- ئازادی ئافرەتان لەخزمەت کردنی مێردەکانیان:

ئەم بابەبەتە یەکێکە لەو خالآنەی هەڵوەستەیەکی زۆری لەسەرە، زۆر کێشە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەرکێکە لەسەر شانی ژنان یان ئەرکێکی دینی نییە، هەندێك لە سەلەفو خەلەف دەڵێن ئەرکێکی دینە لەسەر ئافرەتان خزمەتی مێردەکانیان بکەن، ئەبو سەور دەڵێت: "پێویستە لەهەموو کارێکیا خزمەت بە مێردەکی بکات". هەندێکیش لەزانایان بە ئەرکی دینیان دانەناوە خزمەتی مێردەکانیان بکات، لەوانە (مالك، شافعی، ئەبو حەنیفە)، زاهیریەکانیش دەڵێت پەیوست نامەی هاوسەرێتی تەنها لەسەر چێژوەرگرتنە، نەك خزمەتکردن، پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی سود گەیاندنە بەیەکتری. دەڵێن: ئەو فەرمودانەی کە باسکراوە فاتمە خزمەتی علی بکات، وە ئەسما خزمەتی زیدی مێری بکات، ئەمە وەك خۆبەخشتو پاداشت وەرگرتنە، لەڕەوشت بەرزی ئەو دوو ئافرەتە بووە.

ئەوانەی بە ئەرکی دینیان داناوە خزمەتی مێردەکانیان بکەن: ئەم فەرمودەیە دەکەنە بەڵگە کە دەفەرموێت: "لەخودا بترسنو مافی ئافرەتان دابین بکەن، مافی ئەوان لە ئەستۆی ئێوەدایە".

کاتێك پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت پیاوان لەخودا بترسنو بەرامبەر ئافرەتاکانتان، واتا: ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنن لەچاکە کردن لەگەڵ ژنەکانتاندا، چونکە ئەوان بە پەیوەست نامەیەکی شەرعی لەگەڵ ئێوەن، پێش

ئەوەی ئەو پەیوەست نامەیەیان لەگەڵ ببەستن ئێوە نەتان دەتوانی هیچ فەرمانێکیان بەسەردا بکەن، پیاوان هەندێك مافیان هەیە لەسەر ژنان پێویستە ئافرەتان ڕەچاوی ئەو مافانە بکەن، خودای پەروەردگار بەشێوەیەك ئافرەتی بەدیهێناوە توانای دوو گیان بونو منداڵ بوونو شیرپێدان و پەروەردەی نەوەکانی هەبێت، ئەمانە کارگەرێکی قورسن پێویستی بەهاوکاری پیاوان هەیە لە هەموو قۆناغەکاندا، چونکە ئەم کارانە بەتەنها قورس دەبن لەسەر ژنان، ئەگینا وەك ئەو ئافرەتەی لێدێت کە لە سورەتی (المجادلە) بۆمان گوارستراوەتەوە: هەندێك منداڵی هەیە ئەگەر وازیان لێ بهێنێتو بەجێیان بهێڵێت ئەوە دەفەوتێن، وە ئەگەر بیشیان گرێتە خۆی ئەوە برسی دەبن. ئەمە شێوازێکە لە کۆتو بەند بوونی ئافرەت بەهۆی ئەم کارەوە، بۆیە پێویستی بەچاودێری و سەرپەرشتی هەیە، نەك ئەوەی وەك بەندە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، چونکە خودای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا یاسایەکی بنچینەیی داناوە بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی ڕوویان تێدەکات: ﴿لا يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾البقرة٢٨٦. واتە: خوای گەورە داخوازی لەهیچ کەسێك ناکات بەقەدەر توانای خۆی نەبێت.

تەنانەت مامەڵە کردن لەگەڵ کۆیلەدا دەبێت تایبەتو شایستەبێت، چونکە پێغەمبەر (ρ) داوای لەموسوڵمانان کردوە کە بە سۆزو نەرمو نیانیەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، هەرگیز هەندێك ئەرکی وەهایان پێ نەسپێرن کە توانای هەڵگرتنیان نەبێت.

لە گێڕانەوەیەکی (ترمزی)دا هاتوە کە پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: براکانتان خودای پەروەردگار بەهۆی هەندێك بارو دۆخەوە بونەتە ژێردەستەو کۆیلەی ئێوە، ئەگەر هەرکەسێك برایەکی ئیمانی لەلایە، با هەمان خواردنی ئێوە بخوات، هەمان جلو بەرگی ئێوە لەبەر بکات، فەرمانێکی بەسەردا نەکەن لەتوانایدا نەبێت، ببێت بە پشتیوانو هاوکاری ئەو برایەی.

ئەمە بۆ کۆیلەیەکە کە کڕیویەتی، ئەی ئەبێت مافی ئافرەتێکی ئازاد چی بێت بەرامبەر بە مێردەکەی؟ ئەویش بۆیە ئەو ئافرەتە هاتوەتە لای ئەم پیاوە چونکە بەپێی شەریعەتی خوداو پێغەمبەر (ρ) ئافرەتان لەلای پیاونن، نەك وەك کۆیلەکان کڕینو فرۆشتنیان پێوەکرابێت، ئایا ئەرکی سەرشانیەتی کە خزمەتی پیاوەکەی کات،! ئەگەر واجبیش بێت ئەم هەموو ئەرکەی چۆن دەکەوێتە سەر شان، ئەی ئەگەر پیاوەکەی توانای هەبێت پێویستە خزمەتکارێکی بۆ بگرێت؟

شەریعەتی ئیسلامی بانگەشەی یەکسانیو داد پەروەری و سەربەستی دەکات، هەرگیز خزمەتی مێردەکەی وەك ئەرکێك لەسەر شانی دانەناوە، بەڵکو خستویەتیە هەڵبژاردنو ویستی ژنەکە، ئەگەر ئافرەت ئەو کارانە بکات بۆ بەهێزکردنی خۆشەویستیە لەنێوان هەردوو هاوسەردا ئەمیش بەمەرجێك مێردەکەی، باری دارایی زۆر لاواز بوو ، هێندە داهاتی نەبوو بتوانێت خزمەتکارێك بگرێت، پێغەمبەر (ρ) بەڕێزترین دروستکراوبووە، هاوکاری خێزانەکانی کرووە: وەك لە سیرەدا هاتووە پێغەمبەر (ρ) جلو بەرگی خۆی دەدوریيەوە، پۆشاکەکانی دەشۆرد، نەعلەکانی دەدوریيەوە، تەنانەت هەندێك جار ناو ماڵەکەشی گست لێدەدا. بەراوردێك لەنێوان ئەم پێغەمبەر (ρ)ەو پیاوانی ئەمڕۆ بکە!! ئەو بەو هەموو ئەرکەیەوە ئاوا هاوکاری خێزانەکانی دەکرد پیاوانی ئەمڕۆش لە پشودانێکی بێ سنوردان و هاوسەرەکانیان بەدەست کارەکانانی ماڵەوە و پەروەردکردنماندوو بوون، دەش ڵێن پیاوان باڵادەست ترە بەسەر ئافرەتەوە. بیریان چووە ئەم باڵادەستیە لێپرسینەوەی زیاتری لەسەرشانە، چونکە هەموو کارێك لێپرسینەوەی خۆی لەگەڵدا دەکرێت، ئایا توانیویەتی ئەو ئەمانەتەی لەئەستۆیدایە تەواوی بکات یان لەناوی بردووە، بۆ پاڵ پشتین لە م وتانە خودای پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ البقرة٢٢٨. واتە: لەسەر پیاوانە کە بۆ

هاوسەرانیان مافی ڕەوایان جێبەجێ بکەن، هەروەك (لەسرە ئافرەتانە کە بۆ هاوسەرەکانیان) چاکە کاربن، وە پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە پلەو پایەی (چاودێری‌و دابینکردنی پێداویستیەکان ژیانیان) هەیە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەمان مافی پیاوان دەدات بە ژنان، خودای پەروەردگار لە هەرجێگەیەك داوایەکی لە ژنان کردبێت بە کردنی کارێك هەمان داواشی لە پیاوان کردوە بۆ ئەنجام دانی ئەوکارە، ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ ئەم هەنگاوەی بە پیاو دراوە و پلەیەکی زیاترە لە ئافرەت، بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کارەکانی ناو خێزانە، هەموو دامەزراوەیەکی بەرهەم هێن پێویستە سەرکردە کارەکانیان ڕێك بخات، مەترسی بەرپرسیارێت بڕیارەکانیش لە ئەستۆ دەگرێت... هەموو بڕیارەکانیش بەشێکی مەترسیداری تیایە، ڕەنگە ئەو بڕیارە قازانجی زۆرت بێت، یان دەشگونجێت بەپێچەوانەوە بێت مەترسیەکانی زیاتربێت، ئەم لێپرساوێتیە قورسە لەئەستۆی پیاواندایە، چونکە پیاوان لە ئافرەتان کەمتر سۆزداری ترن، بۆیە بڕیارەکانی پیاوان لەگەڵ ژیانی دونیایدا زیاتر پێکەوە دێنەوەو دەگونجێت. کاتێك پێغەمبەر (ρ) دادگەری لەنێوان فاتمەی کچی‌و علی کوڕی ئەبو تالێبدا کرد، بەپێویستی زانی کە فاتمە ئەرکی ناو ماڵ جێبەجێ بکات‌و علی ئەرکەکانی دەرەوە لەئەستۆ بگرێت... ئەمەی بە ئەرك نەسەپاندووە بەسەر هەموو ژناندا، بەڵکو بۆیە بەم شێوەیە دادگەری کردن بۆ ئەوەی خاتوو فاتمە ببێت بە پێشەنگو نمونەیەکی باش بۆ ژنانی ئیماندار دەستیان کورتەو بۆ ئەوەی هاوکاری پیاوەکانیان بکەن پێویستیان بە خزمەتکار نەبێت، پێغەمبەر (ρ) بە پەیامی: نزیکەکانی خۆی پێش هەموو خەڵك برسیبن، وە دوای هەمو خەڵك تێرو پۆشتەبن، بەم شێوەیە دەستی کردوە بە بڵاو کردنەوەی پەیامەکەی.

(ئبنو عومەر) لە مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: ئەو پلەو پایە لەو ڕوانگەوە سەرچاووە دەگرێت ئەو ئەرکانەی کە دانراوە بۆ پیاوان بەرامبەر

هاوسەرانیان ئەنجامی بدەن هەندێك جار هەندێك لە پیاوان زیاتر لەو ئەرکانە دەکەن ئەو پیاوانە پلەو پایەیەکی زیاتریان هەیە.

سلام لەگیانت ئەی پێغەمبەری خودا (ρ)، بەڕاستی شاسیتەی ئەو پیا هەڵدانەی پەروەردگاریت دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة١٢٨ واتە:ئەی خەڵکینە بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ رەوانە کراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان، زۆر سەختە بەلایەوە کە ئێوە تووشی بەڵاو ناخۆشی ببن، زۆر بەتەنگیشتانەوە دێت، وە زۆر دڵسۆزی ئیماندارانەوە میهرەبان و دڵۆڤانە بۆیان.

ئافرەتانت ناچار نەکردووە خزمەتی پیاوانیان بکەن، وات کردوە ئەگەر مێرد باری دارایی باشبێت پێوستە لەسەریان خزمەتکار بۆ ژنەکانیان بگرن بۆ ئەوەی کارەکانی ناومالّ لەسەریان گران نەبێت، سەرەتا لە کچەکەی خۆتەوە دەستت پێکردوە، داوات لێکردوە خزمەتی مێردەکەی بکات بۆ ئەوەی پاداشتی دوارۆژ وەربگرێت، چونکە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ﴾البقرة١٨٤. واتە: ئەوەی زیاتر ببەخشێ ئەوە باشترە بۆی.

## ٤- ئازادی ئافرەت لە ڕێکخستنی دووگیانی و شیردان بە منداڵ:

شەریعەتی ئیسلام بە پەسەندی داناوە نەوە بخەنەوە بەڵام بەشێوەی ڕێکخراو.

لەگەڵ ئەمەشدا ئیسلام ڕێگری نەکردوە لە ڕێکخستنی منداڵ، بۆئەوەی منداڵانێکی بەهێز بەرهەم بێتو بتوانرێت چاودێری بکرێن. ئەگەر ئافرەت جەستەی لاواز بوو توانای منداڵ بونی زۆری نەبوو. یان ئەگەر دووگیان بوایە مەترسی دەکەوتە سەر ژیانی. لەم بارودۆخانەدا نەك ڕێگە پێدراوە، بەڵکو سونەتیشە ئافرەتان منداڵبونیان ڕێك بخەن.

زۆربەی شەرع زانان ڕێگەیان داوە بە ڕێکخستنی منداڵبوون، بەلگەیان بەم فەرمودانەی خوارەوە هێناوەتەوە:

★ (بوخاریو موسلیم) له (جابر)ەوه دەگێڕنەوە: ئێمه عەزلمان[٦] دەكرد لەسەر دەمی پێغەمبەردا(ρ) قورئانیش بەردەوام دادەبەزیو ڕێگری لێنەكرد.

★ (موسلیم) له (جابر)ەوه بۆمان دەگێڕێتەوە: ئێمه لەسەر دەمی پێغەمبەر (ρ)دا عەزلمان دەكرد ئەم هەواڵه گەشتەوه به پێغەمبەر (ρ) ڕێگری لێنەكردین.

★ پێشەوا (شافعی) دەڵێت: ئێمه لەهەندێك هاوەڵی پێغەمبەر (ρ) بیستوه كه ڕێگەیان داوه به عەزل كردن و، ڕیگریان لێنەكردووە.

هەندێك له حەنەفییەكان ڕێگەیان به عەزل كردن داوه ئەگەر ئافرەتەكه ڕازی بێت، بەڵام ئەگەر ڕازی نەبێت به ناپەسەندیان داناوه.

شەریعەتی بەخشنده بەم شێوەیه ئافرەتی سەرپشك كردوه له ڕێكخستنی نەوه خستنەوە، چونكه ئافرەتان خۆیان هەڵگری هەموو ئەركو ناڕەحەتیەكانن وه لێپرساوێتیەكی گەورەشیان لەسەر شانه پاش لەدایك بوون.

لەبەرامبەر ئەم ئەركەدا پاداشتێكی نەبڕاوەی لەلایەن خوداوه بۆ دانراوە، بەهۆی هەستان بەو ئەركه پیرۆزه لەژیاندا، چونكه ئافرەتان ئەركی دووگیانیو منداڵ بوون و بونیات نانی مرۆڤەكانیان له ئەستۆدایە، چونكه مرۆڤەكان بەنرخترین ئەمانەته لەبونەوەردا.

(زاهریەكان) دەڵێن ڕێگری له دووگیان بوون حەرامە، به بەڵگەی ئەو فەرمودەی جەزامەی كچی وەهەب بۆمان دەگێڕێتەوە: هەندێك لەخەڵكی دەربارەی عەزل پرسیاریان له پێغەمبەر (ρ) كرد، فەرمووی: "ئەوه زیندەبەچاڵ كردنی بچوكه". پێشەوا (غەزالی) وەڵامی بەم شێوەیه وەڵامی دەداتەوە: "چەندین فەرمودەی پەسەند هاتون ڕێگەیان داوه بەعەزل. وه فەرمودەی: "ئەمه زیندەباچڵكردنی بچوكه" وەك فەرمودەكەی تری كه دەفەرموێت: "هاوەڵ بۆدانانی بچوكه" وایه ئەمەش دەگونجێت مەبەست له

---

[٦] عزل: واته خۆ كشانەوەی پیاو لەكاتی سەرجێیدا، واته مەنعی تەبیعی.

ناپەسەندی (کراهیە)ەتەکەی بێت، ناپەسەندییەکی نەك حەرامبوونی. مەبەست لە ناپەسەندی(کراهیە) نەکردنی باشترە. وەك دەفەرموێت: ناپەسەندە کەسێك بڕواتە مزگەوتو دابنیشێت بە بەتاڵی هیچ یادێکی یان نوێژێك نەکات".

پێویستە ئافرەتان ئەوە بزانن ئەوان سەربەستن لە ڕێکخستنی منداڵ بوندا، بەڵام شتێکی باشتر چاوەڕوانی دەکات، ئەویش پاداشتی خودایە لە هەموو خۆشیەکانی دنیا خۆشترو چێژبەخشترە، پاداشتێك دووگیان بون لەپێناویدا کەمترین نرخە بۆ بەدەست هێنانی، بۆیە پێویستە ڕێگری کردن لە دووگیانی لەبەر ئەو هۆکارانەبێت کە باسمانکرد، ئەگینا توشی لێپرسینەوە دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا، خودا دەفەرموێت:

﴿بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ * وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ﴾. القيامة١٤-١٥.

واتە: ئەو ڕۆژە ئینسان چاك خۆی دەبینێتەوە (کردەوەکانی، گوفتارەکانی، ئاسەواری، هەموو تۆمارەو نیشانی دەدرێت)⋆ هەرچەندە پاکانە بکاو بیانوو بێنێتەوە (بێ سودو بێ کەڵکە).

سەبارەت بە شیر پێدان: ئیسلام هەتا دوو ساڵ ماوەی بۆ داناوە بۆ شیر پێدانی منداڵ، ئەگەر ویستی ئەو دوو ساڵە تەواو بکاتو شیری پێبدات، پێویستە پیاو زۆر بەوردی چاودێری بکات، بەچاودێری کردنی پارێزگاری لە مامۆستای ئومەت دەکەیت، بابەتی شیر پێدانیش و قۆناغی لەشیر بڕینەوە پێویستە بە ڕاوێژو گفتوگۆی ژنو پیاو هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی منداڵ، دەبێت ئاگایان لە پاراستنی ژیانی منداڵەکە بێت، ئەگەر دایکەکە بۆخۆی توانای شیر پێدانی نەبو لەبەر هەرهۆیەك کە هەیە، پێویستە پەنابیرێتە بەر سەرچاوەکانی تری جێگرەوەی شیری دایك.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ

نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾. البقرة٢٣٣.

واتە: دایکان باشیر بدەن بە منالەکانیان دوو دانە ساڵی تەواو بۆ هەر کەس کە دەیەوێت شیری تەواو بدات. وە بۆ ئەو کەسەی کە خاوەنی منالەکەیە (واتە باوکی منالەکە) رزق و رۆزی و پۆشاك بەشێوەیەکی جوانو چاك دەبێ ئامادە بکات بۆ دایکانن هەرکەس بەگوێرەی توانایی خۆی داوای لێ دەکرێت. نابێت هیچ دایکێك زیانی پێ بگات و لە (دیتنی منالی بێ بەش بکرێت) هەروەها خاوەنی منالەکە (واتە باوکی، نابێت زیانی پێ بگاو، لە دیتنی منالی بێ بەش بکرێت) وە وەرەسەی منالەکەش بۆیان هەیە بەهەمان شێوە (گرنگی بە مندالەکە بدەن، چ خزمانی دایك چ خزمانی باوك). خۆ ئەگەر دایك و باوك بە رەزامەندی و پرس و رای هەردوو لایان ویستیان منالەکەیان لەشیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکاو گوناهیان ناگات، وە ئەگەر ویتتان دایەن بۆ شیر پێدانی منالەکانتان بگرن، ئەوەش قەیناکا بەمەرجێك مافو کرێیان بەجوانی و شایستە پێ بدەن. لە خوا بترسن و پارێزگار بن، وە چاك بزانن کە خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

تێبنی ئەم هەموو سۆزو میهرەبانی و دڵسۆزیە بەرامبەر هەموو تاکەکانی خێزان! پێویستە نە زیان بگەیەنیت بەکەس ئەگەر کەسێکیش زیانی پێگەیاندیت نابێت تۆ زیانی پێ بگەیەنیت. گرنگ پاراستنی بەرژەوەندی گشتییە و، گەیاندنی کۆرپەکەیە بۆ کەناری ئارام، چونکە ئەو ساوایە هیچ پەناو پشتیوانیەکی نییە. لەترسی لەدەست دانی ژیانی پێویستە دایك شیری پێبدات. ئەگەر نەیتوانی –بەهەرهۆیەك بێت- پێویستە باوك کەسێکی بۆ بگرێت شیری پێبدات، یان هۆکارێکی تر بگرێتە بەر بۆ شیرپێدانی، ئەو

داواكاريانە هەموويان لەتواناى مرۆڤەكاندا هەن، ئەم كارنەش پێويستى بە دڵێكى پڕ لە ئيمانە، نابێت بە هيچ شێوەيەك زيانت بۆ تاكێكى ئەو خێزانە هەبێت.

شيرپێدان لەكاتى جيابونەوەدا: هەرگيز نابێت زۆر لەئافرەت بكرێت شير بدات بە منداڵەكەى، ئەمە بەويستى خۆى دەبێت: ئەگەر بيەوێت شيرى پێ دەدات ئەگەر نەشيەوێت شيرى پێنادات، ڕەنگە ئەم ئافرەتە داوا كرابێتەوە بۆ ئەوەى مێردبكات، بەڵام مێردە نوێكەى ڕێگە نادات ئەو منداڵە لەگەڵ خۆى بهێنێت.

بەڵام لەبارودۆخێكدا ئەگەر جگە لەخۆى شيرى ترى نەدەخوارد، مەترسى لەسەر گيانى منداڵەكە هەبوو، ئەوە پێويستە ئافرەتەكە لەپێشترە بۆ پەروەردەو شير پێدانى، ئەويش پاداشتێكى زۆرى هەيە وەك دەفەرموێت: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى﴾. الطلاق٦.

واتە: ئەو ئافرەتانەى كە تەڵاقێك يا دوانيان ماوە، بە گوێرەى واناتان جێگەو ڕێگەيان بۆ دابين بكن لەلاى خۆتان، نەكەن ئازاريان بدەنو تەنگەتاويان بكەنو زۆريان بۆ بهێنن، خۆ ئەگەر سكيان هەبوو (ئەگەر سێ تەڵاقەش درابوون) هەر بەخێويان بكەنو مەسرەفيان بكێشن، خۆ ئەگەر هاتوو مناڵەكەيان بە شير گۆشكردو بەخێويان كرد ئەوە حەقى خۆيان بدەنێ، (دەكرێت) بەشێوەيەكى جوانو چاك راوێژ لەناو يەكدا بكەن (بۆ بەخێوكردنى مناڵەكە) خۆ ئەگەر پێكنەهاتن، وە دەكرێت ئافرەتێكى تر مناڵەكەى بۆ بەخێو بكاتو شئيرى بدات.

ئەم ئايەتەو ئايەتى پێشوو ئايەتێكى پاش ئەم ئايەتە باسى گرنگترين مافەكانى ئافرەت دەكات لەشەريعەتى ئيسلاميدا، لە هەستيارترين كاتەكانى

ژیانی ئەو ئافرەتەدا ئەویش قۆناغی جیابونەوەو داڕوخانی خێزانە، بەتایبەتی ئەگەر پیاوەکە جیابوبێتەوە لەژنەکە. خودای پەروەردگار فەرمان بە موسوڵمانان دەکات و گوتارەکەی ڕوودەکاتە پێغەمبەر (ρ)، بۆ مەبەستی پاراستنی خێزان وبەتایبەت پارێزگاری کردن لە کەسایەتی ئافرەت، چەند ڕێسایەك دادەنێت بۆ ئەو هەنگاوە دژوارە، ئەویش درەرفەتێکی تر دادەنێت بۆ پیاوان بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە بڕیاری جیابونەوەکەی.

هەر لە زۆر گرنگی پێدانی ئافرەتانە: خودای پەروەردگار بە ناڕەوای داناوە ئافرەتان بەهۆی ناخۆشیو کەم دەرامەتی بناڵێنن، هەتا وایان لێبت بڕۆنە دەرەوەی ماڵەکانیان بۆ ئەوەی ئەوانیش کاربکەن. ئەگەر ئەو ئافرەتە جیابوەتەوە لەمێردەکەی دووگیان بێت، ئەوکات لێپرسراوێتیەکە لەسەر پیاوان زیاد دەکات، پێویستە لەسەرشانی بژێوی دابین بکات -بەدرێژای ماوەی دووگیانی- تا ئەوکاتەی منداڵەکەی دەبێت. پاش منداڵ بونیشی ئەگەر خۆی ڕازی بوو ئەوە شیری پێدەدات، ئەگینا پێویستە لەسەر پیاو کرێی شیر پێدانەکە بدات بە ژنەکە، چونکە منداڵ بەناوی پیاوەوە تۆمار دەکرێت، بژێویش ئەرکی سەرشانی پیاوانە. هەر بۆیە پلەیەك لە ئافرەتان باڵاترن بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانە بگرێنە ئەستۆیان.

ئەگەر گران بوو ژنو پیاوە بگەنە ئەنجامێك بۆ شیر پێدانی منداڵەکە، پێویستە لەسەر باوك ئافرەتێك بەکرێ بگرێت بۆ ئەو مەبەستە، لەبەر پاراستنی منداڵەکەوە هەستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی، چونکە پیاو بڕیاری جیابونەوەی داوە بۆیە پێویستە ئەم ئەرکانەش لەسەر شان بگرێت.

ئاینی ئیسلام ئاینی سۆزو بەزەییە، بۆ پێغەمبەرێکی میهرەبان هاتووە، پێویستە بڕۆینە ژێر سێبەری، چونکە شکۆمەندیو سەرفرازیو سەربەستیمانی، هەموو ماناکانی ڕێزو گەروەی لە خۆگرتووە.

## ٥- ئازادی ئافرەتان لە بەردەوام بونی ژیای هاوسەرێتی یان کۆتایی هێنان بەو پرۆسەیە:

پێناسەی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا: باڵاترین پەیوەندە ژیاریەکان و، باشترین بەخشینێکە خودای پەروەردگار بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، لەهەمان کاتیشدا خودای پەروەردگار هاوسەرگیری کردوە بە یەکێك لە نیشانەکانی خۆی لەگەردووندا، لەم ئایەتەی سورەتی رۆمدا ئەو پەیوەندییەی ڕوون کردوەتەوە کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أنفُسِكُمْ أزْوَاجاً لِّتسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتفَكَّرُونَ﴾. الروم٢١.

واتە: یەکێك لە نیشانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوتاو هاوسەری بۆ دروستکردوون‌و بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایدا، وە لەنێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەمهێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەلگە هەیە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوەو تێدەفکرن.

ئەگەر خاوەن ژیرییەکان بیریان بکردایەتەوە لە بەڵگەکانی خودای پەروەردگار، ئەوکات گرنگی هاوسەرگیری ئیسلامیان دەزانی، لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی و میهرەبانی بنیات نراوە بۆ بەدی هێنانی ئامانجی بەردەوام بوونی ژیان و، دەرونێکی ئارام بۆ هەموو تاکەکانی خێزان.

هەر لەبەر ئەم خاڵانەیە شەریعەتی ئیسلامی بۆ بەردەوامی خێزان چەند دەستەبەرییەکی داناوە:

* یەکەم ویست و ڕازی بونی هەردوو لا بۆ بەستنی ئەم هاوسەرگییە، بنەمای بیرو باوەڕی ئیسلامی بریتییە لە: (زۆر لێکردن لە ئایندا نییە) بۆ دروستکردنی چەند پشتیوان‌و پایەیەکی بەهێز، وە بۆ رزگار بوون لە بەخشش‌و چاوبەستکردن، نەك تەنها بۆ ئەم دنیا لەناو چووە، بەڵکو لەبەر خودای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی(ρ). پێشتر لە باسی (سەربەتی ئافرەت لە هەڵبژرادنی هاوسەرتدا) باسی ئەم بابەتەمان بەدرێژیکرد.

⭑ خودای پەروەرگار (مارەیی) وەك نیشانەیەكی ئامادەبونی پیاوان بۆ توانای بژێوی‌و هەستان بە بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی بەرامبەر بەهاوسەرەكەی‌و مندالّەمانی داناوە، لەهەمان كاتیشدا پارێزگارێكیشە بۆ ئافرەت بۆ بەدەست هێنانی بژێوی خۆی لە ئایندەدا، وەك دەست مایەیەكیش بۆ: دووگیان‌و مندالّ بون‌و شیردان‌و پەروەردەكردن بەكاردێت، لەپێناو دەست گیرۆی نەوەیەكی بەهێزی ئیسلامی توانای هەلّگرتنی پەیامی ئیسلامیان هەبێت.

ئەم خالّەشمان لە باسی (سەربەستی ئافرەت لە مامەلّەكردن بە خاوەنداریێتیدا مالّ‌و ساماندا) باسكرد.

⭑ خودای پەروەردگار دادپەروەری لەئەرك‌و مافدا لەنێوان ژن‌و پیاودا لە دامەزراوەی خێزاندا كردووە، وەك بەشكردن و دیاری كردنی ئەركی هەریەكە لەو دوو لایەنە:

﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ﴾. البقرة٢٢٨.لەسەر پیاوانە كە بۆ هاوسەرانیان مافی رەوایان جێبەجێ بكەن، هەروەك (لەسرە ئافرەتانە كە بۆ هاوسەرەكانیان) چاكە كاربن، وە پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە پلەو پایەی (چاودێری‌و دابینكردنی پێداویستیەكان ژیانیان) هەیە خودای پەروەردگار بالآدەست‌و دانایە (بالآدەستە بەسەر هەمواندا، وەدانایە لەدابەش كردنی كارو لێپرسراویدا).

خودای پەروەردگار بۆ تەفسری ئەو پلەی پیاوان لەئافرەت زیاترە بەم شێوەیە دەیهێنێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾النساء٣٤.

واتە: پیاوان مافی سەرپەشتییان هەیە بەسەر ژناندا، ئەمەش بڕیاری خوایە كە فەزلّ‌و رێزی هەندێك دەدات بەسەر هەندێكی تردا (سەرەڕای ئەوەی كە) پیاوان مالّ‌و سامانیان دەبەخشن (لەپێناو ئاسودەیی و خۆش گوزەرانی ئافرەتاندا).

ئەم قوامیەتە مانای ئەوە نییە کە پیاوان پلەیەکی بڵندترین هەیە لە سەر ئافرەتەوە، بەڵکو دەشت نیشان کردنی ئەم پلەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی ماڵەوەیە، وەك ئاشکرایە هەموو دامەزراوەیەکی دیموکراسی هەموو تاکەکانی ناو ئەو دامزراوەیە یەکسانن، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەنێوان ئەو ئەندامانەدا دەبێت بە لێپرسراو، بەم شێوەیە دەبێتە لێپرساویان واتە (قوام).

ئەم مانای ئەوە نییە ئەو لێپرسراوی جێبەجێکردنە، ئەم لەهەموو هاوڵاتیان پلەیە باڵاترو بەڕێزترە.

دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە تەفسیری زۆر لە فەرمودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (ρ) بکەین دەربارە ئافرەتان هاتوون:

٭ پێغەمبەر (ρ) دەفەرمویت:"...ئافرەت بەڕێوبەرە لەماڵی مێردەکەیدا بەرپرسیاریش دەبێت بەرامبەر بەو ئەرکەی..." واتە: ئافرەت پلەی لێپرسراوێتی لەبازنەی خێزاندا هەیە وەك بچوکترین دامەزراوە لە ژیاندا، بەڵام نابێت ئەوەمان بیر بچێت بازنەی خێزانی وەك هەموو دامەزراوەکانی تر کۆمەڵگە وایە.

٭ پرسیار لە پێغەمبەر (ρ) کرا: باشترین ڕەوشتەکانی ئافرەت چین؟ فەرموی: ئەو ئافرەتەیە کە سەیرتکرد دڵت خۆشبکات، ئەگەر کارێکت پێسپارد جێبەجێی بکات، خۆی ماڵەکەی پشتگوێ نەخات بەشتی ناپەسەند.

ئەم گوێڕایەڵییە بەرپرسیارێتییەکی تری خستوە ئەستۆی پیاوان لە ناو خێزاندا، چونکە ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی هەیە لەناو دامەزراوە حکومیەکاندا، دەتوانێت بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکانیدا بکات، لەبەر ئەوەی گەلەکەی بەو پەڕی لەخۆ بوردیانەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرۆکەکەیانن، شەریعەتی ئیسلامی کار دەکات بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجەی سەرەوە و، بۆ هێنانە دی ئەم چاکسازییە لەناو خێزاندا، لەهەمان کاتدا ئافرەتی بێ بەش

نەكردوە لە ڕاوێژكردن لەگەڵ مێردەكەیدا، و توانای خستە ڕووی پێشنیاری چاك‌و گونجاو لە بڕیارە چارەنوس سازەكاندا:

﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾ البقرة٢٣٣.

واتە: خۆ ئەگەر دایك و باوك بە ڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوو لایان ویستیان منداڵەكەیان لەشیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناكاو گوناهیان ناگات،

بۆ پێداگری لەسەر هێنانەدی ژیانێكی ئارام بۆ خێزانی موسوڵمان، دەركەوتنی تیشكی خۆشبەختی‌و بەختەوەری لە ژیانی هاوسەرێتیدا خودای پەروەردگار لەچەندین ئایەتی پیرۆزیدا پێویستی كردوە لەسەر پیاوان بەباشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەكانیاندا بكەن، چونكە ئافرەتان لایەنی سۆزداریان بەهێزەو پێویستی بە تێركردنی لایەنی دەرونی‌و سۆزدارییانە، ئەگەر پیاوان بتوانێت ئەم كارانە بكات بۆ خێزانەكانیان ئەوە بەدڵنیایەوە ئەوانیش بە باشترین شێوە هەڵدەست بە جێبەجێ كردنی كارەكانیان.

خودای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾. النساء١٩.

واتە: بارەفتارو كردارو گوفتارتان چاك و جوان بێت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، دوور نییە دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوا بیكات بە مایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنور.

ئەمە فەرمانێكی گشتگیرە بۆ پیاو بەباشترین شێوە لەگەڵ خێزانەكەیدا بجوڵێتەوە، جا لێرەدا بە مەرج نەگیراوە ئەگەر خێزانەكەی داواكاریەكای جێبەجێ بكات یان نا، بەهەر هۆیەك بێت، تەنها ئەوەندە لەسەری بە ئەرك گیراوە كە بەباشی مامەڵەی لەگەڵ خێزانەكەی بكات، خودای پەروەردگار ڕێگەی داوە بە پیاوان بە چوار ژن بەمەرجێك توانای هەڵگرتنی نازو هەڵسوكەوتی جوانی هەبێت لەگەڵیاندا:

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً﴾. النساء٣.واته: ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەربن (لەنێوان هاوسەرەکانتاندا) با هەریەك هاوسەرتان هەبێت.

پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: " باشترینتان ئەو پیاوانەن بۆ هاوسەرەکانیان باشبن من باشترینم بۆ خێزانەکانم" وە هەروەها دەفەرموێت: "ئافرەتان تەواو کاری پیاوانن" وە لە جێگەیەکدا دەفەرموێت: "باشبن لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا ئەوان بەشێوازی تایبەتی خۆیان دروستکراون، ئەگەر بتەوێت بەو شێوەی خۆی لەسەری دروستکراوە کارنەکەیت دەشکێت، وەسیەتتان بۆ دەکەم باشبن لەگەڵ ژنەکانتاندا".

بۆیە پێغەمبەر (ρ) بەم شێوەیە باسی (ضلع) دەکات واتە شێوەی تایبەتی ئافرەتان، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی ناسك دروستکراون پێویستی بە مامەڵەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، دەبێت دوور بکەویتەوە لە توندو تیژی بەرامبەریان، چونکە توندو تیژی لەگەڵ سروشتو ناسکی ئافرەت ناگونجێت، ئەگەر بە نەرمی لەگەڵیان هەڵسوکەوت نەکەیت دەبێتە هۆی خراپتر کردنی بارودۆخەکەو هەرگیز باش نابێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم چەمکە ئیمانیەدا: شەریعەتی ئیسلامی یاسای خێزانی دارشتووە، لەسەر بنەمای بیروباوەڕێکی ڕەسەن، بەلام ئەگەر ئەو ڕێسایانە تێك بچێت ئەوکاتە شەریعەت ئافرەتی ئازادکردوە لەوەی کە درێژە بەژیانی هاوسەرێتی بدات، لەپێناو خوداو پێغەمبەر (ρ) و بەرژەوەندی گشتی یان جیابێتەوە، لەپێناو ئەوەی نەکەوێتە ناو تاوانەوە:

١- ئەگەر پیاو ترسا لە گوێنەدانو ڕۆشتنی ژنەکەی، بەهۆی نەخۆشیەوە بێت یان بەهۆی تەمەنیەوە، یان بەهۆی ڕوخسارییەوە بێت، ئەوە پێویستە چارەسەری نێوانیان بکەنو ئاشتەواوی لەنێوانیاندا بکەن، ئەگەر ژنەکە لەهەندێك مافی خۆی خۆشبێت، ڕازی بێت مێردەکەی هەندێك کار بکات وەك

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزاً أَوْ إِعْرَاضاً فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحاً وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾النساء١٢٨.

واتە:ئەگەر ئافرەتێك ترسا لەوەی کە مێردەکەی لاساری بکات، یا پشتی تێ بکات و گوێی نەداتێ ئەوە هیچ لێیان ناگیرێت و کارێ:ی چاکە ئەگەر نێوان خۆیان چاك بکەنو ئاشت ببنەوە بەتەواویی ڕێ بکەون، هەمیشە ڕێکەوتنو تەبایی شتێکی چاكو پەسەندە.

(بوخاری) بۆمانی گواستەوەتەوە خاتوعائیشە دەربارەی ئەم ئایەتە وتویەتی: "ئەوە بۆ ئافرەتێکە مێردەکەیەی دڵی لێی ساردبێتەوەو بیەوێت لێی جیابێتەوە، ئەویش بڵێت: ژنێکی تر بهێنەو تۆ تەنها نەفەقەم بکێشەو نۆبەی خۆم ناوێت".

ئەبو داود لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە سەودەی کچی زەمعە کاتێك کە پیر بوو، ترسا لەوەی کە پێغەمبەر (ρ) لێی جیابێتەوە، بەپێغەمبەری(ρ) وت: نۆبەی ڕۆژەکەی من بدە بە عائیشە، پێغەمبەر (ρ) قبوڵی کرد.

٢- ئەگەر ئافرەتەکە حەزی نەدەکرد بەردەوامی بدات بە ژیانی هاوسەرێتیی، ئیسلام لەم کاتانەدا ئافرەتانی ئازادکردووە بەڕێگەی (خلع) ئەویش بریتییە: لە پێدانی هەموو ئەو خەرجیانەی مێرد بەهۆی هاوسەرگیرییەوە کردویەتی بۆ ئافرەتەکە پاش کۆتایی هاتن بە گرێبەستی هاوسەرێتی.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت:﴿فَإنْ خِفْتمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَاناً فَإِذَا أَمِنتمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تعْلَمُونَ﴾. البقرة٢٣٩.

واتە: ئەگەر (بەهۆی جەنگ یا مەترسیەکەوە) ترسان (کە نوێژەکەتان وەکو پێویست ئەنجام نەدەن) دەتوانن بەدەم ڕۆشتنەوە یا بەسواریی ئەنجامی بدەن، وە هەر کاتێ ئەمین بوون و هەستتان بە هێمنیی کرد، یادی خوا بکەنو (نوێژەکانتان بە چاکیی ئەنجام بدەن) هەروەك چۆن فێری زۆر شتی کردوون کە پێشتر نەتان دەزانی (هەروا بەردەوام فێری ئاینداریتان دەکات).

ئەو خولعەی ئیسلام حەڵاڵی کردوە بریتییە لەوەی کە کراسێك دابکەنیت، چونکە ژنان کراسی پیاوانن، وە پیاوانیش بەهەمان شێوەن بۆ ژنەکانیان، وەك خودای پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾. البقرة١٨٧.

واتە: ئافرەتان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

پێشی دەوترێت گیان بەختکردن، چونکە ئافرەت هەرچی توانایدا هەیە دەیبەخشێت لەپێناو مێردەکەیدا، شەرع ناسان بۆ پێناسەی (خلع) دەڵێن: (جیاونەوەی ژنان لەمێردەکانیان بەو پێداویستیانەی پێی دراوە).

(بوخاری ونەسائی) لە (ئیبنو عەباس)ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە:

"خێزانی (سابتی کوڕی قەیسی شماس) هات بۆلای پێغەمبەر (ρ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا زۆر ڕقم لە ڕەوشتی مێردەکەمە نەك دینەکەی، لکن اکره الکفر فی الاسلام، پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: باخچەکەیت دەوێت؟ فەرموی: بەڵێ، پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: باخچەکە وەربگرەو تەڵاقی بدە.

ئالێرەدا ئامانجی شەریعەتی ئیسلامی بەرز دەبێتەوە: شەریعەتێکی پیرۆزە، گۆڕینەوەی سۆزداریو میهرەبانی بەپاڵ پشت بە فەرمانەکانی دینی کردوە بە پێوەر لەنێواندا هاوسەراندا، هەریەکە لە دوو هاوسەرەکە ئەگەر نەیان توانی بەردەوامی بدەن بەم پرۆسەیە، لەناو بازنەی شەریعەت بۆی دیاری کردوون، پێویستە لەسەریان بەسەربەرزیو دوور لە هەموو تەنگژیەدەرونیەکان کۆتایی بەو پرۆسەیە بهێنێت.

بەم شێوەیە ئافرەتان لەژێر سێبەری شەریعەتی ئیسلامیدا هەوای سەربەستی پێدەگات.

## ٦- ئازادی ئافرەتان لە بەخێوکردنی منداڵەکەی:

لەهەموو ڕویەکانەوە شەریعەتی ئیسلامی ئامانجی پاراستنی هێمنیو ئارامی خێزانە، لەپێناوی گەورەکردنی ئەو منداڵە لە ژێر سەرپەرشتی دایکیدا و،

بەچاو دێری کردنی دایکی گەورەبێت بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باش بدرێت و بەشداربێت لەسەرخستی نەتەوەکەیدا.

ئەگەر هاتوو دایكو باوك جیابونەوەو منداڵێکیش لەنێوانیاندا هەبوو، شەریعەتی ئیسلامی دایکی لەپلەی یەکەم داناوە بۆ بەخێو کردنو سەرپەرشتی کردنی منداڵەکەی، بەمەرجێك دایکەکە نەیەوێت منداڵەکە وەربگرێت (وەك ئەوەی شوو بکات بەکەسێکی تر، یان نەبوونی ئەو مەرجانەی دانراون بۆ کەسی سەرپەرشتیار).

هۆکاری پێدانی منداڵ بەدایك: لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرپەرشتی کردنو بەخێوکردن لەئەستۆی دایکە، ئاخر دایك باشتر دەزانێت منداڵ پەروەردەبکاتو لەم بوارەدا لەپیاوان توانای زیاترە، چونکە ئارام گرتنیان زیاترە لەم بوارەدا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی منداڵ دایك لەپێشترە بۆ وەرگرتنی ئەو منداڵە.

لە (عبداللە ی کوڕی عومەر)ەوە (Φ) ئافرەتێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پێستی سکم کردوە پۆشاکی، باوەشم کردوە بەلانکەی، مەمکەکانم کردوە بە شیرپێدەری، باوکیشی وادەزانێت هیی خۆیەتی ئێستا بردوویەتی: پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: تۆ لەپێشتریت وەك لەباوکی بەمەرجێك شووت نەکردبێت" ئەحمەد ئەبوداود و بەیهەقیو حاکم لە بەدروستیان داناوە.

لە (یەحیای کوڕی سەعید)ەوە: گوێم لێبوو قاسمی کوڕی محمد دەفەرموێت: ئافرەتێکی ئەنسار لای (عمری کوڕی خەتاب) دانیشتبوو، ئەو ژنە منالێکی لە (عاسمی کوڕی عمر) هەبوو، ئینجا (عمر) لێکی جیاکردنەوە، (عمر)ی سەیری کرد منداڵەکەی لە پەنای مزگەوتێکدا یاری دەکرد، دەستی گرتو لەبەردەم خۆیەوە سواری وڵاخەکەی کرد، داپیری منداڵەکە پێیان گەشت، لەگەل باوکیدا بوو بەکێشەیان، هاتن بۆ لای ئەبوبەکر عمر وتی: ئەوە کوڕی مندە، ژنەکەش

وتی کوڕی منە. ئەبوبەکر وتی: دایکەکە بەسۆزو میهرە دڵسۆزترە بۆ منداڵەکە، ئەو لەباوکی باشترە ئەگەر هاوسەرگیری نەکات.

ئەوەی کە ئەبوبەکر دەفەرموێت: دایکەکە بەسۆزترو میهرەبانترە، ئەوە هۆکاری پێدانی مافی تەواوە بە دایکەکە بۆ ئەو کۆرپە بچوکە، لەبەرامبەردا عمر هیچ قسەیەکی نەبوو.

ئافرەت مافی وەرگرتنی کرێی سەرپەرشتی کردنی منداڵەکەی هەیە، تەنانەت دەتوانێت کرێی شیر پێدانەکەشی وەربگرێت، بەتایبەت دوای تەواو بوونی عیدەکەی، لەبەر ئەوەی لە عیدەدا مافی خۆیەتی شو بکات بەڵام بەهۆی ئەم کارەوە هاوسەرگیری ناکات بۆیە دوای ئەوە کرێکە لەسەر مێردەکەی پێویست دەبێت، خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تعَاسَرْتمْ فَسَتَرْضِعُ لَهُ أُخْرَى﴾. الطلاق٦.واتە: ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقێك یا دوانیان ماوە، بە گوێرەی واناتان جێگەو رێگەیان بۆ دابین بکن لەلای خۆتان، نەکەن ئازاریان بدەنو تەنگەتاویان بکەنو زۆریان بۆ بهێنن، خۆ ئەگەر سکیان هەبوو (ئەگەر سێ تەڵاقەش درابوون) هەر بەخێویان بکەنو مەسرەفیان بکێشن، خۆ ئەگەر هاتوو مناڵەکەیان بە شیر گۆشکردو بەخێویان کرد ئەوە حەقی خۆیان بدەنێ، (دەکرێت) بەشێوەیەکی جوانو چاك راوێژ لەناو یەکدا بکەن (بۆ بەخێوکردنی مناڵەکە) خۆ ئەگەر پێکنەهاتن، وە دەکرێت ئافرەتێکی تر مناڵەکەی بۆ بەخێو بکاتو شیری بدات.

ئەم ئایەتە سەربەستییەکی تر دەدات بە ئافرەت ئەویش خۆی سەرپشکە لەوەی کە سەرەپەشتی منداڵەکەی دەکات، یان رەدی دەکاتەوە سەرپەرشتی بکات، پێویستە لەسەر باوك ئەو شوێنەی بۆ پڕ بکاتەوە.

ئیسلام بەم شێوەیە لە دوو بارو دۆخدا رێزی لەئافرەت ناوە: یەکێکیان ئەگەر خۆی پێی باش بوو سەرپەرشتی منداڵەکەی بکات، ئەوە دەتوانێت لەژێر

میهرەبانیو سۆزو نازی خۆیدابێت، دووەم یان بارو دۆخەکەی نەدەگونجا بەهۆی ئەوەی پێویستی بە هاوسەرگیرییەکی تر هەبوو، بۆ ئەوەی ژیانێکی بەڕێزی بۆ بڕەخسێنن، ئیسلام بەمەرجی دانەناوە سەرپەرشتی ئەو کۆرپە بچوکەی بکات، وەك ئەوەی زۆر لەپیاوان هەن پێیان خۆش نییە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن.

ئەم هەڵوێستانەی وادەکات بڵێن ئەمە دینی بەزەییە، دینی ژیانە، دینی پێدانی تەواوی ماناکانی سەربەستییە، خودای پەروەر ڕاستی فەرمووە: ﴿ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾. الروم٣٠.واتە: هەر ئەوەشە دینو ئاینی بتەو، هەرچەند زۆربەی خەڵکی شارەزا نین لەم راستییانە.

پاش ئەم هەموو ئازادییەی کە ئیسلام ئافرەتانی پێ ڕێزدارکردوە، ئایا نیازیان لە بەدەست هێنانی یەکسانی خەیاڵییە! ئەیانەوێت خۆیان بخەنە ناو گۆڕەپانی کارەوە، بۆ ئەوەی بەشوێن پاروە نانێکدا ڕابکەن، ئایا ئەو دەورە گرنگەی کە شەریعەتی ئیسلامی بەخشیویەتی ئەبافرەت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی پێشکەوتو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە باشترە؟ یان ئەوەی لەخاڵی یەکەمیاندا دەیانەوێت بونی خۆیان وەك مێینە بسڕنەوە، هەندێك کاری گران لەسەر شانیان بگرنە ئەستۆ، وەك چۆن ئێستا ژنانی ڕۆژاوا لەسەر تۆیان گرتووە؟ یان دەیانەوێت سەربەستییەکەیان بەشێوەیەکی تربێت بۆ ئەوەی پێویستییان بە پیاوان نەمێنێت، خۆیان بخەنە کۆمەڵێك بارودۆخی لەناوبەرو گرانەوە، چونکە ڕەنگە پەنابەرنە بەر تێرکردنی ویستەمەنییەکانیانەوە بەپێچەوانەی ئەوەی کە خودای پەروەردگار داوای کردووە.

لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆچونێکی نوێ سەری هەڵداوە بۆ دووبارە چاو خشاندن بە چەمکی سەربەستی پێشتر واگومانیان دەبر ئەمە پێشکەوتنە، چونکە ئەم کارە کۆمەڵگەی بردوەتە سەر ڕۆخی هەڵدێر، لەبەر ئەوەی ئافرەتان ئێستا ناتوانن وەك دایك لەماڵەوە ئەرك ببینن، چونکە ئێستا لەیەك

کاتدا دوو ئەرکیان لەسەرشانە، ئەرکی ماڵەوە وە ئەرکی دەرەوە ئەمەش شتێکی زۆر گرانە لەسەر شانیان.

ئافرەتان مافی هەڵبژاردنیان هەیە ئەرکی دووهەم هەڵبژێرن، ئەوە پاداشتی گەورەی لەلایەن خوداوە پێدەدرێت ئەگەر نیەتەکەی بۆخودابێت، دەتوانێت کاری ماڵەوەش لەگەڵ دەرەوە کۆبکاتەوە، خودا هەندێك ئەرکی لەسەر شانی پێویستکردووە، بەڵام هەندێك پاڵنەری دەرونی لەپشتەوەبێت بە ناوی ئازادی و دان نان بە کەسێتیدا پێویستە گوێ بیستی ئەم فەرمودەیی خودای پەروەردگار بین دەفەرموێت: ﴿وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَداً مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ﴾. النحل١١٢.واتە: خودا نمونە دەهێنێتەوە (بە دانیشتوانی) شارێك کە ژیانیان بە هێمنی و ئاسودەیی دەبردە سەر، لەهەموو لایەکەوە رزقو رۆزیی جۆراو جۆریان بۆ دەهات (بەڵام لەجاتی سوپاسگوزاریی) ناشوکرو قەدرنەزانی نازو نیعمەتەکانی خوا بوون، خوای گەورەش پۆشاکی برسێتیو ترسی کردە کاڵای باڵایان و تاڵاوی نەداریی و ترسی پێ چەشتن لە سەر ئەنجامی ئەو ئیشو کارە (ناپوختو نارێکانەدا) کە ئەنجامیان دا.

شەریعەتی ئیسلامی ئافرەتانی ئازادکردووە، گەیاندونیەتە بەرزترین پلە، لەهەموو لەکەو شکاندێك پاراستوونی... ئەگەر توشی نارەحەتیو ئازار بونو بەدەستیەوە دەیان ناڵاند جگە لەخۆیان لۆمەی کەس مەکەن، ئەگەر بگەنە بەرزترین پلەی ئەوە شەریعەتی ئیسلامی لەو پلە باڵاتری پێداون، چونکە ئەوان ڕێگەیەکی قورسیان هەڵبژاردووە، ئەگەر ئافرەتان پۆشاکی شەریعەتیان لەبەر خۆیان داکەنو، لەگەڵ نەفامو هەلپەرستەکان کەوتنە ڕێ، بە بوهتانو درۆ پێیان بڵێن شەریعەتی ئیسلامی ڕێزی بۆ ئافرەت دانەناوە، ئەمە چۆن ڕێکدەکەوێت لەگەڵ ئەو پلەو پایانەی شەریعەت بۆ ئافرەتی داناوە؟! بۆ ئەوەی

بزانی شەریعەت چۆن کەسیتی ئافرەتی پاراستووە، پێویستی بەزۆر ڕۆشنکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە هەیە بۆ قسەکانمان.

## ٧- گرێیەستی هاوسەرگیری هەموو مافەکانی ئافرەتی بەباشترین شێوە دەستبەرکردووە:

ئەگەر بە ژیری بیکردنەوەیەکی قوڵ بڕوانیتە شەریعەتی ئیسلام بۆت دەردەکەوێت دوور لەو ویستەمەنیانە داڕیژراوە بەرچاوی زۆربەی خەڵکی گرتووە، شەریعەتی ئیسلامی لە سۆزو گرنگی دان بە ئافرەت گەیشتوەتە ئاستێك هیچ ئاینێك یان یاسایەکی تر نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستە لەهەمان کاتیشدا زۆربەی مافەکانی بەدی هێناوە. بەشێوەك هاتووە فەرمانەکانی بەپێی گونجاندنیان لەگەڵ سروشتی ژنو پیاو داڕشتووە، بەڵام بۆ پاراستنی ئافرەت لە تەمای پیاو هاتووە هەندێك پارێزگاری بۆ داناوە، بەهۆی ئەوەی ئافرەتان زۆر ناسكو سۆزدارن، بە بەخشینی هەندێك نەرمو نیانو میهرەبانی دەکەونە ژێر کاریگەری، . ئەگەر شەریعەت هەڵنەستایە بەدارشتنی چەند بنەمایەکی بەهێز بۆ پاراستنی ئافرەت، لەوکاتەدا پیاوە هەلپەرستەکان بەکاریان دەهێنا بۆ تێرکردنی حەزەکانیان، بۆیە پێویستە لەسەر ئافرەتان پاش ئەوەی کە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە شەریعەتی پیرۆز ڕۆڵێکی زۆر بەرێزو گەوەری پێ سپاردوون، ئازادی کردوون لە ستەمو فێڵو لەخشتەبردن، پێویستە هەمیشە وەك فریشتەکان سەری ملکەچیان بۆ خودای پەروەردگار کەچ بکەنو بڵێن: (سبحانك ما عرفناك حق معرفتك. سبحانك ما عبدناك حق عبادتك) هەمیشە ئەو پاڕانەوەی یونس دووبارە بکەنەوە کاتێك لەسکی نەهەنگەکەدابوو –ئەمان لەهەمان تاریکیدان، بەڵام جیاواز لەتاریکی ناو سکی حوت، ئەمان لە تاریکی ناخۆ خۆیاندان، پێویستیان بە ڕۆشتن هەیە بەرەو ڕووناکی- دەیوت: ﴿لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾. الأنبیاء٨٧.واتە: پەروەردگارا هیچ

خوایەك نییە جگە لەتۆ، هەر تۆ شایستەی هەموو ستایشێکی، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد (کاتێك بەبێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت)

ئەو حوکمانەی کە شەریعەت دایناوەبۆ گرێبەستی هاوسەرێتی زۆرن، بەڵام لێرەدا ئێمە هەندێك شوێنی گرنگ هەڵدەبژێرین، بۆ ئەوەی بەخێرایی تیشکێك بخەینە سەری، وە بەرچاو ڕوونیەکیش بێت بۆ ئەوەی بگەینە یەقین‌و بشتوانین وەڵامی بانگەشەی نەفامەکان بدەینەوە:

## أ- هەڵبژاردنی مێرد:

پێویستە لەسەر سەرپەرشتیان هاوکاری کچی ڕێزدارەکەی بکات بۆ ئەوەی هاوسەرێکی باشی هەڵبژرێن، هاوسەری باشیت ئەوەیە یاریدەر بێت بۆ گێڕانی ڕۆڵی خۆی لەژیاندا بەخۆشی‌و شادی، لەپێناو ئەوەی ئافرەتان هەست بکەن بەوەی ئەرکێکی پیرۆزیان پێدراوە، هەرچەند کۆسپ‌و تەگەرە بێتە سەر ڕێیان ئافرەتەکە هەست ناکات بەتەنهایە، بەڵکو هەمیشە پشت ئەستورە بەمێرچاکەکارەکەی، چونکە هەردووکیان یەك ئامانجیان هەیە، هەردووکیان هاوکار دەبن بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە، عائیشە دەڵێت: "هاوسەرگیری ئەرکە با هەرکەسێك سەیر بکات بزانێت لەگەڵ کێ دەیکات".

پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: هەرکەسێك کچەکەی بدات بە کەسێکی فاسق ئەوە سیلەی رەحمی بچڕاندووە.

## ب- مەرجە پێویستەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری:

ئەو مەبەستەی شەریعەت دەیەوێت لە هاوسەرگیریدا برتییە لە: بەردەوام بونی مامەڵەی هاوسەرێتی، پەروەردەی منداڵ، هەستان بە ئەرکەکانیان، پێویستە گرێبەستی هاوسەرێتی لەسەر بنەمایەکی بەهێز دابمەزرێت، چونکە باڵاترین گرێبەستە لە ژیاندا، پەیوەستە بەژیانی دوو مرۆڤەوە.

ئەو مەرجانە:

ئەم گرێبەستە پێویستی بە چەند بنەمایەكو چەند مەرجێك هەیە بۆ دروست بوونی:

* گرنگترین بنەماكانی: پێگوتنو ڕازی بوونە: دروست نییە ئافرەت بەزۆر ڕازی بكەیت بۆ هاوسەرگیری (ئەم بابەتە لەباسی سەربەستی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیاندا ئاماژەمان پێدا).

* مەرجەكانی دەبێت لەسەر سونەتی خوداو پێغەمبەر (ρ)ەكەی ببەسترێت.

چەند مەرجێك پێویستە هیچ گۆڕانكێك بەسەر حوكمەیدا نایەت وەك بەمەرج گرتنی مامەڵەی باش، سەپەرشتی كردنی، دابینكردنی پۆشاك و جێگای پێویست، نابێت كەمو كورتی هەبێت لە پێداویستیەكانیدا، وەك ژنەكانی تری نۆبەتی بداتێ ئەگەری چەند ژنێكی هەبوو... ئافرەت چەند مەرجێكی لەسەر پێویستە لەوانە: نابێت خۆی دور بگرێت لەمێردەكەی، نابێت ڕۆژی سونەت بگرێت بە بێ مۆڵەتی ئەو، نابێت مۆڵەتی خەڵك بدات بێتە ماڵەكەی بەبێ ڕەزامەندی خۆی.

* پیاو نابێت هەندێك شت بە مەرج بگرێت سوكایەتی بێت بۆ ئافرەتەكە و پێچەوانەی عەقدەكەبێت: وەك مەرج گرتنی سەرپەرشتی كردنو سەرجێی، یان بەمەرجی بگرێت نابێت مارەیی بداتێ، یان عەزل بكات، یان بەمەرج بگیرێت سەرپەشتی كردنی لەسەر خۆی لابەرێت، یان لە هەفتەیەكدا تەنها یەك شەو لەلای ئەم بمێنێتەوە، یان بەمەرجی بگرێت تەنها ڕۆژ لای ئەم دەمێنێتەوە.

* هەندێك مەرج سودو قازانجی بۆ ئافرەت تێدایە وەك: بەمەرجی بگرێت نابێت لەشارەكەی یان لەوڵاتەكەی بڕواتە دەرەوە، یان نابێت ژن بێنێتەسەری، هەندێك لە زانایان پێیان وایە هاوسەرگیرییەكە دروستەو ئەم مەرجانە ڕەد دەكەنەوە، پێویست نییە مێرد جێبەجێیان بكات... هەندێكیان دەڵێن: پێویستە ئەو مەرجانەی جێبەجێ بكات لەگەڵ ئافرەتەكە ڕێك كەوتوون

لەسەری، ئەگەر پێچەوانەی ئەو مەرجانە جوڵایەوە هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێتەوە... بەڵگەشیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- فەرمودەی خودای پەروەردگار: ﴿يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ﴾. المائدة:١.

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەئەمەك و بە وەفابن بەرانبەر بەڵێن وپەیمانەکانتان.

٢- پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: " پێویستە موسوڵمان مەرجەکانی جێبەجێ بکات" (فقه السنة:م٢/ ج/٦ ص١٨١).

٣- (بوخاریوموسلیم) بۆمان دەگێڕنەوە لە عەقبەی کوڕی عامرەوە کە پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: "گرنگترین مەرج پێویستە جێبەجێ بکرێت ئەو کارەیە کە ئافرەتانتان بۆ حەڵاڵ دەکەن".

٤- (ئەشرەم) بۆمان دەگێڕێتەوە: پیاوێك ئافرەتێکی مارەکرد بەمەرجی ئەوەی لەو ماڵەدابێت، پاش ماوەیەك گواستیەوە، کێشەکەیان هێنا بۆ لای (عمری کوڕی خەتاب)، فەرمووی: ئافرەتەکە مەرجی لەگەڵ کردوویت " مافەکە لەکاتی مەرجەکە پێدراوە".

٥- بەهۆی ئەوەی مەرجە نیەتو سودی تیایە، نیەتیش کێشەی تیا نییە لەهاوسەرگیریدا، پێویستە هەبێت، وەك ئەوەی چۆن بەمەرج دابنێت مارەییەکەی زیاد بکات.

⋆ ئەو مەرجانەی شەریعەتی ئیسلامی ڕێگری لێکردوە و بە حەرامی داناوە جێبەجێ بکرێت: ئافرەتەکە لەکاتی هاوسەرگیریدا بەمەرجی دابنێت لەژنی یەکەم جیابێتەوە: لە (ئەبو هورەیرە)وە بۆمان دەگێڕنەوە پێغەمبەر (ρ) فەرموویەتی: ڕێگری کردوە لەسەر مارەکردنێك لەسەر مارەکردنی کەسێکی تر، یان کڕین و فرۆشتنێك لەکاتێکدا کەسێکی تر دەیەوێت بیکڕێت، یان ئافرەت داوا نەکات خوشکە ئیمانیەکەی تەڵاق بدرێت، بۆ ئەوەی بەشەکەی ئەویش بێت بۆ ئەم، چونکە خودا خۆی رزقی داون" (متفق علیه).

(عبدالله ی کوڕی عمرΦ) دەڵێت پێغەمبەر (ρ) فەرمووی: "دروست نییە ئافرەتێك مارە بکرێت لەسەر ئەوەی لەژنێکی تر جیابێتەوە".

خۆی ئازادە ئەو پیاوەی دێتە داوای ژنی تری هەیە ڕازی بێت پێی یان ڕەدی بکاتەوە، بەڵام دوست نییە بەختەوەری خۆی لەسەر بەد بەختیو دەرکردنی خەڵکێکی تر دروست بکات، شەریعەت ئەمەی ڕەد کردوەتەوە.

⋆ شەریعەتی ئیسلامی بە حەرامی دەزانێت غەش بکرێت لەکاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرێتیدا:

وەك ئەوەی پیاوێك ئافرەتێك هەڵبخەڵتێنێت هاوسەر گیری لەگەڵ بکات بەڵام پیاوەکە منداڵی نەبێت، بەڵام ئافرەتەکە بەم نەخۆشیە نەزانێت، لەو کاتەدا ئافرەتەکە مافی ئەوەی کەزانی مێردەکەی ئەو نەخۆشیەی هەیە ئەو هاوسەرگیرییە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام بەمەرجێك پیاوەکە پێی بڵێت ئەوە دروستە مامەڵەی هاوسەرێتی لەگەڵ بکات، چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامی نابێت لەسەر خیانەتو فێڵکردن دروست بکرێت، بەڵکو پێویستەلەسەر بنەمای بەهێزو جێگیر دروست بکرێت.

هەروەها دروست نییە ژنێك بهێنیت، و نیەتی ئەوەی هەبێت پاش ماوەیەك لێی جیابیتەوە، بەبێ ئەوەی ئافرەتەکە ئەو بزانێت، چونکە ئەمە پوچ کردنەوەی ئەو پەیوەندییە گرنگو گەورەیەیە، بە بیانوی هاوسەرگیری حەزەکان تێربکەیتو پاشان وازی لێبهێنیت، هەر گرێبەستێك یان نییەتێك هاوشێوەی ئەمەبێت هەر دورست نییەو ڕێگری لێکراوە، چونکەئەمە دوژمنایەتیو بێ متمانەیی لەناو هاوڵاتیاندا دروست دەکات.

⋆ دورست نییە پیاوەکە ژنەکە بخەڵتێنێت، بەوەی لەسەر بڕە مارەییەك ڕێك بکەونو هاوسەرگیری بکەن بەڵام دوای ئەو بڕەی پێ نەدات، وەك پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: "ئەگەر پیاوێك ئافرەتێك مارە بکات لەسەر بڕە مارەییەك کەم بێت یان زۆر، لە نیەتی خۆیدا نیەتی نەبوو ئەو مارەییە بدات، ئەگەر

لەسەر ئەو کارەی بمرێتو ئەو مارەییەی نەدابێت بە ژنەکەی، لەڕۆژی قیامەتدا کاتێك دەگات بخودای پەروەردگار بەزیناکار دەژمێرێت".

## ج- حەرام کردنی هاوسەرگیری کاتیی (المتعة):

بەو جۆرە ژنهێنانە دەوترێت هاوسەرگیری کاتی یان هاوسەرگیری بێ پەیوەندی: ئەوەیە پیاو بە ئافرەتێك بڵێت بۆماوەی هەفتەیەك یان مانگێك هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بۆیە پێی دەوترێت موتعە لەبەر ئەوەیە پیاو هاوسەرگیری دەکات، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو چێژی لێ دەبینێت. ئەم هاوسەرگیرییەکە لەنێوان مەزاهیبەکاندا یەك دەنگن لەسەر حەرام بوونی، چونکە مەبەست لێی چێژوەرگرتنەوە تێرکردنی لایەنی جنسییە، هیچ مەبەستی دروستکردنی خێزان لەخۆناگرێت، ئەم هاوسەرگییرە وەك زینا وایە چونکە هەردووکیان مەبەستیان چێژ وەرگرتنە، ئینجا ئەمە زیان بە ئافرەت دەگەیەنێت وەك کاڵای لێدەکات لەدەستێکەوە دەڕوات بۆ دەستێکی تر، وە زیانیش بە منداڵ دەگەیەنێت کەماڵێك نییە تیایدا بەئارامی لە ئامێزیان بگرێت و، دوور دەکەونەوە لە پەروەردەو فێربوون، موتعە خۆی لەخۆیدا هاوسەرگیرییەکی سەردەمی نەفامی بوو.

لە (علی کوڕی ئەبو تالیبE)ەوە بۆمان دەڵێت: پێغەمبەر (ρ) لەڕۆژی خەیبەردا زەواتی موتعەو گۆشتی گوێدرێژی ماڵیٚ حەرامکرد.

## د- حەرامی هاوسەرگیری مارە بەجاش:

(التحلیل) مارە بەباش ئەوەیە: ئەو کەسەی لەژنەکەی خۆی جیادەبێتەوە، پاشان ئەو ئافرەتەی تەڵاقیداوە مارەی بکاتەوە لە پیاوێکی تر ئینجا ئەویش تەڵاقی بدات، بۆ ئەوەی بۆ هاوسەری یەکەمی دروست بێت مارەی بکاتەوە.

ئەم هاوسەرگیریە حەرامە، چونکە کار لەسەر دروستکردنی خێزانێکی بەهێزو وەستاو ناکاتەوە، هەروەك سوکایەتیشە بە پێوەرە پیرۆزیەکانی هاوسەر گیری، ئەم پیاوە بەردەوامە لەسەر ئەو بڕیارەی بۆ جیابونەوەکەی داویەتی،

لەبەر هەندێك پەستانی دەرونی پەنادەباتە بەر ئەم حەلاڵکردنە بێزراوە، بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەرەکەی بۆ حەلاڵ ببێتەوە.

گومانی تێدا نییە ئیسلام بۆ پارێزگاری لە کەسێتی ئافرەت ئەم جۆرە هاوسەرگیرەی حەرام کردووە، بۆیە دورست نییە هاوسەریش سوکایەتی بە ئافرەتان بکات، پێویستە پێش ئەوەی پەنا بەرێتە بەر وشەی تەلاق زۆر بەباشی ئاگای لە قسەکانی بێتو بزانێت چی دەڵێت: چونکە ئەم وشەیە جەستەی خێزان دەلەرزێنێت دەبێتە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی خێزانو کۆمەڵگە، بە بونی خێزانێکی جێگیرو ئارام دەتوانیت ببینە هۆی ئاوەدانی، هەموو ئالۆزیەکانی کۆمەڵگەو هەڵشەواندنەوەی لە کێشەکانی ناو خێزانەکانەوە سەر هەڵدەدات.

لە (عوقبەی کوڕی عامر)ەو (E) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ρ) فەرمویەتی: پێتان بڵێم تیس المستعار چییە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: مارە بەجاشە، نەفرەتی خودا لە حەلاڵکەرو حەلاڵ بۆکراو" (رواه ابن ماجه والحاكم).

لە ئیبنو عەباسەوە دەگێڕنەوە کە پرسیاری مارە بەجاش لە پێغەمبەر (ρ) کرا فەرمووی: دروست نییە، ئایا هاوسەرگیری بە ویستو ئیرادە نییە، نابێت ئەم وشەیە ناشرینی بکەین، وە ناشبێت سوکایەتی بە قورئانی پیرۆز بکەین هەتا چێژ لەیەکتر وەردەگرن" (رواه ابو اسحاق الجورجاني).

حەرامکردنی پێغەمبەری خودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فەرمودەی خودای پەروەردگار: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تنكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ﴾. البقرة٢٣٠.

واتە: ئەگەر (بۆ جاری سێ یەم، پیاو ژنەکەی خۆی) تەلاقدا، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەلاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شویەکی تر بکاو

(هاوسەری دووهەمی یا بەشێوەیەکی ئاسایی تەڵاقی بدات، یان بمرێت، دوای ئەوەی مێردی پێشووی بۆی هەیە مارەی بکاتەوە) خۆ ئەگەر هاوسەری (دووهەم بەشێوەی ئاسایی) تەڵاقی دا هەر بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆلای یەکترو (ژیانی ژنو مێردایەتی دەست پێبکەن) ئەگەر گومان و رایان وابوو دەتوانن سنورەکانی خوا راگرنو (ژیانێکی ئاسودەیی ببەنەسەر).

دەگێڕنەوە کە (عمری کوڕی خەتابE): هەر حەڵاڵکەرێكو حەڵاڵ بۆکراوێکیان بهێنایە بۆلای رەجمی دەکردن) پرسیار کوڕەکەی کرا ئەویش فەرمووی (هەردووکیان بەزیناکار دەژمێرێن). (رواه ابن المنذر وابن أبي شيبة وعبدالرزاق).

پیاوێك پرسیاری لە (ئبنو عومەر) کرد: چی دەڵێیت دەربارەی ژنێك کە مارە بەجاشیان بۆ کرراوە بۆ ئەوەی دروست بێت مێردی یەکەم مارەی بکاتەوە؟ پێان نەوتبموا وە نەشم دەزانی؟ ئیبنو عومەر وتی: نەخێر هاوسەرگیری ویست و ئیرادەیە ئەگەر ئەتەوێت مارە بکەو ئەگەر ناتەوێت لێی جبیاببەوە، ئێمە لەسەر دەمی پێغەمبەردا(ρ) ئەم کارەمان بە زینا دەزانی. ئینجا وتی: ئەو دوو پیاوە هەر بە زینا کار دەژمێرێن ئەگەر بیسن ساڵیش پێکەوە بمێننەوە، ئەگەر بزانێت ئەوە بۆیە وایان بۆ کردوە بۆ ئەوەی بۆی حەڵاڵ بکەن. (فقه السنة المرجع السابق ص١٧٥).

**هـ- ژن بەژن:**

بریتیە لەوەی پیاوێك کچێکی یان کەسێکی نزیکی خۆی بدات بە ژن بەکەسێك ئەم بیەوێت کەسێکی ئەو بهێنێت، هیچ مارەییەك لەنێوانیاندا نەبێت، پێغەمبەر (ρ) ڕێگری کردوە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەم بەڵگانە خوارەوە:

★ ژن بەژن نییە لەئیسلامدا. رواە مسلم عن ئیبنو عمر، ئیبنو ماجە لە فەرمودەکانی ئەنەسی کوڕی مالیکە.

(الشغار) واتە ژن بەژنێك بەبێ مارەیی.

★ لە (ئیبنو عومەر$\Gamma$)ەوە دەگێڕنەوە: پێغەمبەر ($\rho$) نەهی کردوە لە ژن بەژن. ئەویش ئەوەیە پیاوێك بڵێت: کچەکەم یان خوشکەکەمت لێ مارەدەکەم لەسەر ئەوەی خوشکەکەت یان کچەکەت مارە بکەم، هیچ مارەیی لەنێوانیاندا نەبێت، (رواەابن ماجە).

هۆکاری ڕێگری لەم هاوسەرگیرییە ئەوەیە: ستەمێك لە هەردوو ژنەکە دەکرێت، چونکە هیچ مارەییان دەست ناکەوێت، بەڵکو مارەییەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرپەرشتیارەکانیان، ئەگەر هاوسەرگیرییش هیچ مارەییەکی تیا نەبێت ئەوە ئافرەتەکە خۆی دەبێتە مارەیی.

بەم شێوەیە ئیسلام پارێزگاری کردووە لەکەرامەتو ڕێزی ئافرەت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەتا دوا هەنگاو، بۆ نمونە (مارەیی): بۆیە شەریعەت ژن بەژنی حەرام کردووە لەبەر ئەوەی باسی مارەیی تیانییە، ئافرەت وەك کاڵایەك دەستاو دەست دەکات، هاوشێوەی هەمان سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵایە لەسەردەمی نەفامیدا هەبووە.

خۆزگە هیچ یاسایەکی دونیا لەکۆنەوە تا ئێستا هەیە ئەم مافانەی دەستبەر بکات کە ئیسلام دیاری کردووە؟!

بەڕاستی شەریعەتی ئیسلامی دەریایەکی فراوانی بێ بنە، پڕە لە جۆرەها غەزێنەی جۆراو جۆر کە مرۆڤ ناتوانێت هەموو ئەو کانزایانە بەیەك جار دەربهێنێت... لەسەر ئەوەی کە باسمان لێوەکرد هێشتا زۆر مافی تری ئافرەت هەیە شەریعەت تیشکی خستوەتە سەریو بەدرێژی باسیکردوون، وەك: هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ هاوسەراندا، یەکسانی لەنێوان ژنەکانا –ئەگەر لە یەك ژن زیاتری هەبوو- نەرمو نیانی لە تەك هاوسەراندا، دانانی بەهەشت

لەژێر پێی دایکاندا، پێشخستنی دایك بەسەر باوكدا لەمامەڵەی باش لەگەڵیاندا، وەك چۆن پێغەمبەر (ρ) سێ جار ئامۆژگاریمان لەسەر ئەمە دەکاتەوە.

ئەو ڕەخنانەی ئیسلام دەگیرێت بەناوی پێنەدانی مافی تەواو بە ئافرەتان لەبوارەکانی میراتو شایەتیو قەوامیەت و... خودا هیدایەتمان بدات لەبەشەکانی تر بتوانیت زیاتر باسی ئەم ڕەخنانە بکەینو وەڵامیان بدەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین شەریعەت دەیەوێت زیاتر جێگەو پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا بەرزبکاتەوە، وە زیاتر شەریعەت هەوڵ دەدات ئافرەت بپارێزێت لە هەموو بیردۆزو فەلسەفە مادیە توند ڕەوەکان.

بەڵام شەریعەت لەڕێگەی ڕاستیدا دەیەوێت تاقیمان بکاتەوە، دەیەوێت ئافرەت وەك ئەوەی هەیە لەناو هەر نەتەوەو میلەتێکدا تیشك بداتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانان وە ئافرەتان بەشێوەیەکی تایبەت: پشت ببەستن بە سەرچاوەی زوڵاڵی شەریعەتی ئیسلامیەوە، بەجوانترین شێوە خۆیان فێری ئەم دینە بکەن. تەنها بەفێربونو تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئەم دینە ئەوانەی زمانیان درێژ دەکەن بەرامبەر بە ئیسلام لاڵ دەبن واز لە تانە دان لەدینەکەمان دەهێنن، ئەوان ئیرەییان دێت ئێمە خاوەنی ئەم دینە پاکەین، دەیانەوێت ئێمە توشی دوو دڵی ڕاڕایی بکەن و واز لەو بیرباوەڕە بەهێزەمان بهێنین، خودای لە وێناکردنی ئەمانە دەفەرموێت: ﴿رُّبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ كَانُواْ مُسْلِمِينَ * ذَرْهُمْ يَأْكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلْهِهِمُ الأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾. الحجر٢-٣.واتە: لەوانەیە بێباوەڕان (لەئایندەیەکی نزیکدا) ئاواتە خوازبن کە خۆزگە موسوڵمان بوونایە، خۆزگە ئیماندار بوونایە* جاریَ وزیان لیَ بێنە با بخۆن و رابوێرن، بە هیواو ئاواتی (بچوك و منداڵانەوە) سەرگەرم بن، سەر ئەنجام خۆیان دەبیننەوە (کەچییان بەسەر دێت).

ئەوان بەهەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن بیرو باوەڕمان برەزێنن، بە بڵاو کردنەوەی ئەو هەموو دروشمە لەخشتەربەرو لادەرەی وەك: یەکسانی نێوان

ڕەگەز، مافی ئافرەت، جیهان گیری، مۆدێرنە.... ئێمەیش بەشوێنیانەوەین بەو پەڕی توانامان‌و خەریکە هەناسەمان پێ نامێنێت بۆ ئەوەی لێمان ڕازیبن، بەڵام ئەم ڕازی بوونە دەبێت باجێکی گران بدەیت، ئەوانە دەیانەوێت بەنرخترین کاڵامان ببەن، ئەو شەریعەتی ڕێزو شکۆو کەسایەتیمانی لەسەر بەندە دەیانەوێت ئەوەتان لێوەرگرنەوە، ئەمە ئەو خاڵەیە کە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ﴾. البقرة١٢٠.

واتە: هەرگیز جولەکەو گاورەکان لە تۆ (ئەی محمد (ρ)، ئەی ئیماندار) رازی نابن، هەتا بەتەواوی شوێن ئاین‌و بەرنامەیان نەکەویت، پێیان بڵێ: بەڕاستی هەر بەنامەی خوا (ئاینی ئیسلام، شایستەی ئەوەیە کە شوێنی بکەون و) هیدایەتی راست و دروست هەر لای ئەوە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزوەکانی ئەوان بکەوی پاش ئەوەی زانیاری و زانستیت پێ گەیشتووە، ئەوە بزانە کە لەلایەن خواوە هیچ سەرپەرشتیاری و یارمەتییەکت دەست ناکەوێت.

خودایە ڕێگای ڕاستی خۆمانمان لێ ون بووە ڕێگامان بۆ ڕووناك بکەیتەوە، چاوەکانمان بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان ببینین‌و شوێنی بکەوین، وە خراپەکانیش ببینی‌و خۆمانی لێ بپارێزین، خودایە ئافرەتەکانمان هێندە چاو کراوەبن ئەوەی ئێستا ژنانی لە دونیادا دەتوانن باسی مافەکانیان بکەن‌و هاوار بکەن‌و شوێنی خۆیان دیاری بکەن لەکۆمەڵگەدا، بە تێکۆشان‌و هەوڵی نەبڕاوەی پێغەمبەر(ρ) بووە. ئافرەتان هەموویان خودایەکیان هەیە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات، بەرپرسیارن لەسەر ڕۆڵ‌و شوێنیان لەدنیادا، وە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر

ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی خودا خستویەتیە ئەستۆیان لەدونیادا، خودای پەروەردگار چەندین یاساو بنەمای داناوە بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن ڕۆڵی خۆیان تیا ببینن، دوای ئەوەی بەچەندین شێوە دەرگایان لەسەر داخراوە ئیسلام هاتووە هەموو ئەو دەرگانانەی پێ شهاتنی ئیسلام ئافرەتان بەدەستیەوە دەیان نالاند، بەپاڵ پشتی پێغەمبەری میهرەبان(ρ) هەمووی تێك شكێنرا.

خودایە پاداشتی پێغەمبەر (ρ) بدەیتەوە وەك ئەو چۆن ئێمەی هیدایەت داوە.

ئێستا دەڕۆن بۆ ڕوون کردنەوەی تیۆریای مامۆستا (نورسی) لەسەر ئافرەت، بۆئەوەی زیاتر شوێن و جێگەی ژنمان بۆ دەربکەوێت و، بزانین شەریعەت چەند بەسۆزو میهرەبانە بەرامبەر بە ئافرەت.

## بەشی چوارەم

## تیۆریای مامۆستا نورسیی لەسەر ئافرەتان[٧]

[٧]- پێشەوا نورسی بیرمەندێکی گەورەی کوردە، خاوەنی بزوتنەوەی هەستانەوەی بیری دینییە لەتورکیا، ژیانی تەرخان کرد لەسەر پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی لەو وڵاتە، پاش ئەوەی بەهۆی ئەو هەموو دژایەتیەی ڕۆژاوا بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامیو فکری ئیسلامی لەووڵاتە... ساڵی (١٨٧٦) لە خێزانێکی کوردی لە گوندی (نورس) سەر بە (بەتلیس) ڕۆژاوای تورکیا لە دایك بووە ، ساڵی (١٩٦٠) کۆچی دوایی کرد، دوای ژیانێکی دورو درێژ لە تێکۆشکانو هەوڵدان مادی مەعنەوی بۆ سەرخستنی ئەم دینە.

# پێشگوتن

ئەگەر هەموو پێشەوایەك كلیلێكی تایبەتی هەبێت بۆ كردنەوەی دڵەكان بەڕویدا، ئەوە ئەو كلیلەی دڵی من كە بەڕووی مامۆستا نورسیدا كرایەوە تیۆری ئەو بوو لەسەر ئافرەت، بڕوام وابوو هەرگیز نەدەگەشتمە ئارامی دەرونی، وەك ئەوەی پێشەوا نورسی كردی لەسەر ئەو هەموو گرنگی و بەهایەی بە دۆزی ئافرەتی داوە لەئیسلامدا، پاش ئەو شۆڕش گەوەری لە دەرونمدا ئەنجامی دا، گەشتمە ئەو ڕاستیەی شانازی بە مێیەتی خۆمەوە بكەم.

هەموو ئەو بزوتنەوانەی پێیان دەوترێت بە چاكسازیو ئازادی و .. بەرز كردنەوەی دروشمی یەكسانی پیاو ژن، پێم وایە هیچ مافێك بە ژنان نادەن، بەڵكو بەپێچەوانەوە زیاتر ئەرك لەسەر شانی ژنان گرانتر دەكەن، هێدی هێدی دەیان هێننە ناو ململانێی ژیانەوە، بە دروشمی بریسكەدار دەیان خەنە ناو كاروباری دونیاوە.

بەڵام پێشەوا نورسی دەستی ئافرەتی گرتوەو بڵندی كروەتەوە بۆ ئاسمان، دووری خستوەتەوە لەم بەرداشە تێك شكێنەرە، ئاگادارمان دەكاتەوە لەوەی ئافرەتان دروستكراوێكی زۆر ناسكو میهرەبان، بۆیە دورستكراوە بۆ ئەوەی تیشكی بەزەییو سۆز بخاتە ناو دڵی مرۆڤایەتی، ڕۆژێك دێت ئەگەر پشت بكەن لەم پەیامە پیرۆزە، ئەوكات ئافرەتان زیاتر لە شەڕی بایلۆجیو ئەتۆم بەشداردەبن لە تێك شكاندنی مرۆڤەكاندا.

---

ئەو تێكۆشەرێك بوو شیری پێنوسی هەڵگرتو دەستی كر بە تێكۆشان و بەرگری كردن لە ڕاستی، خاوەنی (پەیامەكانی نورە) بەڕاستی باشترین باشەكەوتی بانگەوازی ئیسلامییە بۆ نەوەكانی ئایندە، بەتایبەت ئەوانەی پێویستیان بە بەڵگەی عەقڵیو حیكمەت هەیە لەگەڵ سەردەمەكەدا بگونجێت.

چۆن پێشەوا نورسی بەشداری کردوە لە هێنانە دی ئامانجەکانی شەریعەتدا؟ ئەو بنەمایانەی چین کە شەریعەتی ئیسلای گرتویەتییە بەر؟ بەم شێوەی خوارەو ڕووی دەکەینەوە:

بەشی یەکەم: ئازادی ئافرەت لە دیدی پێشەوا نورسیدا:

بەچی ڕێبازی پێشەوا نوسری لەسەر ئافرەت دیاری دەکەین؟

گەرچی ئێستا زۆرن ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە داکۆکی کار لەمافەکانی ئافرەتو بۆ ئازای ئەوان هەوڵ دەدەن، بەڵام لەکۆتاییدا خۆیانو سەرۆکەکانیان دەیانەوێت ئافرەت بکەنە کۆیلەی حەزو ویستەمەنیەکانیان. بەڵام پێشەوا نورسی: بەڕاستی هەوڵ دەدات ئافرەت لە حەزە خراپەکانو کردەوە چەوتەکان رزگاربکات، ئازادی بکات لەهەموو ئەو ململانێیەی لەناو نەتەوەکاندا هەیە بە پشت بەستن بە فەرمودەی خودای پەروەردگار: ﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً رَّجُلاً فِيهِ شُرَكَاء مُتَشَاكِسُونَ وَرَجُلاً سَلَماً لِّرَجُلٍ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً﴾. الزمر:٢٩.

واتە: خوای گەورە نموونە دەهێنێتەوە بە پیاوێك کە گیری خواردبێ بەدەست چەند (ئاغایەکی) شەڕانی و سەرکەشەوە، پیاوێکی تریش تەنها یەك (ئاغای سەلاری) هەبێت، ئایا ئەو دوو جۆرە نمونەیە وەك یەکن.

ئەگەر ئافرەت فەرمانە جەوهەریەکەی خۆی پشتگوێ خست، خۆی رادەستی داواکارەکانو هاوبەشەکانی دەکات، هەریەکە لەو هاوبەشانەش بۆ هێنانەدی ئامانجی خۆی بەکاری دەهێنێت. بەڵام ئەگەر ئافرەت خۆی ڕادەست بە پەروەردگاری کرد ئەوە ئەو بەسە بۆ ئەوەی بیپارێزێت هەموو زریانێك، نەك هەر لەدنیا دەیپارێزێت، بەڵکو لە بەختەوەری ژیانی نەبڕاوەش بەدەست دەهێنێت.

لێرەوە پێشەوا نورسی زۆر پێداگیربوو هەموو توانای خستە گەر بۆ رزگارکردنی ئافەرت لە دوو دڵیە قوڵو بەتینانە، هەموو هکارەکەی ئەمەش

بەهۆی دووریان ودەست بەردان لە بەها باڵاکان و، دەست نەگرتنیان بە قورئانو سونەتەوە، ئەمە یەکێکە لەجیاکاریەکانی پێشەوا لەزۆر جێگەدا.

ئەو هەرکیز کۆسپ نەدەبوو لەبەردەم بزوتنەوەی ژناندا، ئەگەر ئەو بزوتنەوەیە بۆ ڕازی بونی خودابێت، بە قەڵای شەریعەت پارێزگاری لێ بکات بۆ ئەوەی بی پارێزێت لە هەڵدێرە دنیاییەکان، و نەبردنەوەی بەختەوەری ژیانی دواڕۆژ. بەم شێوەیە دیدو بۆچونی مامۆستا نورسی بۆ ئازادی ئافرەتان: بەپێی بنەماکانی شەریعەت بووە کە گونجاندویەتی لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، بەشێوەیەك پێداگری دەکات لەسەر گرنگی ڕۆڵی ئافرەت لە دنیادا و گرنگی بەشداری ئیجابی، بۆ ئەوەی دەستی خۆی دیاری بکات لە بونیات ناوەوەی کۆمەڵگە. لەهەمان کاتدا نابێت ئەو بەشداری کردنەی وایی لێبکات ئەو ڕاستیەی لەبیر بچێتەوە کە ئەو ئافرەتێکەوە لە مادەیەکی ناسك بەدی هێنراوە، سروشتی وایە هەمیشە دەبەخشێت بەبێ بەرامبەر، ئیخلاصو دڵسۆزی خودای پەروەردگار پاڵی پێوە دەنێن بۆ ئەم کارە.

ڕۆژێك لەڕۆژان ئەگەر ئافرەت ئەو مانا نورانیانەی لەبیر بچێت، خۆی بخاتە ناو دەریای مادیەتەوە، خۆی سەرگەردان دەکات، لەدەست دانی ماناکانی ئافەرت بوون هەموو مرۆڤایەتی سەرگەردان دەبێت.

پێشەوا نورسی ڕێگەیەکی مەعنەوی هەڵبژاردووە بۆ قسەکردن لەسەر ئازادی ئافرەت، چونکە گفتو گۆ مەعنەوەیەکان بزیسکەی ئاگری بیرو بڕوا هەڵدەگیرسێنێتەوە، بەشێوەیەك ڕوناکیەکەی ناخی خۆی دەورو بەریشی ڕووناك دەکاتەوە.

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە تیشك دەخاتە سەر چەند خاڵێك:

### ١- دەرخستنی وزە شاراوەکانی ناخی ئافرەت:

ئەو بڕوای وایە ئافرەتان ڕابەری بەزەیو پاڵەوانی شەفەقەتن، لەپێناو ئەمەی هەوڵدەدات ئەو کانزا بەنرخە زیاتر ببریسکێتەوەو هەرچی جوانی هەیە لەناخیدا دەربکەویت، بۆیە دەڵێت:

ئەو گیان بەختکردنەی دایك کە خۆی دەخاتە حاڵەتی لەناو چوونەوە، بەبێ چاوەڕوانی پاداشتێکە، بەبێ هیچ زۆر لێکردنێك ئەم کارە دەکات، ئەمە ئەو پەڕی پاکیو دڵسۆزییە بۆ منداڵەکەی، لەگەڵ ئەو ئەرکە سروشتیەی کە هەیەتی، هەردووکیان پێکەوە بەڵگەن لەسەر ئەو پاڵەوانیەی ئافرەت، بە ئەنجام دانی ئەم کارە گرنگە دەتوانن ژیانی دونیاو قیامەیشیان ڕزگاربکەن. ئەو ڕەوتانەی دەیانەوێت سروشتی ئەم بەها بەنرخە بگۆڕنو ڕێگری لێبکەن لە پرشنگدانەوەی، بەکار هێنانیان لەجێگەیەك کەشوێنی ئەوان نییە، دەبێتە هۆی خراپ بوونی.

لەبەر ئەمە پێشەوا نورسی هەوڵی زۆری داوە بۆ تەقاندنەوەی ئەو میهرەبانیو نەرمو نیایە لەناخی ئافرەتدا هەیە، پاش دەرکەوتنیان بەڕێڕەوێکی دروستیا بیان بات، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە پەروەردەیەکی ئیسلامی پێ بگەیەنن، چونکە دەبێتە هۆی پاراستیان لە بەندکردنی هەمییشەی کە دۆزەخە، وە رزگاریان دەبێت لە سێدارە دان ئەویش مردنە لەڕێگەی گومڕایی، لە هەمانکاتدا منداڵی باشو پەروەردەی دروست پاش مردنیشی پاداشتی ئەو ڕەوشتانە دەگات پێی، هەموو ئەو کارە باشانەی منداڵەکەی دەیکات لە هاوشێوەی پاداشتی ئەو کارانە لە نامەی کردەوەکانی ئەمدا تۆمار دەکرێت، ئەگەر منداڵەکەی کردەوەی باشبێت لە ڕۆژی دوایی پێکەوە لەناو نازو بەخششە نەبڕاوەکاندا دەبن، لەلای خودای پەروەردگار دەبێت بە تکا کاری دایکەکان لەسەر ئەو ڕەوشتو پەروەردە ئیمانیەی، لەبرێتی ئەوەی سکاڵای لێبکات لەسەر ئەو خراپ پەروەردەکردنەی خراپ بەکار هێنانی ئەو سۆزو میهرەبانیەی، نەیتوانیوە ئەم لە سزای هەمیشەی جەهەنم

رزگاربکات، ئەوکات ئەو منداڵە سکاڵای خۆی دەکات لەدایك دەڵێت: "بۆ لایەنی ئیمانیت بەهێز نەکردووم هەتا نەکەومە ناو ئەم نارەحەتیەوە!؟"

## ٢- زیندو کردنەوەی گیانی شانازی کردن بەئەرکی ئافرەتان لەژیاندا :

لەمرۆدا زۆر ئافرەت هەن ڕۆڵی خۆیان بیر چوەتەوە لەژیاندا، گرنگترینیان دایکایەتییە بە هەموو مانا ناوازەو باڵاکانی، ئێستا خۆیان خەریك کردووە بە پلەو پایەی سەرنج ڕاکێش‌و ناو بانگ لەژیاندا. لەپێناو ئەمەدا پێشەوا نورسی زۆر گرنگی داوە بە زیندو کردنەوەی ئەرکی ئافرەتان لەدنیادا، گێڕانەوەی بۆ پێشەنگ بوونی خۆی و دەڵێت:

یەکەم مامۆستای مرۆڤایەتی، ئەو کەسەی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەو فێکردن دایکیەتی، بۆ مانا کردنی ئەم پێناسە لەخۆمدا ڕویداوە هەمیشە دەنگ دەداتەوە: سوێند دەخۆم بەخودا قوڵترین‌و بەهێزترین وانە لەژیاندا فێری بووم کاریگەری لەسەرم دانا، وانەکانی دایکم بوو، هەموویان مەعنەوی بوون، هێندە گۆشی کردم‌و دووبارە کردەوە لێم هەتا وام لێهات ئەو تۆوە وردەی لە سروشتمدا هەبوو چەکەرەی کرد لە سەرەتای تەمەنمدابووم کاتێك دەدوام وەك کەسێکی کامڵی هەشتا ساڵان دەردەکەوتم، زۆر بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو وانانەی لەو ماوە کەمەدا فێری بووم لەو تۆوەوە گەشەی کرد. نەرمو یان‌و سۆزو میهرەبانی، بنەما گەوەرکانی پەیامەکانی نورن، شاهیدیان بۆ دەدەم ئەم سێ چەمکەشە لەکردەوەکانی ئەو دایکەوە سەرچاوە دەگرێت، لە کاروباو بەبەزەی‌و لە وانەکانیشدا مەعنەوی بوو.

بەڵام دەبینم ئەو بەزەی‌و نەرمو نیانیەی دایکان بەهۆی خراپ بەکار هێنانیانەوە شاراونەتەوە، دایکان بیر ناکەنەوە لەو غەزینەیەی لەپاشەڕۆژدا بەهۆی منداڵەکانیانەوە دەستیان دەکەوێت، ئەوانە زۆر بەنرخترن لە ئەڵماس، کەچی ئەمان ڕوو دەکەنە دنیا لەکاتێکدا ئەم نایگۆرێتەوە بە پارچەیەك شوشەی شکاو، هۆکاری ئەم لادانەش بەهۆی خراپ بەکار هێنانی سۆزو

بەزەییانە، چونکە لەنێو پەنچەکانیدا ئەو دڵسۆزیەی تیا نییە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ژیانی دواڕۆژ.

## ٣- ڕونکردنەوەی گرنگی و ڕۆڵی ئافرەتان وەك پیاوان:

نورسی پێی وایە ئافرەتانیش پاڵەوانێتی تایبەت بەخۆیان هەیە، گەورەتری قوربانی دەدەن بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتو قەرەبوویەك بکەنەوەن، بەبێ ڕووپاماو خۆ دەرخستن، ئەوان بەوە ناسراون ئامادەن خۆین بەخت بکەن لەپێناو مندالەکانیاندا. بۆ ئەوەی ئەم وتەیە پشت ڕاست بکەینەوە بە مریشکێك نمونەیەکی بچووك دەهێنینەوە بۆ پاراستنی بێچوەکانی، هێرش دەکاتە سەر دووژمنەکەی ئەگەر شێرێکیش بێت، لەپێناو جوجەڵە ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات. بەڵام قوربانی دانی باوك تەنها بە بەرامبەر، لەزۆر جێگەوە چاوەڕوانی پاداشتە، کەمترینیان شانازیو ناوبانگە. ئەگەر ئافرەتان خۆیان بپارێزن بە ئادابە ئیسلامیەکان، نەوەیەکی باڵا بەرهەم دەهێنرێت، مەودای بەختەوەری زۆرتر فراوان دەبێت لەکۆمەڵگەدا.

هەروەها پێشەوا نورەسی پێی وایە: ئەو ئافرەتانە لە گوندی (ساو) دەوروبەری، زۆر لە خۆ بوردوی کارەکانیان ئەنجام دەدەن زیاتر لە پیاوان بە تەنگ بڵاو کردنەوەی پەیامەکانی نورن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەمای سەرەکی لە پەیامەکانی نوردا سۆزو میهرەبانییە، ژنانیش رابەری ئەم میهرەبانیەن، کەواتە پەیامەکانی نور مادام بەو شێوەیە بڵاو بوەتەوە دەتوانێت دڵی ئەو ئافرەتانەش پڕ بکات لەنورو ڕووناکی بکاتەوە. ئەمە مانای وایە ئەگەر بتوانرێت دڵی ئافرەت بە ئاوی ئیمان بشۆیت، کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەژیاندا، ڕەنگە زیاتربێت لەکاریگەری پیاوان.

## ٤- جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ژیانی هاوسەرێتی قەڵای پاراستنی ئافرەتانە:

پێشەوا (نەورەسی) دەیزانی کە ڕێکخراێکی هەیە بەنهێنی کار لەسەر ئافرتان دەکاتو، زۆر بە لەخۆبردویانە کار دەکەن، بۆ پاڵنانی ئافرەتان بۆ سەر ڕێگەیەکی زۆر مەترسیدار. هەستی کرد ئەمە زەبرێکی زۆر کاریگەرە لە نەتەوەی ئیسلامی دەکەوێت، چونکە بەدانانی یاسایەکی سواو دەیانەوێت ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامی دوور بخاتەوە لەکاتێکدا ئەم شەریعەتە قەڵایەکی بەهێزی ئافرەتانە، دەڵێت: چارەسەری ڕزگاربونی ئافرەتان لەم خراپەیەو، دەربازکردنی دینو دواڕۆژیان، تاکە یەك هۆکاری هەیە بۆ ئەوەی بە پاکی بمێنێتەوە، چونکە ئافرەتان سروشتیان پاكو بێگەردە، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دینی، ئەم پەروەردەیەش لەناو بازنەی ئیسلامدا دەدۆزرێتەوە، ئافرەتان بۆ دۆزینەوەی بەهەشتی بچوکراوەیان پێویستە لەناو خێزاندا بەدەستی بهێنێت، خێزان دونیای بچوککراوەی ئافرەتانە، ئەگەر ئافرەت بێتە ژێر سایەو سێبەری ئیسلامەوە، ئەو کاروانیە ئەم خاڵانەی لەسەر واجب دەکات:

- ئەگەر ئافرەت خراپەیەکی بینی لە مێردەکەی، وەك خیانەت یان بێوەفایی، بەو کارە یاسای ئەو خێزانە کەمو کوتی تیێ دەکەوێت وەك تۆزی بەر بادی لێدێت، لەسەر ژنە کە پێویستە کاربکات بۆ پڕ کردنەوەی کەمو کورتی مێردەکەی، چاك کردنەوەی خراپەکانی، بۆ ئەوەی هاوسەری ژیانی ڕزگاربکات. ئەگەر وانەکات لە هەموو لایەکانەوە زیانی بەردەکەوێت، ئەگەر وابێت ئەویش جوانیەکانی بۆ خەڵکی دەربخات، بە لابردنی حیجابەکەی، چونکە ئەم کارەی خاڵییە لە وەفا، تەنها لە دنیا پاداشت وەردەگرێت. پێویستە خۆی ڕابهێنێت لەسەر ئارام گرتن، بەڵکو خودا مێردەکەی چاك بکات و ڕۆژێك بگاتە بڕوایەك خۆی تەسلیمی فەرمانەکانی خودا بکات.

- چەند بەختەوەرە ئەو ئافرەتەی دەبینێت مێردەکەی دیندارە، دەستی گرتوە بە بنەماکانی ئاینەوە، بۆ ئەوەی هاوسەری هەمیشەیی لەدەست نەدات،

لەگەڵ بەختەوەری دنیای بەختەوەری دوارۆژیش دەباتەوە، ئەو پیاوەش چەند بەد بەختە کە شوێن ژنەکەی دەکەوێتو دەڕوات بۆناو ئاهەنگەکانو حیجاب لەبەر خۆی دادەکەنێتو نابێـتە هۆی رزگارکردنی مێردەکەی، ئیسلام فەرزی کردووە ژنو پیاو ئامۆژگاری یەکتری بکەن بۆ رزگاربونو گەیشتن بە ڕێگەی بەختەوەری.

- پیاوی تێگەیشتوو خۆشەویستی خێزانەکەی نابەستێتەوە بە جوانی ڕوکەشی دنیا، چونکە هەموو جوانیەکانی ڕوخسار لەناو دەچێت، بەڵکو ئیسلام فەرزی کردوە خۆشەویستیەکەیان لەسەر بنەمای میهرەبانی و سۆز بێت، ئەمەیان باشترینو جوانترین ڕەوشتەکانی ئافرەتانن، بۆ ئەوەی خۆشەویستیەکەیان هەمیشەیی بێتو بەردەوامبێت، چونکە خۆشەویستی لەسەر بنەمای میهرەبانی هەمیشە بەگەنجی دەمێنێتەوە، نەك هەر لەدنیادا بەڵکو ئەو هاوڕێیەکی خۆشەویستو میهرەبانە لە دوا ڕۆژدا. پێویستە لەسەر هەردوو هاوسەر زیاتر ڕێز لەیەکتری بگرنو، هەتا زایاتر برۆنە تەمەنەوە زیاتر بازنەی سۆزو میهرەبانیەکانیان فراوانتر و گشتگیرتر بکەن.

بەڵام خێزانێك لەسەر بنەمای نوێگەری پەروەردەبووبێت، زیاتر توشی لە ڕوخانو خراپە دەبێت، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیەکەیان لەسەر هاوڕێیەتییەکی کاتی دامەزراندووە، پاشەڕۆژیشی جیابونەوەی هەمیشەییە بەشوێندا دێت، هەر لەبەر ئەوەی هەردووکیان یەکتریان بانگ دەکرد بۆ شتە ڕوکەشە مادییەکان هاوکاریش دەبن بۆ چوونە ناو ئاگریان.

## ٥- گرنگی هەڵبژاردنی مێردێکی شایستە:

پێشەوا نورسی پێی وایە کۆڵەکەی سەرەکی بۆ ئازادی ئافرەت، دەرچوونیان بەرەو ئاسۆیەکی فراوان لە دڵنیابونو کاریگەریان، بۆ بەدەست هێنانی بەختەوەری دنیاو دوارۆژ، ئەوا دەبێت:

پێویستی هەڵبژاردنی مێردێکی هاوشان — بە دەستەواژە شەرعیەکەی-بۆئەوەی بتوانێت ڕەچاوی مافە شەرعیەکانی بکات، وە ببێتە هاوڕێیەکی هەمیشەیی... دەڵێت: ئەم سەردەمەی ئێمە لەسەردەمانی پێشوو ناچێت، ئێستا لەبرێتی پەرووەردەی ئیسلامی پەروەردەی نوێی ئەورووپی لەکۆمەڵگەدا بونی هەیە، بەدرێژایی نیو سەدەیە. پیاوێك دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا بکات بۆئەوەی هەردوکیان دووربن لەتاوان، خێزانەکەی کە هاوسەری هەمیشەییەتی و، پێوەری بەختەوەرییەتی، بە بیانوی پەروەردەی ئیسلامی، ئێستا ئەو پیاوە دەبینین لەژێر کاریگەری پەروەردەی ئەوروپیدا سەرکوت کراوە، خۆشەویستی تەنها لە تەمەنی گەنجێتیدا دەبینێتەوە، پاش ئەوەی توشی ناڕەحەتیو ڕۆشتنە تەمەنەوە، زۆر ناڕەحەتی بەسەریەوە کەڵەکە بووە، وایلێدەکات ژیانی رابردووی هەمووی بە ناخۆشیو ناڕەحەتی بەڕێکردووە.

بۆیە پێشەوا نورسی بەم شێوەی خوارەوە ئامۆژگاری ژنان دەکات:

- هەرگیز لەژێر کاریگەری حەزە کاتییەکانو ئارەزوەکانیان هاوسەرگیری نەکەن، چونکە بۆ وەرگرتنی چەند ساتێکی چێژ بەخشی دە خولەکی، دایك دەبێت نزیکی دەمانگ لە ناڕحەتیدابێت، پاش ئەوەی کە دەبێت بۆ ماوەی دەساڵ ڕاوەستێت بۆ بەخێوکردنی منداڵەکەی. ئەگەر ئەم قوربانی دانە لەپێناو بەدی هێنانی مەبەستێکی گرنگدا نەبێت، پێویست بەو هەموو ماندو بونە ناکات.

- نابێت ئافرەتان لەژێر کاریگەری پێداویستی ژیان هاوسەرگیری بکات، خۆی بۆخۆی پارە پەیدا بکات باشترە لەوەی بڕواتە سەر شۆڕ بکات بۆ خۆ کۆیلەکردن لەژێر دەستی پیاوێکدا، بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەی بازنەی ئیسلامی پەروەردەبووە، خراپەکاریو زۆر لێکردن تێکەڵ بەخوێنی بووە. بۆ رازی بونی ئەم مێردەی ژنەکە پێویستە دەست بەرداری پەرستشو بەندایەتیەکەی ببێت،

ئەمەش بەشێکە لە لەناو چوون، چونکە شەریعەت دەستەبەری ژیانی دنیاو دوارِۆژی دەکات.

- ئەگەر لەسەر ویستە سروشتیەکانی خۆی کە خۆشەویستی و نەرمونیانیە هاوسەرگیری بکاتو پەروەردەی منداڵەکانی نەکات، ئەوکات پەروەردەی ڕۆژاوای ئەوروپی شوێنی پەروەردەی ئیسلامی دەگرێت، لەناو دە منداڵدا تەنها یەك یان دوو منداڵ گوێڕایەڵ و چاکە کار دەبێت بەرامبەر دایكو باوکی، ئەویش بەهۆی کردەوەی چاكو پاڕانەوەی منداڵەکانی بۆی، ئەگەر چاکەکاربوو لە ڕۆژی دوایدا شفاعەتی بۆ بکات، هەر لەبەر ئەمەیە یاریکردن لەگەڵ منداڵانو نەرمو نیانیان ویستێکی سروشتیی و چێژێکی دەرونیە، پێویست نییە ئافرەت هەندێك ئەرکی گران هەڵبگرێت، بەبێ بەرامبەر و پاداشتی دنیایی.

پێشەوا نورسی ئافرەتی دوور کردوەتەوە لەم کارەو دەڵێت: پێویستە ئافرەتی موسوڵمان خۆیان بە نرخێکی کەم نەفرۆشن، هەرکاتێك مێردێکی باش نادۆزنەوە هاوشانیان بێت بۆ ئەوەی هاوسەر گیری لەگەڵ بکەن. ئەوکاتە پێویستە لەسەریان هەر بە تەنهایی بمێننەوە باشترە بۆیان، ئەگەر ئەو مێردە هاوشانیە نەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن، بۆ ئەوەی بۆ وەرگرتنی چەند ساتێك چێژی دنیایی دوارِۆژیان لەدەست نەچێت و ڕۆبچن لە خراپەکاریەکانی سەردەمدا.

## ٦- بانگەشەی پێشەوا نورسی بۆ چاودێری کردنی مافەکانی ئافرەت:

گرنگی دانی پێشەوا (نورسی) بۆ ئازادی ئافرەتان، تەنها بەئامۆژگاری ئافرەتانی نەکردووە. بەڵکو بەردەوام ئامۆژگاری پیاوانی کردووە بە باشترین شێوە ڕەچاوی مافەکانیان بکەن ئیتر: دایکە، خوشکە، هاوسەرە، کچە هەرە یەکە لەمانەبێت، ئەمە بنەمای بانگەوازەکەی بووە، پێشەوا نورسی وەك ڕێکخراوەکانی ژنان نەبووە تەنها بانگەشەی ئەوە بکات کە ئافرەتا هاوشانی پیاوان بکەنەوە لە ئەركو مافدا. بەڵکو مەبەستی سەرەکی رەچاوکردنی

مافەکانی ئافرەتانە وەك لایەنە مرۆڤایەتییەکەی، لە هەڵگرتنی ناز و نەرمو نیانی بەرامبەری، تێرکردنی لایەنە سۆزداریەکەی لە خۆشەویستی، ئافرەتان هەمیشە تینوی ئەم چەمکانەن. وەك چۆن گوڵێك تینو زۆر بە شەونم دەگەشێتەوە، پێشەوا نەورەسی بۆ شیکردنەوەی ئەمە دەڵێت:

بەبێ ڕێزگرتنی و میهرەبانی و بەزەیی لەنێوان هەردوو هاوسەردا هیچ چێژێکی لە جەوهەری خێزاندا نییە، ئەم کارانەش بەبێ بونی بڕوایەکی پاك بۆ پێکەوە بونی هەمیشەیی و، هاوڕێیەتییەکی بەردوام  و، بەدەست نایەت، پێکەوە لەژێر سێبەرێکی بێ کۆتای کۆببنەوە، کاتێك باوکەکە پەیوەندییەکی جوانو شیاوی لەگەڵدا هەیە، براکەی بەبێ فێڵو تەڵەکە لەگەڵیدایە، ئەوکات دەبینێت هاوسەریش بەهەمان شێوە لەگەڵی دەدوێت: ئەم ژنەی ئەمڕۆ لەگەڵمدایە هاوری ژیانی هەمیشەییمە، چی کێشەیەکی تیایە ئەمڕۆ پیر بووە یان ڕوخساری ناشرین بووە، چاوەڕوانی ئەو جوانیەی دەکەم لەئایندەدا دێت. لەپێناو ئەو پاکیەیدا هەموو توانام دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو پێداویستیانەی بۆ بەدی بهێنم". بەم شێوەیەش هاوسەرەکەی ئەو خۆشەویستیو میهرەبانیەی هەیە بۆ ئەو هاوسەرە پیربووەی، وەك ئەوە وایە بۆ حۆریەك هەیبێت. ئەگەر وانەبێت ئەوە هاوڕێیەتیو هاوسەرێتی شتێکی ڕەمزییە، ئەگەر بەم شێوەیە پەروەردە نەبووبێت ئەوە دەبنە هاوڕێگا و دەرونیان دوور لەیەکەی هەمیشەیی، تەنها بەڕووکەش هاوسەری یەکترین، هیچ سۆزو میهرەبانییەك لەنێوانیاندا نییە ئەگەر هەبێت ئەوە تەنها شتێکی ڕوکەشە و ڕێزگرتنێکی دەستکردە، لەجێگای ئەوەی وەك مرۆڤەکان هەموو پێداویستیەکانی یەکتر جێبەجێ بکەن، وەك ئاژەڵ تەنها غەریشەی جنسی تێردەکەن، ئەوکات ئەو بەهەشتە دنیاییە دەگۆڕێت بۆ دۆزەخێك ڕزگاربون نەبێت تێیدا.

پێشەوا نورسی لەم کاتەدا ڕوو دەکاتە مێردو دەڵێت: پێویستە هاوسەرەکەت خۆشبوێت چونکە ئەوە دیارییەکی بەنرخە، بەخششی پەروەردگارە. ئاگاداربە خۆشەویستیت نەبەستیتەوە بە جوانیە ڕوکەشە لەناو چوەکانەوە، بەڵکو هەوڵبدە هەمو خۆشەویستیەکانت ببەستیتەوە بەجوانیەکانی ناخیەوە کە هەرگیز لەناو ناچێت، ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵە بکەیت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو جوانیاینە گەشە دەکات، ئەویش جوانی: ڕەوشتو ئەو ناسکیەی لە مێینەیی هەیەتی، جوانترین و باڵاترین ڕەوشتی ئەو نەرمو نیانیە پاکەیەتی، جوانی ڕەوشتو نەرمو نیانیەکەی هەتا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت. بە خۆش ویستنن ئەم بونەوەرە ناسکە دەپارێزرێت، ئەگەر وانەکەیت ئەوکات مافی پێشێل دەکەیت، زۆربەی کات پێویستت بەم لایەنەی ئافرەت هەیە وەك لە جوانیە ڕوکەشیەکەی.

ئەنجامی دوارۆژی ئەو خۆسەویستەی لەسەر بنەمای ڕەوشت و پاکیی دەرونو نەرمونیانی و ناسکی دروستکراوە، ئەو ئافرەتە دەپارێزت لە سەرپێچی، دوور دەکەوێتەوە لەتاوان.

ئەو ئافرەتە دەبێتە خۆشەویستتو خۆشی دەوێیت، هاوڕێی ڕاستی ڕێگات، وە هۆگرو هاو دەنگی لە بەهەشتدا. وای لێدێت جوانیەکانی جوانتر دەبێت لە حۆریەکانی بەهەشت، شۆخێتیان ڕازاوەتر دەبێت لە حۆریەکانی بەهەشت، ناسکی دەکەوێت پێش ناسکی هەمویانەوە، بە وتەکانتان سەرنجیان بۆخۆتان ڕابکێشن، ئەو ڕووداوانەی ڕابردویان بۆ باس بکەن. خودای پەروەردگار بەم شێوەیە بەڵێنی پێداوین بەدڵنیاییەوە بەڵێنەکەی جێبەجێدەکات.

بەم شێوەیە نورسی باسی مافە مەعنەوەیکانی ئافرەتی کردوە لەسەر پیاو، ئەو هەوڵیداوە ئافرەتان بپارێزێت بە پەردە گێڕانی مەعەنەوی بۆ پاراستنی

مێینەییان، هەروەها ئاسۆیەکی فراوانی بەڕوویاندا کروەتەوە، لەبرێتی ململانێ و هەسکە هەسك بۆ دەست کەوتنی ئەم دنیا لەناو چووە، پاش ئەم بانگەوازە پیاوان پێویستە پەرۆشی خێزانەکانیان بن، چونکە خەڵاتی گەورە چاوەڕوانیەتی. ئەمانە چەمك گەلێکن بۆ تێك شکاندنی مادیەکا و ململانێ دنیاییەکان، پێویستە هەموومان بەئاگابین لەبەرامبەر هەموو ئەو پلانانە، وەك ئەوەی کە پێشەوا نورسی ئەنجامی دا.

ئێستا دەڕۆینە بەشی دووەم باسی ئەوەدەکات چۆن نورسی هەندێك کێشەی تایبەت بە ئافرەتانی چارەسەرکردووە کە جێگەی هەڵوەستەکردنو گفتوگۆن، هەندێك کەس دەیانەوێت لەڕێگەی ئەم دەلاقانەوە رەخنە لە شەریعەت بگرنو دوو دڵی و گومان لەبیرو باوەڕێ ئافرەتاندا دروست بکەن. لەپێناو ئەمەدا نورسی هەوڵیداوە ئامانجە مەعنەوەیەکانی شەریعەت بخاتە ڕوو لەسەر ئەو حوکمانە، ئەمەش تەنها لەپێناو پاراستنی ئافرەتو چالاك بونی دەوری خۆی، لەهەمان کاتدا پارێزگاری بکات لە بەختەری دنیاو دواڕۆژی.

# چەند دۆسیەیەکی تایبەت بە ئافرەت

## یەکەم: دۆسیەی باڵا پۆشی (الحجاب)

خودای پەرووەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾. الأحزاب٥٩.

ئەی پێغەمبەر (ρ) بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵاپۆش خۆیان داپۆشن.

ئەم ئایەتە پیرۆز باس لە باڵا پۆشی دەکات... لەکاتێکدا مادییەکان باس لە یاسا ساختەکان دەکەن بەپێچەوانەی ئەم فەرمانە خودا، ئەوان وانابیین باڵا پۆشی کارێکی سروشتی ئافرەتانەو لەهەمان کاتیشدا قەڵای پارێزگاری ئافرەتانە، بەڵکو وا گومان دەبەن ئەمە کۆتو بەند کردنی ئافرەتانە.

لێرەدا باس لە چوار حیکمەت دەکەین —لەنێو هەموو حیکمەتەکانی تردا- بۆ ڕوون کردنەوەی گونجاندنی ئەو حیکمەتە قورئانیە لەگەڵ سروشتی ئافرەتدا ڕێکدەکەوێت، هەرشتێکیش پێچەوانەی ئەو سروشتیە بێت ئەوە شایستە نییە بۆ ئافرەتان:

## حیکمەتی یەکەم:

باڵا پۆشی کارێکی سروشتییە بۆ ئافرەتان، یەکێکە لە پێداویستیەکانیان، چونکە ئافرەتان پارچەیەکن لە ناسکیو نەرمو نیانو شەفەقەت، خۆیان وادەبیننەوە هەمیشە پێویستیان بە پیاوێك بێت بۆ هاوکاری خۆیان و پاراستنی منداڵەکانیان، ئافرەتان زۆر پێداگرن لەسەر ئەوەی پیاوێك لە تەنیشت خۆیانەوە ببینەوە. ئەوان لەسروشتیاندا شتێك هەیە بەهۆی هەستیارییانەوە لە پیاوی بێگانە دەترسن، ئەم ترسەش وا پێویست دەکات ئافرەت خۆی باڵا پۆش بکاتو خۆی دەرنەخات.

،ئینجا ئەوانەی حەوت لەسەر دەی تەمەنیان تێپەڕیوە، یان بەهۆی ڕۆشتنیان بەتەمەندا، یان بەهۆی ناشرینیانەوە نایانەوێت پیرێتیان یان ناشرینیان دەربکەوێت، یان ئیرەییەکی زۆریان هەیە لە مێردەکانیان، لەوە دەترسن بەهۆی ئەو ڕوداوانەی لە ژیانیاندا ڕوویداوە ئەو ئافرەتە جوانو گەنجانە ئەمان لەبەرچاو مێردەکانیان بخەن، یان لەوە دەترسن لەسەر ئەمانەوە بڕۆنو خۆیان توشی کاری خراپ بکەن. ئەم ئافرەتانە لەسروشتیاندا پێویستیان بە باڵا پۆشی زیاترە، لەترسی ئەوەی دەست درێژی نەکەنە سەریان، یان دوور بکەنەونەووە لەوەی تۆمەتیان بۆ هەڵبەسترێت، بەڵکو بەتەمەنەکان زیاتر حەز لە باڵا پۆشی دەکەن.

ئەو ئافرەتانەی لە دوو یان سێ لەدە زیاتر نیین: گەنج‌و جوانن، ناترسن لەوانەی بڕۆنە دڵەوە ، مرۆڤ زۆری ناڕەحەت دەبێت بەوەی کەسێك سەیری بکات کە خۆشی ناوێت تەنانەت ئەگەر جوانیشبێت، حەز دەکەن دووکەس یان سێکەس لەغەیری ژنەکانیان بیان بینن ئەوە بەدڵنیایەوە زۆر بێزارن لە سەیرکردنی حەوت یان هەشت کەس بۆیان، بەڵکو لێی ڕادەکەن.

ئافرەتان لەبەر ئەوەی خۆیان لە مادەیەکی ناسك دروستکراون ڕادەکات لە سەیرکردن لەلایەن پیاوانی بێگانەوە – لە و تێڕوانینە پیسانەی دەیانەوێت بیان کەن بە نێچیری خۆیان- تەنانەت دەبیستین: زۆر لە ژنانی ئەوروپا – کە کانگای خۆدەرخستن‌و خۆڕازاندنەوەن سکاڵا دەکەن لە لای پۆلیس لەوانەی بەچاوەکانیان هەمیشە بەدوایانەوەن دەڵێن: ئەم پیرە بێ ڕەوشتە ئێمەیان بەچاوەکانیان بەندکردووە!

ئەوەی کە قورئان فەرزی کردوە لەسەر ئافرەت بۆ باڵا پۆشی – لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ سروشتی ئافرەت خۆیدا دەگونجێت- دەیپارێزێت لە سوکایەت‌و لەناوچوون، مەبەستی ئەوانەی بانگەشەی مەدەنی بوون دەکەن دژی باڵا پۆشی دەوەستن، تەنها دەیانەوێت ئافرەتان لە سەر سروشتی خۆی لابدات‌و بڕواتە بەرو سفوری خۆ دەرخستن، ئیسلامیش دەیەوێت ئافرەت لە ملکەچی‌و بەندی مەعنەوەی رزگار بکات، ئەوان لەمادەیەکی نەرم‌و نیان‌و ناسك دروست بوون دەبێت ئەو جوان‌و شۆخیەیان بۆ مێردەکانیان بپارێزن.

## حیکمەتی دووەم:

ئەو پەیوەندیە دروستەو خۆشەویستیەی قوڵەی لەنێوان هەردوو هاوسەردا هەیە، تەنها بۆ هێنانەدی ویستەمەنیەکانی دنیا نییە، چونکە ئافرەتان تەنها لەدنیایدا هاوڕێی مێردەکایان نین بەڵکو لە دوا ڕۆژیشدا هاوڕێی هەمیشەی یەکترین... بۆیە پێویستە جگە لەهاوسەری هەمیشەی وهاوڕێی ژیانی هیچ

کەسێکی تر بێزاری نەکات، وە نابێت ببێتە هۆی تورەکردنو ئێرەی بردنی مێردەکەی لێی.

ئەم هاوسەرە ئیماندارەی تەنها لەدنیادا خۆشەویستیو شەفەقەتی بۆی نییە، ئەم خۆشەویستیەشی وەك ئاژەڵەکان نییە بۆ بەدەست هێنانی چێژی چەند ساتێك بێت لەگەنجێتی و جوانیدا، بەڵکو خۆشەویستی میهرەبانی ئەم مێردە هەتا کاتی پیر بونو پاش لەناوچونی جوانیەکەشی هەر دەمێنێتەوە، چونکە دەزانێت ئەو ئافرەتە لە ژیانی نەبڕاوەشدا هەر هاوڕێیەتی، لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر ئافرەت تەنها مێردەکەی جوانیەکانی ببینێت و ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی بۆی، ئەمەش لەگەڵ پێویستیە مرۆییەکاندا یەك دەگرێتەوە، ئەگەر وانەکات ئەوە زۆر لە دەست دەداتو کەمی دەست دەکەوێت.

یەکێك لە حیکمەتەکانی هاوشانی بوونی نێوان پیاو ژن ئەوەیە واتە: ئەوو دوو مرۆڤە هاوشانو چونیەکبن، گرنگترین خاڵی هاوشانی بوون ئەوەیە لەدیندا هاوشانی یەکتریبن، ئەو خێزانە چەند بەختەوەرن کاتێك پیاو دەبینێت ژنەکەی دیندارە ئەمیش چاوی لێدەکات و شوێنی دەکەوێت، بەبۆنەی ئەوەوە ئەمیش دەبێتە خاوەن دین، بۆ ئەوەی لە ژیانی نەبڕاوەدا هاوسەرە بەوەفاکەی لەدەست دەر نەچێت، ئەو ئافرەتەش چەند بەختەوەرە کە دەکەوێتە شوێن دینداری مێردەکی، لەوە دەترسێت لە ژیانی نەبڕاوەدا لەگەڵ ئەم هاوسەرە بەڕێزەیدا نەبێت.

## حیکمەتی سێیەم:

بەختەوەری خێزانی بەمتمانە بەخشین لەنێوانەو هاوسەرانو خۆشەویستیو ڕێزگرتن بەردەوام دەبێت، خۆ ئارایشتکردنو خۆ دەرخستن کەلێن دەخاتە ناو ئەو متمانەوەو خۆشەویستو ڕێز لەناودەبات. بۆنمونە: نۆ لە دە ئافرەتانەی ئارایشتدەکەن، خۆیان لەبەردەم پیاواندا دەردەخەن، لەوکاتەدا تەنها یەك ئافرەتیان دادەنێن لەژنەکانیان جوانتربێت، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە ژنەکانیان ناشرینترن، بۆیە ئافرەت لەڕوی دەرونییەوە ئەمەی لا باش نییە. بۆ

پیاوانیش بەهەمان شێوەیەە ئەگەر لە بیست پیاو تەنها یەك پیاو دەبینن لە مێردەكانیان ناشرین ترن بەڵام (١٩)تریان لە مێردەكانیان جوانترو كەشخەترن، ئەم كارانە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستێكی نزم لایان، كاتێك بەخۆی دەزانێت ئافرەت هەستێكی بێزراو ناشرین لە دەرونیدا دەنگ دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆشەویست پاكو ڕێزگرتنە بێگەردە لەناو نامێنێت، لەبەر ئەمە:مرۆڤ ناتوانێت سروشتی خۆی والێبكات هەستێكی نزكی ئاژەڵی بەرامبەر بە كەسە نزیكەكانی —وەك خوشك- بەكار بهێنێت، چونكە پەیوەندی نێوان كەسە نزیكەكان خۆشەویستو ڕێزگرتنێكی تەواو پاكو ڕاستییە لەناخی خزمایەتییەوە هەڵدەقوڵێت. ئەم هەستەی جوامێرانە سنورێك دادەنێت بۆ چێژوەرگرتنن و ئارەزوبازی، ئەوەی كە دروست نییە دەربخرێت بۆ پیاوی بیگانە بۆنمونە: قاچەكان، لەكاتی لەناوبردنی ئەم پەیوەندییە لای مرۆڤە نەخۆشەكان شتێكی دەرونی دروست دەبێت بەرامبەر بەو كەسە نزیكانە. تەماشاكردنی كەسە نزیكەكان لەبەر ئەوەی كە بەهۆی خزمایەییەوە جیادەكرێتەوە لەسەیركردنی كەسی بێگانە بۆی، لەبەر ئەمەیە دەرخستنی ئەو شوێنانە بۆ مەحرەمو بێگانە وەك یەك وایە، ڕەنگە ببێتە هۆی وروژاندنی هەندێك مەحرەمی نزیك بەهۆی نەخۆشی دەرونیانەوە، ئەمەش تەماشاكردنێكی ئاژەڵیانە بەرامبەر بە مەحرەمەكان.

## حیكمەتی چوارەم:

هەموان حەزدەكەین نەوەی زۆر بخەینەوە، هیچ نەتەوەو وڵاتێك نییە هەست بە خستنەوەی نەوەی نەكات، پێغەمبەر (ρ) دەفەرموێت: "هاوسەرگیری بكەنو با منداڵتان ببێت من شانازیتان پێوە دەكەم لە ڕۆژی قیامەتدا" (روه عبدالرازق والبهقی). دیارە لابردنی حیجابو دەرگاكردنەوەیەكە بەڕوی ئاراشیتو خۆدەرخستندا، سنوردادەنێت بۆ هاوسەرگیری و كاردەكاتە سەر كەم كردنەوەی نەوەش، گەنجان هەرچەندە

ڕۆچووبن له خراپەکاریو حەڵاڵکردنی حەرامەکان، هێشتا سروشتی وایە ئارەزوی هاوسەرێکی پاكو ڕەوشت بەرزی دەوێت، نایەوێت خێزانەکەی وەك ئەو ڕۆبچێت لەخراپەو خۆ دەرخستندا، دەبینیت زۆربەی ئەو پیاوانە داوای ئافرەتی داوێن پاك دەکەن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن. بەڵام ئافرەتان وەك پیاوان نین، بەشێوەیەك ناتوانن مێردەکانیان هەڵبژێرن؟!!

لەهەمان کاتدا ناتوانیت وڵاتەکەمان بە وڵاتانی ئەوروپی بەراورد بکەین، لەو زەویە ساردەدا منداڵانی سارد دور لەکەشی کۆمەڵایەتی لەدایك دەبن، ئەو خۆ دەرخستنە نابێتە هۆی ورژاندنی لایەنی جنسیەکانیان، بەشێوەیەك سنور ببەزێنێت، بەشێوەك بگاتە ئاستی زۆر ڕۆیشتنو نوقوم بوون لەناویدا، بەتایبەت هەندێك مرۆڤ هەن زۆر هەستیارن بە بچوکترین جوڵانەوە دەوروژێت، وەك لەناوچە گەرمەکاندا لای خۆماندا ڕوودەدات. ئەمە دەبێتە هۆی داڕوخانی هێز و لاواز بوونی نەوە خستنەوە.

ئینجا لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە خەڵکی شارەکان ناتوانن چاو لە خەڵکی لادێکان بکەنن ئەوان زۆربەیان خۆیان گورج کردوەتەوەو خەریکی کارکردن، هەموو هێزو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزی ڕۆژانەیان، زۆرجار ژنان هاوکاری پیاوان دەکەن لەکارەکانیاندا، بۆیە ئەگەر بەشێکی جەستەیان دەربکەوێت نابێتە هۆی ورژاندنی ویستەمەنیە ئاژەڵیەکان، لەهەمان کاتدا لەگوندەکاندا خەڵکی تەمەڵو بێکار نییە، وەك لەشارەکاندا بونیان هەیە، خراپەی گوندەکان ناگاتە لە ١٠٪ی خراپەکانی ناو شارەکان، لەبەر ئەمە نابێت نمونەی تێکەڵاوی و لێك نزیك بونەوە لەنێوان پیاو ژندا گوندەکاندا بەراورد بکەیت بە تێکەڵ بوونی ژنو پیاو لەشارەکاندا.

ββββββββ

## دووەم/ دۆسیەی زیاد لەژنێك

ئەو مەدەنیەتەی ئێستا هەیە ڕێگە نادات پیاو لەیەك کاتدا چەند ژنێکی هەبێت، ئەوان دەڵێن ئەو حوکمە قورئانە پێچەوانەی حیکمەتو بەرژەوەندی مرۆڤەکانە.

ئەگەر حیکمەتو فەلسفەفەی هاوسەرگیری کورت بکەینەوە تەنها لەسەر چێژو شەهوەت، ئەوە ئەبوایە کارەکە بەپێچەوانەوە بوایە — واتە ئافرەتێك چەند پیاوێکی هەبوایە- بەڵکو فەلسفەی هاوسەرگیری جێگیرەو هەموو زیندەوران شاهیدن لەسەر ئەمە، بۆ نمونە جووت بونی نێوان گژوگیاك فەلسفە لەهاوسەرگیریدا و مەبەست پێی: زۆر بونی نەوەو خستنەوەی منداڵ بوونە، بەڵام ئەو چێژەی لەنێوان ژنو مێردا هەیە تەنها لەپێناو ئەو مەبەستە سەرەکیەدا دانراوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەجوانی ئەو ئەرکەی سەرشانی ئەنجام بدات. مادام مەبەستی سەرەکی لە هاوسەرگیری منداڵ بوون ومانەوەی نەژانی مرۆڤایەتییە، ئافرەتیش لەساڵێکدا تەنها دەتوانێت یەك منداڵی ببێت، وە لەمانگێکدا نیوەی دروست نییە لەگەڵی سەرجێگای بکەیت، ئافرەتان تەمەنێکی دیاری کراو دەتوانن منداڵیان ببێت دوای ئەوە تەمەنی بێ ئومێد بوون ڕودەدات لەناویاندا کەتەمەنی (٥٠) ساڵییە، بەڵام پیاو دەتوانن تەنانەن لە (١٠٠) ساڵیشدا نەوە بخەنەوە، بۆیە مەدەنیەت لەم ڕوەشەوە توشی خراپەو بێ ئومێدی بوون.

## سێهەم/ دۆسیەی بەشە میراتی بۆ ئافرەتان

لێرەدا تەنها باسی دوو بابەتە دەکەین کە مەدەنیەتی ئەمڕۆ بەهۆی کەمی ئاستی تێگەیشتنیانەوە ناتوانن لەم موعجیزەیەی قورئان تێبگەن، ئەم دوو نمونەیەش بوەتە قسەی سەر زاری ئەو کەسانە، لێرەدا ستەمو زۆرداری

مەدەنیەت دەردەکەوێت  لە شارستانی نوێدا، کە پێچەوانەی قورئان قسە دەکەن‌و ئەم مافانە وەك خۆیان وەرناگرن:

**بابەتی یەکەم:**

**حوکمی قوئانی کە دەفەرموێت: ﴿فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثيَيْنِ﴾. النساء١٧٦.**

**لەیەك کاتدا رۆحی دادگەری‌و چاوی بەزەیی لێرەدا دەردەکەوێت.**

ئەگەر بە بیرکردنەوەو تێڕامان وردبینەوە لەم حوکمە دەبینین زۆر دادگەرانەیە، چونکە کاتێك پیاوێك ژنێك مارەدەکات، هەموونەفەقەی ئەو ژن هێنانە دەکەوێتە سەری، ئەمە نەریتی زۆربەی کۆمەڵگەکانە، بەڵام ژن کاتێك هاوسەرگیری دەکات دەڕوات بۆلای پیاوێك هەموو تێچووی مارەییەکە دەکوێتە سەر مێردەکەی، بەشە میراتیەکەی لەگەڵ خۆی دەبات بەبێ ئەوەی هیچی لێ سەرف بکات... لێرەدا میهرەبانی ئەم حوکمە قورئانە دەردەکەوێت، چونکە ئەو ئافرەتە ناسکە زۆرتر پێویستە بە ناز هەڵگرتن‌و بەسۆز نواندن دەبێت بەرامبەری، ئەو سۆزەی باوکی هەیبوە بۆی ئێستا دەبێت براکەی بۆی هەبێت بەپێی ئەو حوکمە قورئانیەی کە دانراوە بۆی، بۆیە باوکی بەو شێوە چاودێری دەکرد بۆ ئەوەی بی پارێزێت لە هەموو خراپەیەك، بەهۆی ئەو سۆزی باوکیایەتیەوە هەرگیز بیری لەوە ناکاتەوە ئەم کچە دەبێتە هۆی ئەوەی نیوەی سامانەکەی ببات بۆ کەسێکی بێگانە.

کاتێك خوشکەکەی دەبینێت براکەی نە ململانێی دەکات وە هیچ ئاژاوەیەکیش دروست ناکات، براکەشی دەبینێت خوشکەکەی هیچ باکی لە بەشی براکەی نییە، ڕەنگە نیوەی سەروەتەکەی باوکی بدات بە کچەکە، واش نازانێت ئەو پارەی داوە بە کەسێکی بێگانە. پاکی ئەو بەزەی‌و میرهرە بانیە هیچ ڕق‌و کینێت نای هەژێنێت‌و لێڵی ناکات. ئەو ئافرەتە کە خاونی سروشتێکی نەرم و نیانە بەشێوەیەکی ناسك دروستکراوە، لەم حوکمەبەدا

بەڕووکەش شتێکی کەمتری وەرگرتووە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی سەروەتو سامانێکی زۆر بەنرخی دەستکەوتوە کە کۆتایی نایەت ئەویش سۆزو میهربانی هەڵسوکەوتی شیاوی نزیکەکانیەتی. ئەگەر بەم چاوە سەیری بکات ئەوە لەبەشی خۆی زیاتری دەستکەوتووە، بەو شێوەی هەست بکات هەموو ئەو میهرەبانیە مافی خۆیەتی، بەردەوامیش ئەو میهرەبانییە لەزیاد بوندایە، چونکە ئەو پەروەردگار هەرگیز ستەم لە بەندەکانی ناکات، لەم سەردەمەدا دەرگایەکی وەحشی گەرایی لەسەر دەرونی هەندێك کەس کراوەتەوە، بۆ ئەنجان دانی گەورەترین ستەم بەرامبەر ئافرەتان، زۆر خراپتربوو لەو ستەمانەی لەسەردەمی نەفامیدا دەکران وەك لەناو بردنی کۆرپەلە ئەگەر کچ بوایە لەجیاتی زیندە بەچاڵی کچان (ود البنات) ئێستا داڕوخانی کچان (أدهم البنات) هەیە، هەموو فەرمانەکانی خودا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییەو هیچ ستەمێکی تیا نییە بۆیان، بەتایبەت ئەم حوکمەی کە باسمانکرد بەڕاستی جوان دەفەرموێت ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾. الأنبیاء١٠٧.واتە: ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە (ئەی محمد(ρ)) بۆ ئەوە نەبێ کە ببیتە رەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیانداران‌و رووەك‌و پەری،،،هتد).

ββββββββ

## بابەتی دووەم:

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلأُمِّهِ السُّدُسُ﴾. النساء١١.واتە: ئەگەر جگە لە لە دایك‌و باوکی براو خوشکی هەبوو ئەوە شەش یەکی میرات بۆ دایکی دەبێت.

خاوەنی بیرو باوەڕی مەدەنیەت وەك لە پێشوودا باسمانکرد چەند ستەمیان لە کچان کردووە، بەهەمان شێوە وەك ئەو ستەمەی پێشوو لێرەدا بەرامبەر بە دایکەکان دووباردەکەنەوە دەڵێن: نابێت دایکان هچ بەشێك بەرن لەو میراتیەی لەکوڕە مردوەکەیان لێی بەجێ ماوە. بەڵام شەریعەتی ئیسلامی (شەش لەیەکی بۆ واجب کردوون).

شەفەقەتو میهرەبان و نەرمو نیانی دایکان دیارییەکی پەروەردگارە، نەك دیاریەکی ئاسایی بەڵکو بەنرخترینو پڕ بەهاترین بەخششە، دایکان بڵندترین نمونەی خۆبەخشیو بەخشندەیین، دایکان بەگیان و ژیانی دونیایان قوربانی دەدەن لەپێناو منداڵەکانیاندا، مریشك کە بچوکترینو سادەترین نمونەیی دایکە لەگیانداراندا، کەچی بەشێکی زۆر زۆری لەو شەفەقەتە وەرگرتووە، لەپێناو پاراستنو گیان فیدایی بۆ جوجەڵەکانی هیچ  دوو دڵ نییە هێرش بکاتە سەر سەگێك، نەك هەر سەگ بەڵکو بێباکە لەوەی هێرش بکاتە سەر شێرێکیش، ئەگەر چاریشیان نەکات خۆی بەخت دەکات لەپێناو دوور خستنەوەیان.

بێبەشکردنی دایکەکە لە وماڵەی کوڕەکەی بەجێی هێشتووەو دەستی لە پاش هەمانەکە  دەرچێت، ستەمێکی گەورەو تاوانێکی زۆر ناشرینە، سوکایەتیە بەرامبەری ئەو دایکەو کوفرانەی نیعمەتە، ئەو ڕاستیەی ئێستا بۆیان دیاری کردوە عەرشی پەروەردگار دە هەژێنێت. ئەمە پلانێکی ژەهراوییە دژی بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی گێڕاویانە. ئەگەر یەکێك هەست بەم وحوشە بەشەریە نەکات بانگەشەکەیان لەخزمەت ئەوەدایە، مرۆڤ خۆی ڕاستیەکە دەبینێت، دەزانن حوکمی حەکیمی قورئانی کە دەفەرموێت (فلأمه السدس) سەرچاوەی ڕاستی و جەوهەری عەدالەتە.

## چوارەم/ دۆسیەی کارکردنی ژنان

پیشەوا (نورسی) خۆ خستوەتە ناو بابەتێکی زۆر هەستیارو مەترسیدار، دیدی ئەو بۆ کارکردنی ئافرەتو گونجانو نەگونجانی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا

لێكداوەتەوە. هێشتا ئەو گفتوگۆیە بەردەوامە كۆتاییەكەی دیاری نەكراوە، بەڵكو ئەو بڕیاری خۆی داوە دەڵێت: كاركردنی ئافرەت هەندێكجار گرنگە، لەم كاتانەدا فەزری كردوە بەمەرجێك ئاگای لە بیروباوەڕی بێت، بە بیانوی ئەوەی ئەوە پێویستیەكی ژیانە هاوكارێك دەبێت بۆی، تا مل كەچی فەرمانی مێردێكی دوور لەپەروەردەی ئیسلامی بكات كە ئاڵودەی گوناهو خراپەكارییە، یان ئەوەتا لە بیرو باوەڕی دووری دەخاتەوە یان بەئازادی بیرو باوەڕی خۆی پیادە دەكات.

بەڵام بۆ دەرچونی ئافرەت بۆ كاركردنی چەند مەرجێكی بۆی دیاری كردووە:

★ ئەبێت سەنگی خۆی لەدەست نەداتو خۆی ئاراشیت نەكات، دەست بگرێت بە بنەماكانی شەریعەتی ئیسلامیەوە.

★ ئەو كارەی بۆی دەچێت ئەبێت پێویست بێت، شەریعەتی ئیسلامی حەڵاڵی كردبێت.

★ ئەو ڕۆشتنەی نەبێتە هۆی ڕێگری لەبەردەم جێبەجێ كردنی پێداویستیەكانی ماڵو منداڵەكانیدا.

ڕەخنە لە یاسایی مەدەنی ئەمرۆ دەگرێت و دەڵێت:

★ ئەو یاسایە ژنانیان سەرگەردان كردوە كاتێك لەماڵەكانیان دەریان دەكەن، پێویستە ژنان بگەڕێنەوە سەر ڕێبازی خۆیان.

★ مەدەنیەت دەیانەوێت ژنان لە ماڵەكانیان بێنە دەرەوەو سوكایەتی بە كەسایەتیان دەكەن، وەك كاڵایەك بەكاریان دەهێنن، لەكاتێكدا شەریعەت بانگمان دەكات بۆ ئەوەی ئافرەتان بڕۆنە ماڵەكانیان. لەوێ كەسایەتیان دەپارێزرێت، ئارامی ئافرەتان زیاتر لەماڵەكانیان دەبێت، گەورەی و پاكیو شەفەقەتو ڕێزیان لەماڵەكانیان زیاترە، هیچ هێزێك ناتوانێت ئەم گومانە خراپانە لابەرێت مەگەر ئیرادەو ویستێكی ئاسنین.

★ ئەگەر پیاوان خۆیان ناسك كردەوەو خۆیان كرد بە كچ، وە ژنانیش خۆیان كرد بەپیاو ئەمە مانای ئەوەیە تێك چونی كۆمەڵگەیە.

★ ئەگەر ئافرەتان خۆیان دەرخست بەبێ هیچ مەرجێك، ئەوە دەبێـتە دەرکەوتنی خوی خراپە لەناو مرۆڤدا.

★ ئەمە دیمەنی تەرمی بچکۆلەیەکە، مردنی خەندەکانە، ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ دەرکەوتنی جەوهەری رەعنا، کاریگەری زۆر مەترسیدارە: ئەگەر بە چاوێکی ئارەزوبازی تەماشای لەش‌و لاری ئافرەت بکرێت، بەڵگەیە لەسەر سوکی دەرونەکان‌و لەدەست دانی هاوسەنگی، ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە بە شەهەوەتەوە تەماشای جوانی مردوویەك بکەیت کاتێك ئەو تەرمە زۆر پێویستی بە بەزەیی هەیە، ئەوە دەبێتە هۆی پلیشانەوە ئەو ڕحیەتە مەزنە.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا زۆر ڕێزو خۆشەویستمان هەیە بۆ تیۆریاکەی مامۆستا نورسی بەرامبەر بە ئافرەت، بەڕاستی بۆچونەکانی لەکانیاوی زولاڵی شەریعەتەوە هەڵقولابوون، کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ویژدانی ژنان، لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی دەبێت لە بەخەبەر هێناهنەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی. نزای خێری بۆ دەکەین زۆر هەوڵی چارەسەری هەندێك دۆسیەی هەستیاری ئافرەتی داوە کە ڕۆژئاوا هەمیشە ئەوانەیان وەك ڕەخنەیەك بەکار هێناوە، ئەوان دەیانەویست لەڕێگەی ئەو دەلاقانەوە بێنە ناو بیر و باوەڕی بەهێزی ئافرەتانی موسوڵمان، پێشەوا نورسی ئەمەی ڕوون کردوەتەوە: شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی هەموو میهرەبانی و یەکسانی‌و دادگەریە، بۆ پارێزگاری لە ئافرەت‌و پاراستنی مافەکانیان زۆر پێداگری کردووە، هەر ئەم پێداگریەشە بوەتە هۆی تەقینەوەی کانیاوی ئیمان‌و خۆشەویستی بۆ دین لەناخی  هەموو ژنێکی موسوڵماندا، کاتێك دەبینێت شەریعەت ئەو هەموو ڕێزەی لێناوە، پلەو پایەی بەرزکردوەتەوە بۆ لای هەورەکانی ئاسمان.

## دوا ووتە

لە كۆتایی گەشتەكەمان: پەنا دەگرم لەژێر سێبەری ئیسلامدا، شانازی دەكەم كە من موسوڵمانم، سەربەزییە ئیسلام شكۆمەندی و ڕێز و ئازادی پێ بەخشیوم، لەكاتێكدا ئافرەت لەسەردەمەكانی پێشوودا ئەو هەموو مەینەتیەی بەسەردا هات ئیسلام هات و بەو خەزێنە پڕانەیەوە باوەشی بۆ ئافرەت كردەوە، بەشێوەیەك ئەو هەموو ماناكانی بەخشیبوو بە ئازادی ئافرەتان لە هیچ جێگەیەكی تردا ئەو ڕاستیە دیار نەبوو.

ئەمە جێگەی شانازیمەو بەو پەڕی بیرو باوەڕەوە ئەم قسانە دەكەم، ئەمەویێت فیڵ‌و تەڵەكەی دووژمنان بكەمەوە بەگەردنی خۆیاندا، ڕووی ئەم وتانەم دەكەمە ئەو كەسانەی بانگەواز بۆ ئازادی ئافرەت و شارستانیەت‌و مەدەنیەت دەكەن و دەڵێم:

⋆ بەوانەی شانازی دەكەن كە ژنی ئەم سەردەمی نوێگەری و مەدەنیەتن دەڵێم: ئەتوانن شارستانیەتێك لەنەبوونەوە دروست بكەن! بەبێ سەروەت‌و داهاتی ئابوری؟ وەك ئەوی خاتو هاجركردی!!! كاتێك ئیبراهیم لە بیابانێكی وشكی بێ ئاوی چۆڵدا بەجێی هێشت، بەبێ چاودێرییەك — جگە لەوەی ئیبراهیم زۆر یەقینی بە خودا هەبوو بۆیە بەجێی هێشت- لەگەڵ ئەوەشدا منداڵێكی شیرە خۆرەی لەگەڵدابوو هیچ تواناو دەسەڵاتێكی نەبوو. بەڵكو گرنگترین ئەمانەتی لەگەردندابوو، هەموو هەستەكانی دایكایەتیشی تیابوو، كاتێك كە خەریك بوو توشی لەناو چون و تیاچون بوو، ڕووی كردە خودای پەروەردگار بە كوڵ پاڕایەوە، بەردەوامیش هاتو چۆی دەكرد لەنێوان صەفاو مەروە. زۆر متمانەی بەخودای خۆی هەبوو دەیزانی كە هەرگیز بێ هیوای ناكات، چونكە ئەو بەڵێنی بە بەندەكانی داوە، خودای پەروەردگار ئاوی لەناو زەویەكە وەك

کانی بۆ درهێنان، کردی بە سەرپەرشتی کارێکی پێغەمبەر، کردیشی بە بونیات نەری شاری مەکە، ئەمانە چەندین لایەنێکی مەترسیدارن هیچ پیاوێکی ئەم سەردەمە ناتوانێت ئەو ئەرکە قورسە هەڵبگرێت.

⋆ ئەوانەی شانازی دەکەن کە ژنی سەردەمی نوێگەری و مەدەنیەتن دەڵێم: دەتوانن ئەوەی کە خاتو خەدیجەکردی بۆ پاراستنی دینی محمد ئێوەش بیکەن! کاتێك پێغەمبەر (ρ) توشی ناڕەحەتییەك بوبو لەناو دۆڵەکانی مەکەدا، بوە هۆی پاراستنی ئەم بانگەوازە لەکاتێکدا ساوابوو بەماڵو سەروەتو سامانو ڕۆحو گیانی. ئەو خانمەی هەمووومان قەرزداری ئەو هەموو گەورەییی ئەوین، کاتێك لەگەڵ پێغەمبەر (ρ) بەشداری دەکرد بۆ ئاسانکردنی گرانی وەحی لەسەری، چی پشتگیرییەك لەو بورکانە دەرونییەی کە ئەو کاتە خۆشەویست (ρ) تیایدابوو، گەورەترین پشتیوان بوو، قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵی، دڵی جێگری دەکردو بەردەوام بەوشە ژیرانەو بەئەزمونەکانی هەمیشە هانی دەدا، ئەو بەکردەیی کاری لەگەڵکرد، کاتێك پێکەوە ڕۆشتن بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل کوڕی مامی بوو.

بۆیە ئەم کارەی کرد بۆ ئەوەی بەڵگە تیۆریەکانیش لەگەڵ بەڵگە کردەییەکاندا یەك بگرێتەوە. ئەگەر پلەو پایەی بازرگانی و گەورەیی و متمانەی ئەم نەبوایە ڕەنگە کافرانی قورەیش زۆر بەئاسانی بیان توانیایە ئەوکاتە دەست بگرن بەسەر ئیسلامداو ئابوری بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

★ ئەوانەی شانازی دەکەن کە ژنی سەردەمی نوێگەری و مەدەنیەتن پێیان دەڵێم:

خاتو عائیشە بە وردییەکی زۆرەوە هەستاووە بە گواستنەوەی زۆر سونەتی پێغەمبەر (ρ)، بۆ ماوەی نیو سەدە پاش وەفاتی پێغەمبەر (ρ) نزیکی (٢،٢١٠) فەرمودەی کۆکردوەتەوە، توانایەکی بلیمەتی هەبووە لە دەرهێنانی حوکمە شەرعیەکان لەو فەرمودانەدا.. دەڵێن: چوار یەکی حوکمە شەرعیەکانی ئیسلام پشت دەبەستێت بەو فەرمودانەی ئەو گێڕاونیەتەوە. ئەویش بەهۆی ئەو توانا زانستیەو شارەزابوونی لەدیندابووە، بوەتە هۆی متمانە پێ بوونی هەمولایەك. (عبدالله ی کوڕی عەباس) یەکێکە لەو هاوەڵانەی زۆر شارەزابووە لەزانستدا، تەنانەت بە دەریای زانستی ئومەت دەناسرێت، وەك قوتابییەك وانەی لای خاتو (عائیشە) خوێندووە، چەند هاوەڵ و شوێنکەوتوانی تریش وانەیان لاخوێندووە. ئەبو موسای ئەشعەری دەربارەی دەڵێت: "هەرجارێك کێشەکمان هەبووایە –هاوەڵانی پێغەمبەر (ρ)- لەسەر فەرمودەیەك پرسیارمان لە خاتو (عائیشە) دەکرد، ئەو شتێکی دەربارەی فێردەکردین".

★ (خەنسا)ی شاعیر کاتێك لەسەردەمی نەفامیدا لەتەمەنی گەنجیدابوو هەواڵی کوژرانی براکەی زانی توشی شۆك بوو زۆر لاواندنەوە و شیوەنی بۆ دەکرد، بەڵام کاتێك ئیسلام هات ئەو گیان فیدائییەی کەکوڕەکانی دایان بۆ ئیسلام کاتێك ڕوفاتی چوار کوڕەکەیان هێنا –لەسەرەتای گەنجیاندابوون- لەجەنگی قادسیەدا شەهید بوبون، کاتێك هەواڵی شەهید بونی ئەو چوار کوڕەیان پێدا لەپێناو ئیسلامدا شەهید بووە وتی:

"سوپاس بۆخودا شەرەف مەندی کردم بەشەهید بونی کوڕەکانم". لەکاتێکدا لەم تەمەندا زیاتر پێویستی بە هاوکاری دەستگیرۆی هەبوو..

⋆ کاتێك پێشەوا (بوخاری) دەستیکرد بە خوێندن، تەمەنی (١٤) ساڵان بوو کاتێك زانیان توانای وەرگرتن زانستی باشی هەیەو، دەستی کرد بە فێروبنو خوێندن زانستێکی زۆری وەرگرت لەناو زانایاندا هەستیان بەزیرەکیو بێوێنەی کرد، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانیەو فێرکردنەی لەکاتی سەرەتای تەمەنیدا بوو بەهۆی دایکیو خوشکەکەی فێری بوو بوو. دەگێڕنەوە کە پێشەوا (ابن جوزی) زانستە سەرەتاییەکانی لای پوری خوێندووە.

لەپێناو ئەمەدا ئیسلام ئافرەتانی ئازادکردووە، بۆ ئەوەی دەستی هەبێت لە ڕاپەڕینی ڕابونی ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی زانستیو عەقیدەیی. ئێمە لەکوێی ئەو مانا بڵندەین؟!

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا هیچم پێناکرێت جگەلەوەی سەرەتا ئامۆژگاری خۆم دەکەم، پاشان ئامۆژگاری ژنای موسوڵمان دەکەم لەهەموو جێگایەك: دەست بگرن بەئیسلامەوە بۆ ئەوەی دڵە مردووەکانمان زیندوو بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئازادیەی کە دیاری کردووە بۆ ئافرەتان بەدەستی بهێنن... ئەمە ڕێزو شکۆیەکی گەورە ئەگەر بیزانین زۆر شکۆمەندتر دەبێت.

سوپاس بۆخودای پەروەردگار.

٧٧٧٧٧٧٧٧

# نێوەڕۆك



| ز | سەرباس | ل |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی وەرگێڕ | ٣ |
| ٢ | پێشەکی نوسەر | ٦ |
| ٣ | بەشی یەکەم<br>ڕۆڵی ئیسلام لە ئازادکردنی ئافرەت | ١٢ |
| ٤ | باسی یەکەم/ پێگەی ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامدا | ١٢ |
| ٥ | باسی دووەم/ دەرکەوتنی ئازادی ئافرەتان لەگەڵ هاتنی بەرەبەیانی ئیسلام | ٢٠ |
| ٦ | باسی سێهەم/ شەریعەتی ئیسلام لەنێوان ویژدان و بێ ویژدانی دا | ٢٧ |
| ٧ | بەشی دووەم<br>ڕێبازی شەریعەت لە ئازادکردنی ئافرەت | ٣٢ |
| ٨ | باسی یەکەم/ ئازادی ئافرەت هەر لە لانکەکەیەوە | ٣٢ |
| ٩ | باسی دووەم/ ئازادی ئافرەت لە تەمنی گە نجێتیدا | ٣٧ |
| ١٠ | باسی سێهەم/ جیاوازی نێوان سەربەستی ڕەهاو سەربەستی سنوردار | ٣٨ |
| ١١ | باسی چوارەم/ سەربەستی ئافرەتان لە خوێندن و فێربوندا | ٤٣ |
| ١٢ | باسی پێنجەم/ ئازادی ئافرەتان لە گوزارشت کردن لە بیروبۆچونەکانی | ٥١ |
| ١٣ | چەند نمونەیەك لەسەر ئازادی بیروڕای ئافرەتان لە ئیسلامدا | ٥٥ |
| ١٤ | باسی شەشەم/ ئازادی ئافرەتان لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و ئایندەیان | ٥٩ |
| ١٥ | باسی حەوتەم/ ئازادی ئافرەتان لە دوای چونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری | ٦٣ |
| ١٦ | بەشی سێهەم<br>ڕوانگەکانی ئازادی ئافرەت دوای پرۆسەی هاوسەرگیری | ٦٥ |
| ١٧ | ئافرەت و مافی مامەڵەکردن بە خاوەنداریێتییەوە | ٦٥ |
| ١٨ | ئازادی ئافرەتان لە بە ئە نجامگەیاندنی پەرستشەکاندا | ٧٢ |
| ١٩ | ئازادی ئافرەتان لە خزمەتکردنی مێردەکانیان | ٧٥ |
| ٢٠ | ئازادی ئافرەتان لە ڕێکخستنی دووگیانی و شیردان بە منداڵ | ٨٠ |
| ٢١ | ئازادی ئافرەتان لە بەردەوامبون یاخود کۆتایی هێنان بە پرۆسەی هاوسەرگیری | ٨٥ |
| ٢٢ | ئازادی ئافرەت لە بەخێوکردنی منداڵەکەی | ٩٢ |
| ٢٣ | گرێبەستی هاوسەرگیری هەمو مافەکانی ئافرەتی بە باشی دەستەبەر کردووە | ٩٦ |
| | | |

| | | |
|---|---|---|
| | **بەشی چوارەم**<br>**تیۆریای مامۆستا نورسی لەسەر ئافرەتان** | ١٠٨ |
| ٢٥ | **پێش گوتن** | ١٠٨ |
| ٢٦ | **دەرخستنی ووزە شاراوەکانی ئافرەتان** | ١١١ |
| ٢٧ | **زیندوکردنەوەی گیانی شانازی کردن بە ئەرکی ئافرەتان لە ژیاندا** | ١١٢ |
| ٢٨ | **ڕونکردنەوەی ڕۆڵ و گرنگی ئافرەتان وەك پیاوان** | ١١٣ |
| ٢٩ | **جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی هاوسەرگیری قەڵای پاراستنی ئافرەتە** | ١١٤ |
| ٣٠ | **گرنگی هەڵبژاردنی مێردێکی شایستە** | ١١٦ |
| ٣١ | **بانگەشەکردنی پێشەوا نورسی بۆ چاودێری کردنی مافەکانی ئافرەت** | ١١٨ |
| ٣٢ | **چەند دۆسیەیەکی تایبەت بە ئافرەتان** | ١٢١ |
| ٣٣ | **دۆسیەی بالاّ پۆشی** | ١٢١ |
| ٣٤ | **دۆسیەی زیاد لە یەك ژن** | ١٢٦ |
| ٣٥ | **دۆسیەی بەشە میراتی ئافرەت** | ١٢٧ |
| ٣٦ | **دۆسیەی کارکردنی ئافرەتان** | ١٣٠ |
| ٣٧ | **دوا ووتە** | ١٣٢ |


ﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡﱡ

**﴿يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾**.سورة النساء، الآية: ١٩.

ωωωωωωωωωωωωωωωωωωω